ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٩ ■ یەکشەممە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ _ ٢١ی ئاگوستی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا



- کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی | ٣
- دانپێدانانی زۆرەملی، کاڵبوونەوەی چاوی نەیار | ٥
- فێمینیزمی ئێرانی و پرسی ژنی کورد لەم فێمینیزمەدا | ٧
- ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ٨


## یەکگرتنەوەی دێموکرات

# دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی حیزبی دێموکرات



### لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە

دوای ١٦ ساڵ دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و دوای بەئاکامگەیشتنی وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوولایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە.

ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە، ٣٠ی گەلاوێژ لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە بە بەشداریی سەدان کادر و پێشمەرگە و، کەسایەتییە سیاسییە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو؛ حیزبە خۆشەویست و تێکۆشەرەکەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکی گرتەوە.

ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێ کرد. دوایە بەیاننامەی هاوبەشی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەلایەن خوشکە خەدیجە مەعزووری، ئەندامی ڕێبەری و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات خوێندرایەوە.

لە بەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا هاتبوو کە گومانی تێدا نییە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەدژی هەر عەقڵییەتێکی ناوەندگەرا کە فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران ڕەت بکاتەوە. هەروەها هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە هێزێکی شوێندانەری ئەوتۆ کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سەرانسەریدا، حیسێبی تایبەتی بۆ بکرێت. ئەم یەکگرتنەوەیە پاڵپشت دەبێت بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرنگەکانی حیزب. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە پیرۆزە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوتنەوە سەریەکی ئەو هەمووە سەرمایە مرۆیی و مەعنەوییە، پشتئەستوور بە جێگە و پێگە و ئێعتبار و خۆشەویستیی کەموێنەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان و، دڵگەرم بە دەرسوەرگرتن و وشیاری و ئەزموونی دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی ڕێبەری، کادرەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکرات، زۆر دەرفەتی نوێ بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنن.

لەو ڕێوڕەسمەدا و دوای خوێندنەوەی بەیاننامەی هاوبەش، بەڵگەنامەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەنێو چەپڵەڕێزان و فرمێسکی شادی و دڵخۆشی ئامادەبوواندا لەلایەن بەڕێزان کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزیەوە ئیمزا کرا.

کاک مستەفا هیجری لە وتارێکی کورت لەو ڕێوڕەسمەدا باسی لەوە کرد کە ئەم یەکگرتنەوە و یەکڕیزییە هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆ وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی گەلەکەمان بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە لە نێوخۆی وڵات نارەزایەتییەکان و خەباتی جەماوەریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنگیان بە کۆماری هەڵچنیوە و لە دەرەوەی وڵاتیش ڕێژیم پتر لە هەموو کاتێک بێزراوە و لەسۆنگەی پاڵپشتیی لە تیرۆریزمی دەوڵەتی و هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکە ئێعتبار و متمانەیەکی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا نەماوە. بۆیە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکخستنەوەی وزەی خەباتگێڕیی ئەم حیزبە تێکۆشەرە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانێکی نوێ وەبەر خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دەنێتەوە، هەم لە ئاستی سەراسەریدا شوێنی کاریگەری خۆی لە هاوپەیمانییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمدا دادەنێت.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەو بابەتە کە دوای قۆناغی یەکبوونەمان، بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە هیممەتی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان لەپێناو دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێدەکا و ئەو یەکگرتنەوەیە دڵنیایی ئەوە دەداتە خەڵکە مافخوازەکەمان کە حیزبەکەیان هەتا دواترووپکی سەرکەوتن لە سەنگەری بەرگری لە مافەکانی ئەواندا دەمێنێتەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کاک خالید عەزیزی، پیرۆزبایی ئەو یەکگرتنەوەی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە ئیلهامدەر و هەوێنی هەموو سەرکەوتنەکانی حیزب بوون و لە قۆناغە سەخت و ناخۆشەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا پشتی ڕۆڵەکانی خۆیان بەر نەداوە و بە هیممەت و توانای لەبننەهاتوویان حیزبەکەیان هەستاندۆتەوە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی زەروورەتەکانی یەکبوونەوە و پەیامەکانی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرد و تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە یەکگرتنەوە دەرفەت بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکا و هاوکات ئەرک و دەروەستیی زیاتر بۆ خەباتکارانی حیزبەکەمان دروست دەکا. هاوکات ئەو یەکگرتنەوەیە ئەو پەیامەش بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران، چالاکانی سیاسی و مەدەنی وخەباتکار لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەودەدا کە سەرکەوتن بە سەر کۆماری ئیسلامیدا پێویستیی بە یەکگرتن و پتەوکردنی ڕیزەکانیان و هاوکاری و خەباتی هاوبەش هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکگرتنەوەیە پشتقایمییەکی گرینگە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرینگەکانی حیزبی دێموکرات. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە مێژوویی و پیرۆزە بە پشتیوانیی لەبننەهاتووی کۆمەڵانی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕێوڕەسمی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات بە چەند سروود و ڕیزەگۆرانییەک و گەڕی شایی و شادیی بەشداران ڕازایەوە.

## بەیاننامەی هاوبەش

# یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان و خەبات




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە دۆستەکان!**
**تێکۆشەران، ئەندامان و سەرجەم دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات!**

بە خۆشحاڵی و شانازییەوە ڕادەگەیەنین کە سەرئەنجام وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەیشتە ئاکامی دڵخواز و، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی لێ کەوتەوە.

کاتێک لە سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی (دێسەمبری ٢٠٠٦)، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیدا، تووشی لێکدابڕان و جیابوونەوە بوو، ئەم ڕووداوە شەپۆلێکی گەورە لە نیگەرانی و بەداخبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی دۆست و دڵسۆزی ئەم حیزبەی بە دوای خۆیدا هێنا.

ئەگەرچی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەسەر دوو حیزبی جیادا دابەش ببوون، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ کات دڵانی خێریان بەم لێک جیابوونەوەیەدا نەنا و بە ڕەسمییان نەناسی. هیچ کات لە ڕەخنەلێگرتن و سەرکۆنەی ڕۆڵە دێموکراتەکانی خۆیان سڵیان نەکردەوە. هیچ کاتیش لە گوشارهێنان بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی هەر دوو لای دێموکرات و وەبیرهێنانەوەی پێویستیی یەکگرتنەوە، ماندوو و ناهومێد نەبوون. ئەوان لەنێو زەبروزەنگ و هەڕەشەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە هەر بۆنە و دەرفەتێک بۆ دەربڕینی داوای یەکگرتن و پەیامی یەکگرتنەوەخوازیی خۆیان سوودیان وەرگرت و سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات، ئەمانەت و سەرمایەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەلای ڕێبەران و تیکۆشەرانی ئەو حیزبە و، قبووڵ ناکەن ئەم ئەمانەت و سەرمایە، لەمە زیاتر بە دووپارچەیی و لێکدابڕاوی بمێنێتەوە. دیارە حیزبەکانی دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات لە ئێران و بەشە جیاوازەکانی کوردستان و زۆر لە کەسایەتییە خەباتکار و ئازادیخوازەکانیش، بەردەوام هاندەری دانوستان، ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنەی دێموکرات بوون. بە خۆشییەوە لەنێو ڕێبەری، تێکۆشەران و ئەندامانی هەر دوو لای دێموکراتیشدا، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، نەک تەنیا وەک ئەگەرێک، بەڵکوو وەک ئامانجێکیش، هیچ کات وەلا نەنرا و، ئاواتی یەکگرتنەوە و بیری یەکگرتنەوەخوازی بە تێپەڕینی ساڵەکان، نەک هەر کەمڕەنگ نەبۆوە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ پتر گەشایەوە.

ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، قۆناغێکی ناخۆش لە مێژووی خۆی کۆتایی پێ دێنێت. لە ماوەی ساڵانی لێکدابڕاندا، هەردوو حیزب لە زۆربەی مەیدانەکانی تێکۆشاندا دیار و چالاک بوون. پاش ساڵانێک دووری و لێکدابڕانی نەخوازراوی خەڵک و پێشمەرگە، جارێکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵات شایەتی حزووری پێشمەرگەی دێموکرات و فیداکاریی ڕۆڵەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکاندا بوون. پشتگیریی چالاکانی مەدەنیی نێوخۆ و پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە بێمافی و ستەم و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە گوتار و سیاسەت و تێکۆشانی ئەو قۆناغەی دێموکراتەکاندا گرنگییەکی تایبەتیی پێدرا. لە گۆڕەپانی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە مەیدانی پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکاندا، هەردوو حیزب هەوڵیان دا بە نۆرەی خۆیان نوێنەرایەتیی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. لە بواری ڕاگەیاندن، پەروەردە، ڕێکخراوە سینفییەکان، بایەخدان بە ژنان و لاوان لە ڕیزەکانی حیزب و لە بەرنامەی تێکۆشانیاندا، ئاوڕدانەوە لە تاوانەکان و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران لە بواری مافی مرۆڤ و لە پێوەندی لەگەڵ بەندییە سیاسییەکاندا، لە مەیدانی گرنگیدان بە گوتاری نەتەوەیی و شوناسخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر دوو لا بە تین و گوڕێکی نوێوە، قۆڵیان لێ هەڵماڵی.

لە ماوەی ساڵانی ئەم قۆناغەدا سەدان و هەزاران کەس لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە نەسلی نوێی لاوانی کورد، هاتوونە سەر ڕێبازی دێموکرات و تێکەڵ بە خەبات و تێکۆشانی دێموکراتەکان بوون. لەو ماوەیەدا سەرەڕای بارودۆخی سەرچاوەگرتوو لە لێکدابڕان، ئەم دوو حیزبە لە ژمارەیەک پلاتفۆرم و هاوپەیمانەتیی سیاسیی کوردستانی و ئێرانییشدا بەشدار و هاوکار بوون. لەگەڵ هەمووی ئەو ڕاستییانەشدا، قۆناغی ١٥ ساڵەی لێکدابڕان و پێکەوەنەبوون، بە قۆناغێکی نەخوازراو و ناسروشتیی مێژووی حیزبی دێموکرات دەزانین.

دەرس و ئەزموونەکانی ئەم قۆناغە لە مێژووی دێموکراتەکان بۆ لێفێربوون یەکجار زۆر و هەر لەو کاتەشدا گرنگن. لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە دەمانەوێ لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکرات هەڵدەینەوە، وەبیرهێنانەوەی هێندێکیان لە جێی خۆیدا دەبینین:

یەکەم، گومانی تێدا نییە ئەگەر حیزبی دێموکرات بە یەکگرتوویی مابایەوە و لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا، بە یەکپارچەیی بەشدار و ئامادە بوایە، دەرفەتەکانی بەردەمی خۆی باشتر دەقۆزتەوە، دەسکەوتی زۆر گەورەتری لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەدەست دەهێنا و، بەردەنگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان، زیاتر بە دەنگ داخواز و پەیامەکانییەوە دەهاتن.

دووهەم، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی دێموکراتەکان و ئامادەبوونیان لە ژمارەیەک لەو مەیدانانەدا کە ئاماژەیان پێ کرا، ئەگەر دەسکەوتی هەبووە، قوربانیی بەنرخیشی ویستووە. بە دەیان کادر، فەرماندە و پێشمەرگە و تێکۆشەری ئاشکرا و نهێنی لەو ماوەیەدا لەپێناوی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا گیانیان پێشکەش کرد. ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی دێموکرات تووشی بەندیخانە، ئەشکەنجە و ئێعدام یا دەربەدەری و ئاوارەیی بوون. هەر لەو ماوەیەدا دەیان سیمای ناسراو و تێکۆشەری لەمێژینە لە نەسلەکانی پێشووی دێموکرات، چوونە ڕیزی نەمران. جێی خۆیەتی لەمڕۆژەدا وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە ئاواتی هەموو شەهیدان و نەمرانی ئەو ماوەیە لە دواساتەکانی ژیانیاندا، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بوو کە زۆربەی ساڵانی تەمەنی خۆیان تێدا تێپەڕ کردبوو.

سێهەم، ئەزموونی تێکۆشانی بەجیای هەر دوو لای دێموکرات لەم ماوەیەدا سەلماندی کە لێکدابڕان ناتوانێت ڕێگەیەکی سەرکەوتوو بۆ دەربازبوون لە کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکان بێت. نەک بە لێکدابڕان و تێکۆشانی بەجیا، بەڵکوو بە ئەزموونوەرگرتن لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، بە ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی و نەخوازراو، بە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشکاوبێژیی ڕێبەری و ئەندامان لە نێوخۆی حیزبدا، بە گۆڕین و نوێکردنەوەی کولتوور و سیستەم و شێوازی حیزبایەتی و پێکەوە کارکردن، بە ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شایستەسالاری، بە پێکهێنانی گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست یەکگرتوویی حیزب و پەسندکراوەکانی، بە پەروەردە و بارهێنانی ئەمڕۆیی و ڕاهێنانی تاکەکان بە گیانی وێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکان، بە خوڵقاندنی کەشوهەوایەک کە هەمووان حیزب بە هی خۆیان بزانن، قەیران و کێشە نێوخۆییەکان کەم دەبنەوە و چارەسەر دەکرێن.

چوارەم، ئەم قۆناغە لە تێکۆشانی بەجیای دێموکراتەکان، بە هەموو خەسار و دەسکەوتەکانییەوە، بە خاڵە لاواز و بەهێزەکانییەوە، بە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانییەوە، بەشێکە لە مێژووی حیزبی دێموکرات. هەمووی ئێمە ئەو کەسانەی لە دروستکردنی ئەو مێژووەدا کەم و زۆر بەشدار و شوێندانەر بووین، بەپێی بەرپرسایەتیی حیزبی و ڕۆڵ و هەڵوێستمان لە بڕیارەکان و ڕەوتی ڕووداوەکاندا بەرامبەر مێژوو و داهاتوو، بەرپرسیارین. داننان بە بەرپرسایەتی و قبووڵی ڕەخنە لە پێوەندی لەگەڵ لێکدابڕانی حیزبی دێموکراتدا، تەواوکەری بەرپرسایەتی و ئازایەتیی هەنگاونانی ماندوویی‌نەناسانەمان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتە. بە دەربڕینێکی دیکە، سپاردنی حیزبی دێموکرات بە یەکگرتوویی بە نەسلەکانی داهاتوو، بەشێکە لە ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەمڕۆی ئێمە و، تەنیا کارێکە کە دەتوانین کەمتەرخەمی و هەڵە و وێکهەڵنەکردنی ڕابردوومانی تا ڕادەیەک پێ قەرەبوو بکەینەوە. هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارەتییانە، پێویستە و دەبێ ببێتە هاندەری بەڕێوەبەریی لەمەودوای حیزبی یەکگرتووی دێموکرات و سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب کە بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسایەتی، پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی یەکگرتنەوە، بە تایبەتی یەکگرتوویی حیزبی دێموکرات بکەن.

**ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات!**
**ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازە کوردستانی و ئێرانییەکان!**
**خەڵکی دێموکراتپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

لەمڕۆ بە دواوە کۆتایی بە تێکۆشانی بەجیای هەر دوو لای دێموکرات دێت. ڕێکخراوە و ئۆرگان و دامەزراوەکانی هەر دوو حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بەپێی ڕێککەوتنە دوو لایەنییەکان و ڕێوشوێنە دیاریکراوەکان و لەژێر ڕێنوێنی و چاوەدێریی ڕێبەرییەکی هاوبەشدا، لە ژێرناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، یەک دەگرنەوە و درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن.

لەم بۆنە مێژووییەدا، لە ئاست کۆڵنەدان و پێداگرتنی خەڵکی کوردستان لەسەر پێویستیی یەکگرتنەوەی حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەری ڕێز دادەنوێنین. بە ئەمەگناسییەوە ئاوڕ لە هەوڵەکانی دڵسۆزان و خوازیارانی یەکگرتنەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، چ لەنێو بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و چ لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا دەدەینەوە. بە گەرمییش سوپاس و دەستخۆش بە هەیئەتەکانی هەردوو لای دێموکرات دەڵێین کە ڕەوتی دانوستان و ڕێککەوتنەکانیان بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی.

ئێمە باش دەزانین کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات یەکێک لە داوا ڕەواکان و ئاواتە پیرۆزەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و، بنەماڵەی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان و تێکۆشەران و ئەندامانی سەر بە حیزبی دێموکرات بە تایبەتییە. بەبۆنەی وەدیهاتنی ئەو ئاواتە پیرۆزەیان گەرمترین پیرۆزباییان پێشکەش دەکەین. دڵنیاشیان دەکەین خەمخۆری و هەستیاربوونی ئەوان لە ئاست پرسی یەکگرتنەوە، بەرپرسایەتی و ئەرکی ئێمە لە پاراستنی ئەو دەسکەوتە گەورەیەدا، قورستر دەکا.

گومانی تێدا نییە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەدژی هەر عەقڵییەتێکی ناوەندگەرا کە فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران ڕەت بکاتەوە. هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە هێزێکی شوێندانەری ئەوتۆ کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سەرانسەریدا، حیسێبی تایبەتی بۆ بکرێت. ئەم یەکگرتنەوەیە پاڵپشت دەبێت بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرنگەکانی حیزب. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە پیرۆزە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوتنەوە سەریەکی ئەو هەمووە سەرمایە مرۆیی و مەعنەوییە، پشتئەستوور بە جێگە و پێگە و ئێعتبار و خۆشەویستیی کەموێنەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان و، دڵگەرم بە دەرسوەرگرتن و وشیاری و ئەزموونی دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی ڕێبەری، کادرەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکرات، زۆر دەرفەتی نوێ بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنن. چاوەڕوانی و هیوای ئێمە ئەوەیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، ببێتە مایەی هیواداری و دڵگەرمیی زیاتری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەیان بە ڕێبەریی ئەم حیزبە.

بانگەوازی ئێمە لەم بۆنەیەدا بۆ ڕێکخراوە سیاسییە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران، کۆڕ و کۆمەڵە و گرووپ و ناوەندە مەدەنی و ئازادیخوازەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەوەیە، هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و ڕاوەستانی بێوێنەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هاندەریان بێت بۆ یەکگرتن و پتەوکردنی ڕیزەکانیان، هاندەریان بێت بۆ هاوکاری و خەباتی هاوبەش. حیزبی دێموکرات لەمەودوا بە دەستوباڵێکی ئاوەڵاترەوە بۆ بەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئامانج و پرۆژە نەتەوەیی و خەباتگێڕانەکانی، یەک لەوان پێویستیی پێکهێنانی هاوخەباتی و هاوپەیمانیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکان هەنگاو دەنێت.

سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی شەهیدان و نەمرانی مێژووی ٧٧ساڵەی حیزبی دێموکرات بە تایبەت سێ ڕێبەری شەهیدی دێموکرات: پێشەوا قازی محەممەد، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی.

پیرۆزبێ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە هەموو تیکۆشەران، ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی



عومەر باڵەکی

٢٥ی گەلاوێژی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی ڕووداوێکی گەورەیە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ لە ساڵانی ڕابردوو جیاوازترە، چونکە هاوکاتە لەگەڵ مزگێنیی هیوابەخشی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات، ئەمەش هیوایەک دروست دەکا کە لەوە بەدواوە وزەو تواناکانی دوولایەنی دێموکرات (تا ئێستا) لە داهاتوودا بە یەکیەتی و یەکڕیزی بخرێتە خزمەت ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەبارەت بە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژ ساڵە لە زمانی ڕێبەرانی شەهید د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی و نووسەران و توێژەرانی مێژووی حیزب باس لەوە دەکرێ کە "دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو". ئەوە تەنیا دەربڕینێکی سادە نییە، بەڵکوو ئەنجامی لێکدانەوەیەکی درووستە لەو هەلومەرجەی کە حیزبی دێموکراتی تێدا دروست بوو و لە هەمان کاتدا دەرخەری لێکدانەوەی درووستی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتە بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد لە قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجەی لەو سەردەمدا هاتبوو ئاراوە بە قازانجی بزوتنەوەیی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە وا باشە ئاوڕێک لەو سەردەمە بدەینەوە کە حیزبی دێموکراتی تێدا پێکهات. ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ کە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێویستییەکی مێژوویی بووە و لە هەمان کاتدا ئەو حیزبە لە کوردستانی گەورە بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی چ کاریگەرییەکی هەبووە؟

هەموو ئەوانەی ئاشنا بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانن ئاگاداری ئەوەن کە حیزبی دێموکرات لە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی بە ڕاگەیەندراوێک بوونی خۆی ڕاگەیاندوە. بەڵام وەک دەبینین ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ماوەی ٧٧ ساڵە لە ٢٥ی گەلاوێژی هەر ساڵێک یادی دامەزرانی حیزبەکەیان دەکەینەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆ دەردەخا کە بۆ ٢ی خەزەڵوەر (١ی جۆزەردان) نەبۆتە ڕۆژی دامەزرانی حیزب و لەبەرچی ٢٥ی گەلاوێژ بۆتە ڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبە؟ ئەو ٢٥ی گەلاوێژە لە کوێڕا هاتووە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سێ ساڵ پێش لە دەرچوونی یەکەم ڕاگەیەندراوی حیزب واتا ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠کە بەهۆی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان (یەکیەتیی سۆڤییەت، ئینگلیز و ئەمریکا) بە بیانووی یارمەتیگەیاندن بە سپای یەکیەتیی سۆڤییەت لە بەرانبەر سپای ئاڵماندا لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بۆ نێو خاکی ئێران، حکوومەتی ڕەزاشا ڕووخا. ڕووخانی حکومەت لە تاران دەرەتانێکی پێک هێنا و بۆشایی دەسەڵات و هەروەها کرانەوەیەکی سیاسیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا دروست کرد. ئەو کرانەوەیەش بوو بە هۆکارێک کە حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە ئێران سەر هەڵبدەن و لەو نێوەشدا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو دیاردەیە بێبەش نەبوو. لەنێو هەموو ئەو ڕێکخراوانەدا کە لە کوردستان هەبوون، ژێکاف ڕۆڵی بەرچاوتری هەبوو لە کۆکردنەوەی خەڵکی کوردستان بە دەوری بەرنامەکەی خۆیدا کە بەرنامەیەکی بەتەواوی نەتەوایەتی بوو، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان و ئەو هەلومەرجەی هاتبوو ئاراوە، پێویستی بە حیزبێکی ئەوتۆ بوو کە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی بۆ سێ مەبەست هەبێ:

١- حیزبێک کە بتوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ٢- حیزبێک کە بتوانی خەباتی گەلی کورد بە خەباتی گەلانی دیکە لە سەرانسەری ئێران گرێ بدا. ٣- حیزبێک کە بتوانی پشتیوانیی گەلانی جیهان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری دنیا بۆ لای خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕابکێشێ. ئەو ئەرکەش بە ڕێکخراوی ژێکاف نەدەکرا، چونکە بەپێی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێ کە ژێکاف بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا زۆر داخراو بووە، بۆیە دەبینین دوای ئەوەی پێشەوا دەبێتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە، هەوڵ دەدا ئەو ڕێکخراوەیە لە داخراوی بێنێتە دەرێ و بە هەستپێکردن بە دۆخی ئەو سەردەم و ئەو پێویستییانەی لە سەرەوە بۆ بوونی حیزبێک لە کوردستان باس کرا، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بڕیار دەدەن پێکهاتەی ڕێکخراوەکە بگۆڕن بە پێکهاتەی حیزبێک کە بوونی وەک پێویستییەکی مێژوویی خۆی دەنواند؛ بەڵام بە پابەندبوون بە بیروباوەڕە نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف. بۆیە دەبینین هەتا ئێستای لە گەڵدا بێ، حیزبی دێموکرات دوای تێپەڕبوونی ٧٧ ساڵ بەسەر ئەو ڕێکەوتە هەر وەفادارە بەو ڕێبازە. هەربۆیەشە لە ڕۆژی یەکەمی پێکهاتنی بۆ ئەوەی لەو مێژوویە دانەبڕێ، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافی بە ڕۆژی دامەزرانی خۆی پەسند کردوە. بەڵگە بۆ ئەوە یەکەم جێژنی یادکردنەوەی ڕۆژی دامەزرانی حیزب لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ماڵ و بارەگای پێشەوا بەڕێوە چووە و لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٧٩ی بە ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی بە ڕاپۆرتێک بڵاو بۆتەوە کە تێیدا دەگوترێ "مۆمی پێنچ ساڵەی تەمەنی حیزب داگیرسا"، واتا حیزبی دێموکرات مێژووی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژێکافی بە مێژووی خۆی داناوە.

ئەو سەردەمەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف ڕاگەیاند و بە کردار هاتە مەیدانی سیاسیی کوردستان، سەردەمێک بوو کە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ بوو لە قاجارەوە بۆ پەهلەوی گۆڕابوو. ئەو نیزامە پاشایەتییە نوێیە بە بیروبۆچوونی نوێ لە تاران دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرتبوو. ڕێژیمی سیاسیی نوێ سیاسەتەکانی بە ئاراستەی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوو، و ئەوە هۆکارێکی بەهێز بوو کە کەلێن بکەوێتە نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ گەلانی پێکهێنەری ئێران. قووڵبوونەوەی ئەو کەلێنە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا کارکردن بۆ وەدستهێنانەوەی مافە نەتەواتییەکان پێویستیی بە ڕێکخراوە و ڕێکخستنێک هەبوو کە کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو پێویستیە خۆی لە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سەردەمیانە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە؛ واتا درووستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانین بڵێین پەرچەکردارێک بوو بەدژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی کە بە پێکهێنانی دەوڵەت- نەتەوە هەولی ئەوە بوو گەلانی پێکهێنەری ئێران لە فەرهەنگ و کولتووری گەلی باڵادەستدا بتوێنێتەوە. بۆیە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا خاڵوەرچەرخانێکی بەهێزە لە چۆنیەتیی پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی. حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو ئامانجەی کە بۆی دروست ببوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانی پێکهاتەیەکی دەوڵەتداری هەرچەند لە ناوچەیەکی بەرتەسک لەژێر ناوی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. بەڵام ناوبانگ و کارتێکەریی ئەو کۆمارە وای کرد کە لە ماوەیەکی زۆر زۆر کەمدا ببێتە ڕوانگە و جێگای ئومێدی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان. هەر بۆیە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین لە مێژووی هاوچەرخماندا گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیەکەم گوتاری نەتەوەیی و دەستپێکی خەباتێکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی دادەنرێ.

لەو سەردەمدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی ڕاگەیاند، ماوەی چەند ساڵێک بوو دەنگی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و دژەکورد سەرکوت کرابوون و ئەو سەرکوتە هەتا ڕادەیەک وای کردبوو کە هەناسە و پشووی لە هەموو تاکێکی نیشتیمانی کوردان بڕیبوو. بۆیە سەرهەڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو هەلومەرجەدا زۆر بەخێرایی لەنێو دڵی هەموو ئازادیخوازانی کوردستانی گەورەدا جێی خۆی کردەوە و هەرزوو بیروئەندێشەی حیزبی دێموکرات بوو بە نموونە و وێنەیەکی کاریگەر لە پارچەکانی دیکە کوردستان. خۆ ئەگەر بمانەوێ سەرنج بدەینە کارکردی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا، دەبینین کە هەموو کاتێک هەوڵی داوە گەلی کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەش و کولتوور و مێژووی هاوبەشە وەک ستراتێژیی سیاسیی لە کاروکردەوەی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هەبێ و بە گەلانی دیکەی ئێران، ناوچە و جیهانی وەک نەتەوە بناسێنێ. ئەو تێڕوانینە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەناسێنێ و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا لەپێناوی بەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتیدا لە دەوری حیزب کۆ ببنەوە و فیداکاری بنوێنن.

بەپێی ئەو ستراتێژییە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە یەکێک لە ئامانجەکانی پاراستنی خاکی کوردستان بووە و بەکردەوە هەوڵی داوە تۆوی خۆشەویستیی خاک لە ناخی تاکی کورددا بە چەشنێک بچێنێ کە بۆ پاراستنی ئەو خاکە گیانی خۆی بەخت بکا. لە شانۆی "دایکی نیشتمان" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەتا شانۆی ڕاستەقینەی خوێن و قوربانیدان لە پێناو پاراستنی نیشتمان و ژینگەی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن. ئەم حیزبە لە هەمان کاتدا کە بیری لە پاراستنی خاکەکەی کردۆتەوە، خەمی لەوەش خواردوە کە زمانی کوردی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی دەبێ کاری بۆ بکرێ و گەشەی پێ بدرێ. هەربۆیە دەبینین لە دوای پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم هەنگاوی یەم حیزبە کردنەوەی قوتابخانەکانە بە زمانی کوردی و تەنانەت لە کۆماری کوردستاندا زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمیی ئیداراتی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار کاری پێ کراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای بەرەسمیکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی ویستوویەتی کورد وەک نەتەوە لە زمان وکولتوری نەتەوەی باڵادەست کە هێزی دەوڵەتی لەپشت بوو جیا بکاتەوە، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە ڕێی دەسەڵات و ئیلزامیکردنی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی گەلی کورد وەک نەتەوە دەربکەوێ و بتوانی لەلای نەتەوەکانی دیکەی ئێران و دنیا بەڕوونی پێناسەی خۆی بکا، دەبوا بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی لە گەلانی دیکە گەلی کوردیش خاوەنی هێماکانی خۆی بێت کە ئاڵا و سرودی نیشتمانی پێناسەیەکی گرینگی نەتەوەیین لە سەردەمی ئێستادا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو ڕیسالەتە مێژوویە دەبینین هەر پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ئاڵای کوردستان (٢٦ی سەرماوەز١٣٢٤)بۆ یەکەمجار بەڕەسمی و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بەرز دەکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەتا ئەمڕۆش لەگەڵدا بێ لە فاکتەری هێزی چەکدار قەت خافل نەبووە، ئەویش بە دوو هۆکار: یەکەم، بەرگری لە خاک و نیشتیمان ودەسکەوتەکانی گەلی کورد. دووهەم، هێزی چەکدار فاکتەرێکی گرینگە لە پێکهێنانی کولتووری نەتەوەیی بەو مانایە هەر نەتەوەیەک کە هێزی چەکدار، واتا سپای میللی هەبێ بەهۆی تێکەڵبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو سپایە کە هەرکامیان لە ناوچەیەکی نیشتمانەکەیانەوە هاتوون و لە ماوەی خزمەتیاندا جۆرێک لە ئینتیمای نەتەوەیی و خۆشەویستیی خاک و نیشتیمانیان لا درووست دەبێ و، ئەوە خۆی یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە کولتوورێکی نەتەوەیی پێ چێ دەبێ. بۆیە دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی کۆمار سپای میللی دامەزرێنێ و پاشان ناوی پێشمەرگە بۆ تاکەکانی ئەو سپایە دەست نیشان دەکا کە ئێستاش دوای ٧٧ ساڵ ناو و کارکردی پێشمەرگە بۆتە جێی شانازی تاک تاکی کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.




پێکهاتنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا هاوکات هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ یەکتر و لاوازکردنی ئینتیمای عەشیرە و خێڵ و بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار توانی عەشیرە و خێڵ و هۆزەکان لە دەوری تەوەری "کوردبوون" کۆ بکاتەوە. خۆ ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار ئەوەندەیان دەرفەت نەبوو کە بتوانن ئەو هزرە سەقامگیر بکەن، بەڵام هەر ئەو دەرفەتە کەمەش بەس بوو بۆ بزاڤی ڕووناکبیریی کورد کە دوای هەرەسهێنانی کۆمار و لەسێداردان و زیندانیکرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش ئینتیمای نەتەوەیی نەک بەرەو لاوازی نەڕوا؛ بەڵکوو هەتا ئێستاش ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەکردن و پەرەئەستاندندا بێت.

مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٧ساڵی ڕابردوودا پڕە لە کار و تێکۆشان لەپێناو گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و شوناسخوازیی کورد. دوای کۆماری کوردستانیش ئێمە دەبینین کە خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازەکانی حیزبی دێموکراتەوە دەچن و هەر زوو ئەو حیزبە دەتوانێ بە پشتیوانیی خەڵک، خۆی بگرێتەوە و دەست بە خەبات و بەردەوامیی تێکۆشانەکەی بکاتەوە و بە پشتیوانیی خەڵک لە هەموو بەش و ناوچەکانی کوردستان ڕەگ داکوتێ. ئەگەر ٧٧ ساڵ لەوە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا لە پانتایی موکریان بە ناوەندێتیی مەهاباد پێناسە دەکرا، ئێستا لکوپۆی داری ئەو حیزبە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەتا باشووری داگرتوە کە ئەمە بەرهەمی ڕەنج و قوربانیدانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبەیە.


لە مێژووی هەشت دەیەی ڕابردوودا دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات ئادەرسێکی بەهێز بووە بۆ پێناسەکردنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا بە هۆکاری جیاواز نەیتوانیوە خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی بگەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن، بەڵام لە بەردەوامیی ئەو خەباتەدا پشوودرێژ بووە و هەر ئەو پشوودرێژییە هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ دەستەبەرکردنی ژێرخانێکی بەهێزی ماددی و مەعنوی بۆ پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دێموکرات دوای تێپەڕ بوونی ٧٧ ساڵ تێکۆشان ئێستاش هەر لە سەر ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بنیات نرا و د. قاسملوو گەشەی پێدا و د. شەرفکندی درێژەدەدری بوو. گوتاری حیزبی دێموکرات ئێستاش پێداگری دەکا لەسەر یەکیەتی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەرمەندبوون بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، پاراستنی سەروەرییە نیشتیمانییەکان، هاندانی خەڵک بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کولتووتی نەتەوەیی و، بەپوختی هەر بابەت و ڕێکارێک کە بتوانی هەست و سۆزی نەتەوایەتی پەرە پێ بدا و کۆمەڵگەی کوردی لەپێناو بەرەوپێشچوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیدا یەکگرتوو بکا.

ئێستاش کە بەخۆشییەوە هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات گەیشتووەتە ئامانجی کۆتایی و هەموومان لە ڕیزەکانی یەک حیزبدا بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکەین، وا باشە پێداگری بکەین لەسەر ئەو ئەسلە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی ئیدئولۆژێک نییە، حیزبی گرووپێکی تایبەت و حیزبی چینێکی دیاریکراو نییە، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە ژن و پیاو، خوێندەوار و نەخوێندەوار، بە هەموو ئایین و ئایینزاکان و، هی هەموو چین و توێژەکانە. ئەگەر وایە حیزبێکی لەو بابەتە بیروڕای جیاوازی سیاسیشی تێدا بەدی دەکرێ و بۆیە پێویستە ڕێز لە جیاوازیی تێڕوانینی سیاسی بە پاراستنی یەکڕیزی حیزب بگرین. جیاوازیی بیروبۆچوون، خوێندنەوەی جیاواز لە ڕابردوو، دەبێ بۆ نەخشەڕێگای داهاتوو بێ کە ئێمە چون بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی ببینەوە و، خوێندنەوەی جیاواز لە بابەتە سیاسییەکان دەبێ بۆ ئەوە بێ کە لە سیاسەتی کەلان و بەرژەوەندی نەتەوەییدا زۆربەی خەڵک تێیدا بەشدار بن. وەسەریەککەوتنەوە و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەبێ بە دەرفەتێکی گەورە چاو لێ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو هێز و توانای خۆمان کەڵک وەربگرین بۆ خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی. ئەو فەرهەنگەی کە پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمێکی هەستیار، لە وڵاتێکی نەخوێندەواری ٧٧ ساڵ پێشدا هەولی بۆ دەدا، فەرهەنگی "وێکهەڵکردن" بوو. بۆیە هیوادارم ئێمە بتوانین بە خوێندنەوەیەکی دروست لە زیان و خەسارەکانی لێکدابران وەک میراتگری دامەزرێنەرانی حیزب و خوێنی شەهیدانی ئەو فەرهەنگە زیاتر و زیاتر لەپێناو پاراستنی یەکڕیزیی تەشکیلاتی حیزبدا پەرە پێ بدەین.

کاروانی خەباتی حیزبی دێموکرات لەو ٧٧ ساڵەدا کاروانی خەبات و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی ئە حیزبەیە و، ئەو کاروانە بە هیممەت و بەشداری و لێکتێگەیشتن و ئیرادەی یەکڕیزیی هەموو لایەک بە هێزی زیاترەوە بەرەوپێش دەچێ.

# حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی



ئاماژە: ئەم بابەتە دوانووسینی نەمر جەلیل گادانی بوو کە بۆ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب نووسیبووی و لە کتێبی "حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی"دا کە هەر بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزب چاپ بوو، بڵاو کرایەوە. "کوردستان" لە دووهەمین ساڵیادی کۆچی دواییدا و بۆ ئەمەگناسی و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی کاک جەلیل بەشی یەکەمی ئەم دوانووسینەی بەڕێزیانی لە ژمارەی پێشوودا بڵاو کردەوە. لەو ژمارەیەدا بەشی دووهەم و کۆتاییەکەی دادەنرێ.

لە بەشی یەکەمدا باس لە سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گرینگیدانی بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کرا.




دوای کۆماریش کە حیزب هاتەوە سەر پێ و تێکۆشانی دەست پێ کردەوە، ڕێبەرانی کاتی و ئەندامانی حیزب زۆر جار ڕێنوێنی و هاوکاریی خەڵکیان دەکرد. حیزب لەنێو خەڵکدا وا جێگای خۆی کردبۆوە کە کاندیدای حیزب لە مەهاباد بۆ پەرلەمانی دەورەی ١٦، شادڕەوان "سارمخانی سادق وەزیری" دەنگی یەکەمی هێناوە، کە دیارە سەڵاحییەتی لەلایەن حکوومەتەوە ڕد کرایەوە و کەسێکیان لە جێگای وی ناردە پارلەمان کە خەڵک نە دیبوویان و نە دەیانناسی. هەروەها جوتیارانی بەشێک لە ناوچەکانی مەهاباد و بەتایبەتی بۆکان کە ساڵی ١٣٣١ لە بەرامبەر دەرەبەگە ستەمکارەکاندا ڕاوەستان و ڕاپەڕین، حیزب هاوکاریان بوو. دواتریش کە هێزی ژاندارم و سوپای ڕێژیم سەرکوتیان کردن زۆر لەوانە لە لایەن مالیکەکانەوە لە گوندەکانیان دەرکران و هێندیکیان ماڵیشیان تاڵان کرا. بەڵام حیزبی دێموکرات بە ئەرکی خۆی زانی بە دەنگیانەوە چوو، ئەو غەدرەی لێیان کرابوو لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی تارانەوە لەقاو دا و بە خەرجی خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دابین کردن تا خەریکی درێژەدان بە کەسب و کار و فەلاحەتی خۆیان بن.

هەر لە شاری مەهاباد و لە بەهاری ١٣٣٢ لەلای باشووری مەهابادەوە سێڵاوێکی سامناک هات و بەشێکی زۆر لە ماڵەکانی دوو گەڕەکی "خڕێ" و "هەرمەنییان" پڕ ببوون لە ئاو و زیانی زۆریان پێ گەیشت. بەڵام بە هیممەتی ئەندامانی حیزب و لاوانی دێموکرات هەر بە کەرەسەی سەرەتایی ئاوی ماڵەکانیان بەتاڵ کرد. لە بەهاری ١٣٤٧ کە سێڵاو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد هەستا و بەشێک لە ماڵەکانی سەر ڕێگەی خۆی داگرت، بەکردەوە هەر ئەندام و لاوەکانی حیزب لە مەیدانی هاریکاریدا بوون و کاربەدەستانی حکوومەت تەنیا چاولێکەر بوون. لە شۆڕشی هەژدە مانگەی ٤٧-٤٦ یش هەرچەند بەڕواڵەت دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەسەڵاتی تەواویان هەبوو، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانەی پێشمەرگە هاتوچۆی دەکردن گرفتە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیەکانی خۆیان دەبردە لای بەرپەرسان و پێشمەرگەکانی ئەو سەردەم تا چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و ڕێگەحەللی موشکلەکانیان نیشان بدەن.

سەرەڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی لە دوای کۆمارەوە هیچکات خۆشییان لە خۆیان نەدی و ئەندام و لایەنگرانی بەشیان زیندان و دەربەدەری بوو، چەند جار بەکۆمەڵ گیراون، هێندێک لەوان ئێعدام کراون یا بە دەیان ساڵ لە بەندیخانەکاندا مانەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و لە خەبات نەوەستاون. هەر ئەندامانی حیزب بوون کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ یەکەم خۆپیشاندانیان لە سێ ڕۆژەی فەوتی کاک عەزیز یووسفی لە شاری مەهاباد وەڕێ خست و بەدوای ئەودا جەماعەتێکی ٤٠ کەسی گیران. بەڵام زۆر زوو ئەو خۆپیشاندانە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە و دەنگی خۆیان بەدژی ڕێژیم تێکەڵاو بە دەنگی گەلانی دیکەی ئێران کرد. لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم ئەندامانی حیزبی دێموکرات یەکەم بەدیهێنەری شوڕای خەڵکی لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شار و دێ بوون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە هێندێک شاری وەک مەهاباد و بۆکان بۆ یارمەتیدانی ئەو پەنابەرانە کە لە ئاکامی شەڕپێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی نەغەدە و سەقز ئاوارە بوون، کۆمیتەی بەهاناوەچوونی پێک هێنابوو تا بتوانێ جێگە و ڕێگایان بۆ دیاری بکا و بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی خەڵک بە کەموکورتییش بێ ئیمکاناتی ژیانیان بۆ پەیدا کردن و پێیان ڕاگەیشتن. لەو هەلومەرجە سەختەشدا حیزبی دێموکرات بە هاوکاریی خۆبەخشانە کلاسیان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی دانا. هەرچەند نیگەرانی شەڕپێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی بە کورد لە گۆڕێدا بوو، بەڵام بە هاوکاریی مامۆستا هێمن، مامۆستا حەسەن قەزڵجی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و چەند کەس لە فەرهەنگییانی مەهابادی وەک حەسەن سەنجانی و ئەحمەد کاکەمەمی هەوڵ درا کتێبی دەرسی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئامادە بکەن.

دوای دامەزراندنی حکوومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی مێهدی بازرگان هێندێک لە دەرەبەگەکانی ناوچەکانی شنۆ، پیرانشار و سندووس خەریک بوون دەبیە بەو جووتیارانە بکەن کە لە دابەشکردنی زەمانی شادا پارچە زەوییەکیان وەدەست کەوتبوو و لێیان بستێننەوە. حیزبی دێموکرات نوێنەری ئەو جوتیارانەی بانگ کردە مەهاباد بۆ ئەوەی داواکاریی خۆیان بە حکوومەت و خومەینی بگەیەنن و نەهێڵێ غەدریان لێ بکرێ و بەڕێیان کردن بۆ تاران. بە فەرمانی حیزب، نووسەری ئەو دێرانە کە لەو کاتدا هەم بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە تاران و هەم بەرپرسی کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتووی تاران بووم کە تازە پێکمان هێنابوو، ئەو نوێنەرانەم لە پێشدا برد بۆ لای سەرۆکی حکوومەت و هەم بردمن بۆ قوم بۆ لای خومەینی کە قەولیان پێدان پێش لە دەستدرێژیی دەرەبەگەکان بگرن و نەهێڵن زەوییەکانیان زەوت کەنەوە.

هەر ئەو خزمەتە کۆمەڵایەتییانە و سیاسەتی دروستی حیزب بوونە هۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێر و کاندیدای حیزب بە دەنگێکی زۆر و پێویست لە ورمێ سەرکەوێ. دواتریش لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەمی پارلمان لە کۆماری ئیسلامیشدا کە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کاندیداکانی حیزب سەرکەوتوو بوون و لە زۆربەی شارەکان هەڵبژێردران؛ کە دیارە نەگەیشتنە مەجلیس. یا لە شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاوی سێ مانگەدا دێهاتی کوردستان ببێتە پشت و پەنای پێشمەرگە و حیزب و بە هاوکاریی خەڵک و فیداکاری پێشمەرگە توانی پاشەکشە بە خومەینی بکا و بە درۆ داوای وتووێژ بکا. هەرچەند قەولەکانیان نەبردە سەر و بە دوای وەختدا دەگەڕا تا ئەرتەش ڕازی بکا هاوکاریی بکا و خۆشیان تەیارتر کەن. بۆ ماوەی چەند مانگ شەڕ ڕاگیرا و خومەینی هەئیەتێکی بێ دەسەڵاتی بۆ وتووێژ ناردە مەهاباد. لە داخوازییەکی ٢٦ مادەییدا ئاکامی ئەم وتووێژانە نێردرا بۆ سەروک کۆمار (بەنی سەدر) و خومەینی، بەڵام قبووڵی نەکرد. ئەگەر حیزبی دێموکرات دواتر بەو مەبەستەی کە نییەت پاکیی خۆی لەم وتووێژانەدا بسەلمێنێ، کۆی ئەو ٢٦ مادەیەی لە شەش مادەدا گونجاند و بۆی ناردن. بەڵام دیسانیش ئاکامی نەبوو، چونکە خومەینی شەڕی بە نیعمەت دەزانی. بۆیە جارێکی دی بە ئیمکاناتی نوێ و ڕازیکردنی ئەرتەش بۆ هاوکاریی سپای پاسداران و شەڕکردن دەگەڵ کورد بەئاشکرا شەڕی بە کورد فرۆشتەوە و بە هەموو هێزیەوە لە چەند لاوە هێرشی کردە سەر کوردستان. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کوردستان نەک هەر خۆی خەریکی دێموکراتیزەکردنی کوردستان بوو، بەڵکوو ببوو بە پەناگای هەموو ئەو هێزانەی لە دەست خومەینی تاران و باقی شوێنەکانی وڵاتیان بەجێ هێشتبوو.

بە دوای ئەو هێرشەدا گەمارۆی هەمەلایانە خرایە سەر کوردستان. ژیان لە شار و دێ یەکجار سەخت بوو لە هەلومەرجێکی وەهادا کە دەفتەری سیاسی نەیدەویست بۆ پێشگیری لە کوشتار و وێرانی شارەکان بڕیاری دابوو لە شاردا شەڕ نەکا، لە شار دوور کەوتبوونەوە، لە پێشدا لە ئەشکەوتانی دۆڵی شێخان لە مەنگوڕایەتی و دواتر لە گوندی شیوەجۆی گەورکایەتیی سەردەشت نیشتەجێ ببوون.

هەر لە دۆڵی شێخان بیرۆکەی دانانی "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" هاتە ئاراوە و بەزەحمەتی زۆری ڕەوانشادان؛ ئەندازیار خەیاتی، کاک خەلیل گادانی و سەید ڕەسووڵی دەهقان لە ڕۆژی ٢٧/ ٣/ ١٣٥٩ ئامادە کرا و بە پەیامی شەهید دوکتور قاسملوو دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر کاروباری حیزب و ورەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەبوو، و ئەوە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە سەرەڕای سەدان کەند و کۆسپی سەر ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی بەردەوامە.

لەو هەلومەرجەدا زۆرجار خەڵک بۆ گازندە و گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە حیزب دەکرد. زۆرکەس لە شار و دێ دەهاتن و زۆربەشیان ڕوویان لە سکرتێری حیزب بوو، حەزیان دەکرد دوکتور قاسملوو ببینن. وای لێ هات لە بەر دیتنی خەڵک و وەڵامدانەوەیان بەڕێوەبردنی ئەرکەی خۆی بۆ بەزەحمەت بوو. لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی بیر لەوە کراوە ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە کە بتوانین وەڵامدەری داواکاری خەڵک بین و ئەو زەحمەتە لەسەر شانی دوکتور هەڵگرین. دوای کۆنگرەی پێنج لە سەر پێشنیاری نووسەری ئەم دێڕانە، دەفتەری سیاسی بڕیاری دا حیزب کۆمیسیۆنێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانە پێک بێنێ.

شەهید دوکتو قاسملوو عادەتێکی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو هەر کەس پێشنیاری بۆ کارێک کردبا و بە دڵی با، دەگەڵ پەسندکردنی پێشنیارەکە دەیفەرموو: "زۆر باشە و بۆخۆشت بەرپرسیارەتییەکەی وەئەستۆ بگرە". هەر لەوکاتەوە من کە لە شەڕی سێ مانگە ڕا هەتا دوای کۆنگرەی پێنج بەرپرسی ڕێکخستنی گشتیی حیزب بووم، ڕاسپێردرام ئەو کۆمیسیۆنە پێک بێنم. هەرچەند لەپێشدا هێندێک ئۆرگانی وەک نەخۆشخانە و دەرمانگا و تاق و لۆق مەدرەسە و بەندیخانە هەبوون، بەڵام بە سیستم نەکرابوون و زیاتر بە سەلیقەی شەخسی کارەکان دەکرا. نووسەری ئەو دێڕانە لە ماوەیەکی کەمدا گەڵاڵەی چلۆنایەتیی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمیسیۆنەی ئامادە کرد کە پاش تێڕوانینی پێویست پەسند کرا.

ئەو کۆمیسیۆنە بەپێی گەڵاڵە و ئاییننامە لە حەوت بەش پێک هاتبوو کە بریتی بوون لە:

١- کۆڕی پەروردە و فێرکردن ٢- قەزایی ٣- شەهیدان ٤- دەرمانی ٥- بەشی شوڕاکان ٦- زەوی و زار ٧- ڕێگەوبان.

لە ماوەی یەک- دوو مانگدا بۆ هەرکام لەو بەشانە سمیناری بەرین بە بەشداریی کەسایەتیی پسپۆر و زانستی و بەئەزموون پێکهاتن و بیروڕایان لە بەرچاو دەگیرا و هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی یاساکانی پێشووی حکوومەتی و نەریتە باشەکانی کوردەواری و هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان بە تایبەتی بەشە ڕزگارکراوەکەی گەڵاڵەیەک ئامادەکراو بە دوای پەسندکردنی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بە کردەوە پیادە کرا.

دیارە لە بنەڕەت ڕا ئەوانە هیچکام کاری حیزب نەبوون، بەڵام لە لایەک هەڵوێستی نابەرپرسانە و دوژمنکارانەی ڕێژیم و بە تایبەتی شەڕ پێفرۆشتن و گەمارۆ هەمەلایانەکانی، لە لایەکی دیکەوە فیداکاری و ئامادەیی ئەو خەڵکە بێبەش کراوە لە هەموو مافەکانی، ئەوەی دەخواست کە حیزب گرفتەکانیان پاشگوێ نەخا، دەبوو لە لایەک بە هێزی پێشمەرگە تا ئەو جێگایەی دەتوانێ بەرەنگاری دوژمن بێتەوە و نیشتمان بپارێزێ و لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە بە دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە بە هانایانەوە بچێ.

گەڵاڵە پەسندکراوەکانی هەرکام لەو حەوت بەشە ئەوەندە عادڵانە داڕێژڕابوون و پیادەکران کە زۆر جێگەی ڕەزامەندیی خەڵک بوون و ئەوەی کراوە لە زۆر شوێن ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە و بۆ بەرژوەندی جەماور کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. پێویستە وەبیر خوێنەرانی بەڕێزی بێنمەوە کە لە زۆربەی کۆمیتە شارستانەکان کەس و بەشی تایبەت دیاری دەکران کە وەک بەشێک لە کۆمیسیۆن ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن.

بۆ ئەوەی بەپێچەوانەی گەمارۆی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی و خۆدزینەوەی لە دانی بودجەی دیاریکراوی ئەو بەشە لە کوردستانی ئازادکراو و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست کارەکان هەرچی باشتر بەڕێوە بچن، بۆ هەر کام لەو بەشانەی باس کران دەورەی تایبەت لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ ئامادەکردنی کادری لێزان دادەندرا و تێکۆشەرانی بە ئیمان بە تایبەت لاوە دڵپاک و دەرسخوێن و کورد پەروەرەکانی کوردستان بە هەستی خاوێن و لێهاتوویی و ئیمانی پتەوی کوردایەتی لە هەموو بوارەکاندا پاش تەواوکردنی سەرکەوتووانەی دەورە ئەرکی پێ سپێردراوی خۆیان بەڕێوەبرد. بۆ وێنە لە ماوەی یەک ساڵدا لە بەشی هەرە زۆری کوردستانی ئازاد شوڕاکانی خەڵکی بەشێوەیەکی دێموکراتیک دامەزران و کارەکانیان ڕادەپەڕاند. زیاتر لە ٧٠٠ مامۆستا بۆ دەرسگوتنەوەی زمانی کوردی و باقی دەرسەکان بۆ پێڕاگەیشتنی نیزیکەی ١٠-١٢ هەزار قوتابی بە تایبەت لە گوندەکان پەروردە کران. ئەوەندەی من لەبیرمە هەر لە ماوەی ئەو سێ چوار ساڵەدا ئەو کتێبانە بە کوردی ئامادە و چاپکراون، مامۆستا و قوتابی کەڵکیان لێ وەردەگرتن:

١- خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی یەک ٢- ئەژمێری یەک ٣- زانستی ئەزموون ٤- ئەژمێری دوو ٥- ژیان و خەبات بۆ گەورە ساڵان ٦- وەرگێرانی علوومی فارسی بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی لە فاریسیەوە بە کوردی ٧ – چاپکردنی کورتەی زانستی.

هەر لەو ماوەدا دەیان کادری دەرمانی لە ژێر دەستی دوکتورە کوردەکان و دوکتور و پەرستارەکانی دوو ڕێکخراوی A.M.i و ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری دوو – سێ نەخۆشخانە و نیزیکەی ٢٠ دەرمانگای شۆڕش لە ناوچە ئازاد کراوەکان – ئەو بەشە بێجگە لە عەمەلیاتی پێشمەرگە بریندارەکان و بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکان جێگەی هیوا و ئومێدی خەڵک بوون. چوونکە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لە خزمەت خەڵکدا بوون. پێم وا

# دانپێدانانی زۆرەملی، کاڵبوونەوەی چاوی نەیار



ڕەزا دانشجوو

دەگوترێ پێشبڕکێیەک لەنێوان سیاسەتمەدارانی وڵاتانی جیاوازدا بەڕێوە دەچوو، پێشبڕکێکە لەنێو دارستانێکدا بوو و بڕیاربوو بەشداربووان بە زیندوویی کەروێشکێک بگرن و بگەڕێنەوە بۆ خاڵی دەستپێک. هەرکەسێک توانیبای خێراتر کەروێشکەکە بگرێ و بگەڕێتەوە، براوەی پێشبڕکێیەکە بوو. پێشبڕکێیەکە دەستی پێ کرد و هەمووان هەوڵیان دەدا کەروێشکی دەستنەکەوتوو بدۆزنەوە. زۆری نەخایاند دوای دەستپێکردنی پێشبڕکێیەکە، "علم الهدی"کە بە نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامییەوە بەشداریی پێشبڕکێیەکەی کردبوو، وەک کەسی یەکەم لە ڕاوکردنی کەروێشک گەڕایەوە. هەموو دادوەر و بینەرەکان سەرسام بوون، بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن و باری جەستەیی،کە چۆن توانیویەتی بەو خێراییە کەروێشک ڕاو بکات و ئاوا زوو، دەمودەستیش بگەڕێتەوە. پێشبڕکێیەکە کۆتایی هات وکاتی خەڵاتەکان هات. دادوەرەکان خەریکی پشکنینی پشتڕاستکردنەوەی باشترین کەسەکان بوون کە بۆیان دەرکەوت جەنابی "علم الهدی" لەبری کەروێشک، کیسەڵێکی لەگەڵ خۆی هێناوە! بێگومان لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە ئەم بابەتە دەبووە هۆی دوورخستنەوەی لە نێو براوەکان، بەڵام "علم الهدی" کۆتا نەدەهات و پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوەی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی کەروێشکە نەک کیسەڵ. دادوەرەکان تێیدا مابوون چۆن قەناعەتی پێ بهێنن، دواجار "علم الهدی" داوای لە دادوەرەکان کرد کە لە خودی ئاژەڵەکە بپرسن ئەگەر قسەکانی قبوڵ ناکەن، ئەو بەدڵنیاییەوە لە هەموو کەسێک باشتر ناسنامەی خۆی دەزانێ. دادوەرەکان قبوڵیان کرد و چوونە لای کیسەڵەکە و لێیان پرسی ئایا تۆ پشتڕاستی دەکەیتەوە کە کیسەڵیت؟ کیسەڵ بێ ئەوەی تەماشایان بکا وەڵامی دایەوە: کیسەڵ؟! من کەروێشکم، چۆن ئێوە شتێکی ئەوەندە ڕوون نابینن. دادوەرەکان کە سەریان لە وەڵامی کیسەڵەکە سوورمابوو، سەیری یەکتریان دەکردکە یەکێکیان ڕووی لە کیسەڵەکە کرد گوتی: تۆ ئەوەندە گەمژەیت کە تەنانەت ناسنامەی خۆشت نازانیت! کیسەڵەکە بە هێواشی سەری بەرز کردەوە و سەیری دادوەرەکانی کرد و گوتی: خۆم باش دەزانم کێم، ئێوە گەمژەن کە" علم الهدی" ناناسنن و هەوڵی ڕازیکردنی دەدەن، کاتێک" علم الهدی" دەڵێ من کەروێشکم، ناچارم کەروێشک بم!

لە "ئێحسان تەبەری"یەوە هەتا "سپیدە ڕەشنۆ" چیرۆکی دووبارەی دانپێدانانی زۆرەملی کۆماری ئیسلامی لە نەیارانیەتی، بە هەموو سەلیقە و حیزب و گرووپێک لەژێر هەموو جۆر ئەشکەنجە و ئازاری گیانی و ڕوحی هەتا دەستدرێژیی سێکسی و لەنێوبردنی کەرامەتی مرۆڤ. ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە تێپەڕبوونی زەمان نەتەنیا نەبووەتە هۆی بچووکترین گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەنەیارانی، بەڵکوو ڕووهەڵماڵاوتر لە ڕابردوو لە دڕندەییەکانی خۆی بەردەوام بووە. ئەگەر جاران تەنیا کەسانی ناسراوی سیاسی و ئایینی ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملی دەکران، ئێستا کار گەیشتۆتە مۆدێلەکانی نێو ئینستاگرام! ئێتر دانپێدانانی زۆرەملی زنجیرەیەکی بێکۆتاییە کە هەموو ڕۆژێک بابەتی جیاواز لە ڕۆژانی پێشووی پێ زیاد دەبێت.

چەند مانگێک بەسەر ژیانی شەرمەزاری کۆماری ئیسلامیدا تێ نەپەڕیبوو، کە دەستبەسەرکردنی کەسانی خاوەن بیروڕای جیاواز دەستی پێ کرد. خومەینی کە بڕیار بوو لە قوم دابنیشێت و دەسەڵات بداتە سیاسەتمەداران، زۆری نەخایاند سروشتی ویلایەتی فەقیهی ئاشکرا کرد. سەرەتا سەدان کەس لە کاربەدەستانی ڕێژیمی پێشوو لە چەند دادگایییەکی گرووپی و چەند خولەکیدا، دوای دانپێدانانی زۆرەملێ ڕادەستی سکوادی مەرگ کران. دادگاییکردنەکان بەبێ پارێزەری بەرگریکار و بەبێ هیچ ڕێکارێکی دیاری کرابوو. بەگوێرەی لێدوانەکانی حاکمی شەریعەت و ئەنجامدەری سەرەکیی ئەم دادگاییکردن و لەسێدارەدانانە، "سادق خەڵخاڵی" تەنیا ئەو کەسانەی کە لاڵ بوون مافی بەکارهێنانی پارێزەریان هەبووە! دوای پاککردنەوەی پاشماوەی ڕێژیمی پێشوو، ئەوجار کاتی دەستبەسەرکردنی کەسانی ناسراوی لایەنە سیاسییەکان هات. یەکەم گرووپ، بەڕێکەوت ئەو سیاسەتمەدارانە بوون کە خۆیان بە یار و هاوڕێی خومەینی دەزانی و ساڵانێک بوو پێوەندیی قووڵیان لەگەڵ ئەو هەبوو. لای ئەو جەماعەتە خومەینی، فەقیهـ و زانایەک بوو دژ بە ئیمپریالیزم، پێیان وابوو خومەینی دەسەڵات ڕادەستی ئەوان دەکات بۆ ئەوەی بتوانن بە ویستی خۆیان سیستەمێکی نوێی حوکمڕانی دروست بکەن! هەرچەند لە سەرەتاوە، پەخشکردنی هەندێک دیبەیتی تەلەفزیۆنی و... ڕێگەدان بەوان بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان، خومەینی دەرگای باخی سەوزی نیشانیان دا، بەڵام کەمێک دواتر بە دروشمی "کۆماری ئیسلامی، نە یەک وشە زیاتر، نە یەک وشە کەمتر"، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و لە ماوەیەکی کورتدا، ئاکامی هاوکاریی و پشتیوانی لە خومەینیyan دیت!

ئەندامە دیارەکانی حیزبەکانی "توودە" و "نهضت آزادی" ئەوانە بوون کە هەر زوو ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێی تەلەفیزیۆنی کران. "کیانووری"، "ئێحسان تەبەری"، "عیزەتوڵڵا سەحابی،" قوتبزادە" و هتد، یەکەم ئەکتەرەکانی زۆرەملێی ئەم نمایشە کۆمیدییە بوون. لەم نێوەشدا دانپێدانانەکانی"ئێحسان تەبەری" یەکێک لە گەورەترین تیۆریسیەنەکانی چەپ و پێغەمبەری مەعنەویی حیزبی توودە، لە هەموویان جیاوازتر بوو. دانپێدانانەکان کە بە پشتبەستن بە هەندێک بەڵگەنامە لەژێر چاودێری "حوسێن شەریعەتمەداری"دا، بوو بە هۆی پەخشکردنی زنجیرەیەکی فرە بەش لە تەوبەی "ئێحسان تەبەری". تەنانەت کتێبێک بە ناوی "کژراهە" (لە ڕەتکردنەوەی کۆمۆنیزمدا) بە ناوی ئەوەوە بڵاوکرایەوە. ئەوەی کە لە بەندیخانەی ڕێژیمدا چ بەڵایەک بە سەر بیردارێژی گەورەی حیزبی توودە هات کە لە کۆتاییدا ناچاریان کرد بڵێ: "من بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی لێکۆڵەری ئازیزم موسڵمان بووم"، تەنها خودا دەزانێت.

خومەینی تەنانەت بەزەیی بە یەکێک لە گەورەترین مەلاکانی شیعەشدا نەهاتەوە و"ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری"، پیاوێکی ئایینی و بەساڵاچووی دیاری شیعە، لە یەکەم کەسەکان بوو کە لە تەلەفیزیۆنەوە ناچار بە خوێندنەوەی تۆبەنامە و دانپێدانانی زۆرەملی کرا!

بە تێپەڕبوونی کات قەبارەی دانپێدانانی زۆرەملی نەک هەر کەم نەبۆوە، بەڵکوو هەم لە ڕووی ژمارە و هەم لە ڕووی فراوانی دانپێدانانەکانەوە زیادی کرد. ئەگەر لە سەرەتادا تەنیا کەسایەتییە سیاسییە دیار و خاوەن پێگە کۆمەڵایەتییەکان بوون کە بە زۆر ناچار بەوەیان دەکردن، ئێستا ئەندامانی سادە و ئاسایی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لە تۆقی ئەشکەنجە و دانپێدانانی زۆرملێ پارێزراو نەبوون. دانپێدانانی ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن یان سازمانی موجاهەدینی خەڵق بەشێکی نوێی سێناریۆی ڕێژیم بوو. لوتکەی ئەم دانپێدانانە بۆ ساڵی ١٣٦٧هەتاوی دەگەڕێتەوە کە هەزاران زیندانی کە زۆربەیان ئەندامی ڕێکخراوی موجاهدین و هەندێک لە گرووپە چەپەکان بوون لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا ناچار کران قسەی دڵخوازی ڕژیم بکەن کە دوایەش بەشی هەرە زۆریان ئێعدام و کۆمەڵکوژ کران.

شەپۆلی داهاتووی دانپێدانانی زۆرەملی پەیوەندی بە خوێندکاران و ڕووداوەکانی زانکۆی تارانەوە هەیە کە لەودا سەدان خوێندکاری بێتاوان ناچار بوون دان بە گوناهی نەکردوویان بێنن. "قەتڵە زنجیرەییەکان" و دانپێدانانی ژمارەیەک لە ئەندامانی پلەبەرزی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی ڕێژیم وەک "سەعید ئیمامی" بەشێکی دیکە لە دانپێدانانی زۆرەملێن. داخستنی بەکۆمەڵی ڕۆژنامەکان و دەستبەسەرکردنی زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان و دانپێدانانیان لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی محەممەد خاتەمی، گۆشەیەکی تری تاڵی چیرۆکی ئەشکەنجە و دانپێدانان لە کۆماری ئیسلامیدایە. جێگەی سەرنج ئەوەیە کە دوای ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ساڵی ١٣٨٨ هەتاوی ئەو جار خودی لایەنی ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم بوون بە بەشی تازەی زنجیرەی دانپێدانانی زۆرەملێ. خەزەڵوەری ١٣٩٨ هەتاوی و ناڕەزایەتی بەرامبەر گرانیی نرخی بەنزین و دیسان دوپاتەی چیرۆکی کوشتن و دەستبەسەرکردن و دانپێدانانی زۆرەملێ بە هەزاران کەس. بەم ئەم لیستە دوورودرێژە، دەبێ دانپێدانانی وێبلاگنووسەکان، دانپێدانانی بەڕێوەبەرانی ئەو ماڵپەڕانەی کە پێیان دەوترێ پۆڕن، دانپێدانانی تێکدەرانی بازاڕەکانی زێڕ، دراو، شەکر، برنج و هتد، دانپێدانانی کەمینە ئایینییەکانی سوننە، بەهایی و دەروێشەکانی گونابادی و... دانپێدانانی ژمارەیەک مۆدێلی سۆسیالمێدیا یان ئەوەی پێیان دەوترێت شاخی مەجازی! و دەیان کەسی تریشی زیاد بکەین. ئێستاش لە نوێترین ئەڵقەی ئەم بەرنامە کۆمیدییەدا، دانپێدانانی ژمارەیەک ژنی ناڕازی و دژ بە حیجابی زۆرەملێیە کە دەیبینین.

ئاوردانەوەیەکی کورت بە هەموو ئەم دانپێدانانە زۆرەملێیانەوە، دەمانباتە سەر هەندێک وشەی سەرەکیی دژەشۆڕش، خیانەت، لادان، سیخوڕی و پەیوەندی بە خزمەتگوزارییە بیانییەکانەوە. لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، کۆمەڵێک کەسی بەرفراوان بە ڕێبازی جیاوازەوە ناچاربە دانپێدانانی زۆرەملێ بوون، بەڵام بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە، هەموو دانپێدانانەکان بە جیاوازییەکی کەم لە یەکتر دەچن و وەشانێکی پێشوەختە ئامادەکراون. تەواوی ئەو دانپێدانانە بە دوو ئامانجی سەرەکییەوە هاتنە نێو بەرنامەی کاری ڕژێمەوە؛ سەرەتا ڕێژیم هەوڵی دا خەڵک ڕازی بکا کە ڕێگای سەرەکی و لەڕاستیدا تەنیا ڕێگای پێشکەوتن و "صراط مستقیم" ئەو ڕێگایەیە کە ویلایەتی فەقیهـ نیشانی داوە و ئەو میتر و پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی و درۆ. بە تێپەڕبوونی زەمەن و دەرکەوتنی سروشتیی ڕێژیم، دەگمەنە کەسێک بدۆزرێتەوە کە متمانەی بەم دانپێدانانە زۆرەملێیانە هەبێت. لە ڕاستیدا خەڵکی بەگشتی پێیان وایە ئەوەی مێدیای کۆماری ئیسلامیی دەیڵێ لە بنەڕەتدا درۆ و بێبنەمایە و ڕێژیم ئیدی چاوی ڕەشی کاڵ بۆتەوە و هەزار قسە بە پووشێک.

چاوخشاندنەوە بە زۆرێک لە کۆمێنتەکانی کەسانی نێو حکوومەت بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژیم قبووڵی کردووە کە ئەم جۆرە بەرنامە تەلەڤیزیۆنیانە هیچ کاریگەرییان نەماوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، سەرەڕای زانینی ئەمە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بەم پرۆسەی هەڵەیە چییە؟ ئامانجی دووهەمی کۆماری ئیسلامی لەم کارە نیشاندانی جۆرێک لە دەسەڵات بە بۆچوونە دژبەرەکانە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئاشکرا وەبیر نەیارانی بێنێتەوە کە هیچ باکی لە دژایەتیی ڕای گشتی نییە و سەرکوتکردن و دانپێدانانی زۆرەملێ بە بەشێک لە پرۆسەی حوکمڕانیی خۆی دەزانێت. بەپێچەوانەی ئامانجی یەکەم کە بە تێپەڕبوونی کات بەتەواوی کاڵ بووەتەوە، ئامانجی دووهەم زۆر زیاتر لە ڕابردوو لەلایەن ڕێژیمەوە پێداگریی لەسەر دەکرێت. ئەگەرکۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە لەگەڵ گەلەکەیدا ئاشت ببێتەوە، بەئاشکرا لە دژی گەلەکەی چووەتە شەڕەوە و توندوتیژیی رووت بەشێکی نوێی ئەم ستراتیژییەیە. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی بەبێ ترس لە ڕای گشتی، بە هەمان ڕوخساری ئەشکەنجەدراوەوە "سپیدە ڕێشنۆ" دەخاتە بەردەم کامێرا و تەنانەت چاوەڕێی چەند ڕۆژێکیش ناکا تا کوتران و هەڵمسانی ژێر چاوی چاک بێتەوە.

کۆماری ئیسلامی دەزانێ کە کەس نییە ئێتر باوەڕ بە نمایشە گاڵتەجاڕەکەی بکات. ئەو تەنیا دەیەوێ نیشانی نەیارانی حیجابی زۆرەملی بدا کە بە زووترین کات دەگیرێن و ناچار دەکرێن بە دانپێدانانی زۆرەملێ.

چاندنی تۆوی ترس لەنێو کۆمەڵگە و تاکتیکی هێرشکردن لە جیاتی بەرگری پلانی تازەی ڕێژیمە. بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامی نایزانێ یان باشتر بڵێم نایەوێت بیزانێ، کاردانەوەی خەڵکە بەرامبەر بەم توندوتیژییە ڕووتە. دەمێکە خەڵک وازیان لە ترس هێناوە، ئێستا کەسێک کە لە کەمینەدایە و دەبێت ئاگاداری خۆی بێ ئەوە بەکرێگیراوانی ڕێژیمن. خەڵکی ئاگادار لە ماف و ڕاستییەکان، ئێتر بەئاسانی ناچنە نێو قەفەسی بیری ئێشک و بێبنەمای کۆماری ئیسلامی. ئازایەتی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەر ڕۆژ زیاتر دەبێت، ڕۆژێک پریشکێک دەبێتە هۆی ئاگرێکی گەورە و دۆمینۆی ئەم سیستەمە گەندەڵە لە ڕەگەوە هەڵدەوەشێنێتەوە.

دریژەی :

# حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی

نییە خەڵکی ناوچەکان هیچکات خزمەتەکانی نەخۆشخانەی حیزب لە بەیرەم، قالوێ، سوێناس، کانیزەرد، دەشتێ، کارێزە، بۆڵێ و کۆیە و شوێنەکانی دیکە لەبیر بەرنەوە.

هەروەها بۆ بەشی قەزایی جگە لە پەسندکردنی یاسای سزادانی گشتی، دەیان کادری قەزایی خاوەن بەرپرسایەتی لەژێر چاوەدێریی هاوڕێیانی پسپۆڕدا پەروردە دەکران. بێجگە لە پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی چەند هەزار دیلی شەڕی ڕێژیم لەو ماوەیەدا و ئازادکردنی بەشی هەرە زۆریان؛ کە دەردەکەوت بە چاوبەستراویی و بێ خەبەری فریوی ڕێژیمیان خواردبوو و هاتبوونە شەڕی کورد.

پێوەندیی مرۆڤانە و جوانمێرانەی بەرپرسانی بەندیخانە لەگەڵ بەندییەکان بە شێوەیەک بوو کە بە هیچ جۆر لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بەراوەرد نەدەکرا. لە بەندیخانەدا جگە لە ڕوونکردنەوەی بەندییەکان لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی و ئاخوندە خوێنڕێژەکان و ئامۆژگاری پێویست، کلاسی کوردی و فارسی و ئینگلیزییان بۆ دادەندرا و ڕۆحی هاوکارییان تێدا بەهێز دەکرا. زۆربوون ئەو بەندییانەی دوای ئازاد بوون دەهاتنە ڕیزی حیزب و دەبوونە پێشمەرگە. هێندێک لەوان گیانبازیشیان کردو شەهید بوون. خەڵک بۆ چارەسەری گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە ناوەندە قەزایی و نوێنەرانی لە کۆمیتەی شارستانەکان دەکرد. قانوونی سزادانی گشتی بۆ خزمەت بە خەڵک و ژینگە دامەزرا بوو. بڕینی دار و لێڕەوار، ژن هەڵگرتن، گەورە بە چووکە بەمێرددان، بەرخوێندانی کچ بۆ برا، بەرتیل وەرگرتن هەموو ئەو نەریتە کۆن و خراپانەی کوردەواریی قەدەغە کرابوو، هەر تاوانێک سزای خۆی بۆ دیاری کرابوو. ئەو بەشەش خزمەتێکی باشی بە کۆمەڵگە بەگشتی و ژنی غەدرلێکراوی کورد بە تایبەتی کرد.

کێشەی زەوی و زار کە لە سەرەتای شۆڕشدا وەزعێکی نالەباری پەیدا کردبوو، هەر ئاغا بوو لە ڕەعیت ڕۆدەهات و هێزە چەپڕەوەکانیش دواتر بە کەیفی خۆیان و بێ بەرنامە دەستیان لەو مەسەلەیە وەردەدا و بە گوریسان زەوییان لە یەکێ دەستاند و دەیاندا بە یەکی تر و ئاڵۆزیی لەسەر ساز دەبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای موتاڵا و لێکدانەوەی بۆچوونی ئەرباب و ڕەعیت و کەسانی پسپۆڕی ئەو بابەتە بەپێی هەڵسەنگاندنی وەزعیەتی تایبەتیی کوردستان بەرنامەی پێویستی بۆ ئەو ئەرکە داڕشت و خستیە نێو چوارچێوەیەکی ئوسوولی و بەپێی وەزعییەتی هەر ناوچەیەک زەوی و زاری زیاتر لە حەدی نیسابی بەشێوەیەکی عادڵانە بە نێو قەرە و جووتیاراندا بەش کرد. لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران هێکتار زەوی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا دابەش کرا. هێندێک جار مالک بۆخۆی داوای دەکرد با کوڕەکانی حیزب بێن لە گوندەکەی ئەوانیش ئەو کارە بکەن. ڕەنگە زۆر سەیر بێ لە تەواوی ئەو دابەشکردنەی زەویدا دوو سکاڵا بە کۆمیسیۆنی زەوی و زار و قەزایی گەیشت کە یەکێکیان بە قازانجی خاوەن مڵک و یەکێکیان بە سودی جوتیار یا قەرەیەک حوکمیان لەسەر درا.

بەشی ڕێگەوبان بە سەدان کیلۆمێتر ڕێگای خاکی لەو ناوچە شاخاویانەدا بۆ هاسان کردنی هاتووچۆی گوندیەکان لە ناوچە ئازاد کراوەکان لێدا. هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند پردی گرینگ دروست کران یا چاک کرانەوە بۆ نموونە پردی قەڵاتاسیان لە ناوچەی سەردەشت. ئەو پردە زیاتر لە ١٠٠ ساڵی تەمەن بوو، بەڵام سەرەکەی چەپەر بوو. نە لە زەمانی قاجار و نە لە زەمانی پەهلەویدا و نە لە زەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەستکاری نەکرا. بەشی ڕێگەوبانی حیزبی دێموکرات بە هیممەتی خەڵک چەپەری کردە چیمەنتۆ.

بۆ شەهیدانیش هەواڵی شەهیدبوونیان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان ڕادەگەیەندرا، ژیانامەیان ئامادە دەکرا و تا کەم بوون ساڵ بە ساڵ لە ڕادیۆ یادیان دەکرایەوە. هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی وێنەکانیان دەدرا. جارجار پیشانگای وێنەشیان دادەندرا. یەکەم پیشانگا بەر لە شەڕی سێ مانگە لەلایەن لقی حیزب لە تاران لە شوێنێکی هەڵکەوتوو لە مەیدانی کەنەدی بە ٥٠ تا ٦٠ وێنەی شەهیدانی زەمانی کۆمار و شەهیدانی شۆڕشی ٤٧-٤٦ دانرا و لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٣٠٠ تا ٤٠٠ هەزار کەس هاتنە سەردانکردن و دوایە هەر ئەو وێنانە بۆ شارەکانی مەهاباد، بۆکان و کرماشان گوێزرانەوە و نوێنگەیان پێدانرا و پێشوازیی گەرمی لێکرا.

تا شەهیدەکان کەم بوون و لە ڕۆژهەڵات بووین بەگوێرەی ئیمکان یارمەتییەکی ڕەمزی بە بنەماڵەی شەهیدەکان دەدرا. لە کوردستانی باشووریش بۆ ماوەیەک ئەو بنەماڵانەی بۆ سەردان دەهاتن ئەو یارمەتییە ڕەمزییەیان دەدرایە.

یەکەم کتێبی شەهیدانیش لە ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) لە ٤٦٣ لاپەڕەدا بە وێنەی هەزاران شەهید بە ناوی " شەهیدانی نەمری حیزب و گەل" چاپ و بڵاوکرایەوە کە تا ئەوکات هیچ حیزبێکی کوردستانی کاری ئاوایان بۆ شەهیدەکانیان نەکردبوو.

هەموو ئەو حەوت بەشەی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە لایەن بەشی نوێنەرانی کۆمیسیۆن لە کۆمیتە شارەستانەکان ڕاپۆڕتی تێکۆشانی مانگانەی خۆیان دەناردەوە ناوەندی کۆمیسیۆن تا ڕادەی چوونە پێشی کارەکانیان دیار بێ و هۆی جێبەجێنەبوونی بەشەکەی دیکەش دیاریی بکرێ و ڕێگە چارەی بۆ بدۆزرێتەوە.

دەتوانین بڵێین دوای کۆمارە ساواکەی کوردستان ئەوە مەیدانێکی کردەوەی دەوڵەتداری بوو کە بە سەر حیزبدا سەپێندرا بوو، بەڵام سەرەڕای کەمی ئیمکانات و نەبوونی پارەی پێویست ئەرکەکان بەباشی و ڕێژەیی بەڕێوە چوون و جێگای ڕەزامەندیی خەڵکی گەمارۆدراوی کوردستان بوون.

# حیزبی دێموکرات و تایبەتمەندییە نەتەوەیی- دێموکراتیکەکانی

**شۆڕش شاباز**

بۆ ناسین و شرۆڤەی هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی خەباتگێڕ لە چوارچێوەی دیاردەناسیی سیاسیدا دەبێ تایبەتمەندیی کات و شوێن و چۆنیەتی خولقانی ڕووداوەکان ئاوێتە لەگەڵ جۆری ڕوانگە و عەقڵییەتی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە لەبەرچاو بگیردرێ. ئەم شێوە ناسینە دەگەڕێتەوە سەر پێناسە و فەلسەفەی وجوودی ئەو شۆڕشە و لە خوێندنەوەی مێژووی حیزبی دێموکراتدا کە نزیک بە هەشت دەیە پێشەنگایەتیی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوە، بە دڵنیاییەوە دەبێ تایبەتمەندییە پادمانییەکانی وەکوو مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی دێموکرات بوونی بۆڵد بکرێت.

لە پێکهێنانی هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی بزۆتنەوەدا، پرسیار ئەوەیە بۆچی و چ بارودۆخێک بۆتە هۆی پێویستبوونی ئەو جووڵانەوەیە. هەموو جۆر ئاڵوگۆڕێک لە ڕوانگە سیاسییەکاندا بە مەبەستی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە دوو کاناڵەوە سەرچاوە دەگرن: دژکردەوە لە ناوخۆی دەسەڵات و دژکردەوە لە دەرەوەی دەسەڵات. دژکردەوەی خەبات لە نێوخۆ دێتەوە سەر بەتاڵکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی حاکم و تا بنەبڕکردنی ئەو پێکهاتە بەردەوامە، بەڵام لە دژکردەوەی ڕوو لە دەرەوە خەبات لەدژی داگیرکاریدا دێتە ئاراوە. لەم دۆخەدا وڵاتی داگیرکراو لەژێر گوشاری مەترسییەکانی داگیرکاریدا دژکردەوەیەکی توندوتیژ بەرەوڕووی خەباتێکی ناچارکراو دەکاتەوە. لەم دۆخەدا بەگشتی لەڕوانگەی ڕزگارکردنی وڵات لە چنگی داگیرکەران هەموو بزۆتنەوەکان ڕێک دەخرن و زۆربەی بەرەنگاربوونەوەکان دێنە چوارچێوەی بیروباوەڕ و ڕوانگەی ڕزگاریخوازانەوە. زۆربەی بابەتەکان ڕەنگ و ڕواڵەتی وڵاتپارێزی و هۆگربوون بە خاک و نیشتمان دەگرنە خۆیان و زۆربەی هەوڵدان و تێکۆشانەکان لە بەرنامەی کاری خەباتێکی ڕادیکاڵدا جێ دەگرێت.


ڕوانگەی دژکردەوە لە نێوخۆی وڵات بۆ ڕزگاری لە دەست دەسەڵاتی حاکم زۆرتر سیمای خەبات و تێکۆشانەکان بۆ سەربەخۆیی لەخۆ دەگرێ کە ئەم سەربەخۆییە بە ئامانجی ڕزگاربوونە لە دەست زوڵم و هەڵاواردنەکانی دەسەڵاتی لە جنسی ناوخۆی ئەو وڵاتە نەک مەترسییەکانی وڵاتانی داگیرکەر، بۆ نموونە بزووتنەوەی کاتالاییەکان و ئیرلەندییەکان، بەڵام دژکردەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی دابەشکردنەکانی جوگرافیای کوردان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە نێوان چوار وڵاتدا زور ئاڵۆزترە و میللەتێک لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا دەبوا بۆ هەر پارچەیەک شێوەیەکی جیاواز لە ڕێکخستن و خەباتی بەڕێوە بردبا و هەر بۆیە لە هەرکام لەم پارچانەدا دەستی کرد بە دامەزراندنی حیزب و گەلی لێکدابڕاوی کورد خەباتی هۆویەتخوازانەی خۆی لە هەمبەر چوار وڵاتی داگیرکەردا ڕاگەیاند و بزووتنەوەکان بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خۆیانەوە دەستیان کرد بە تێکۆشان. شێوەی خەبات و میتۆدی خەباتی سیاسی گەلی کورد هاوتەریبە لەگەڵ ئاڕاستە و پارادایمی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەمەش گرنگایەتی خۆی هەیە چونکوو بابەتی دێموکراسی و دێموکراسیخوازی وەکوو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ گەیشتن بە خواستە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد لە بەرنامەی کاری ئەم حیزبەدایە و نزیک بە هەشت دەیە وەکوو ڕێساویاسای ئەو حیزبە چاوی لێ دەکرێ.

نەتەوەیی بوون و دێموکراتیک بوونی پێکهاتەی سیستەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ لە دوو لایەنەوە چاوی لێ بکرێ. یەکەم، ئەو کاتەی باسی خەباتی نەتەوەیی/هۆویەتی – دێموکراتیکی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەرەوڕووی ئەم حیزبە دەبێتەوە، دەبینین هەڵوێستی ڕوون و پشتگیرییەکان لە هەموو ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حیزبی دێموکراتدا بە بەڵگەوە دێت و دیارە و هۆکاری ئەم هەڵوێست گرتنەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە مەسەلەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لە هەر جوگرافیایەک و لەژێر فەرمانی هەر دەوڵەتێکدا خاوەنی تایبەتمەندییە هاوشێوە و بنەماییەکانی خۆیەتی و ئەم تایبەتمەندییانە چ لە ڕووی زمانی و چ لە ڕووی جۆراوجۆری بەرفراوانی فەرهەنگییەوە، لە هەموو شوێنێکدا بە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە دەڵێن کورد. سەرەڕای هەموو سیاسەتە نگریس و زوڵمە مێژووییەکان و پیلانە ڕەشەکانی دوژمنانی دوور و نزیکی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تێکەڵاوییە فەرهەنگییەکان و هاوهەستییەکان بۆ هێما نەتەوەییەکان لە هونەرە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردان لە پارچەکانی کوردستان و تەنانەت لە وڵاتانی دوورتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کوردەکان فاکتە سەرەکییەکانی بە نەتەوەبوونیان پێوە دیارە و هۆکاری لێکبڵاوییەکەیان پێوەندی بە سیاسەتە بەرژەوەندیخوازانەکانی دەرەوەی کوردستانە نەک بارودۆخی ناوەوەی کوردستان.

ڕەهەندی سیاسی لە هەڵسوکەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئینتما هۆوییەتییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ و ڕەهەندی نەتەوەخوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوەکانی دیکەی نێو جوگرافیای سیاسی ئێران و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتارە سیاسی و خەباتە ڕەواکەی ئەم حیزبەدا. داڕشتنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی چالاکییە خۆجێییەکانیدا لە دروشمی ستراتژیکی حیزبدا (دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدراڵدا) بەتەواوی ڕاڤەکردنی خواستی کوردەکانە لە جوغرافیای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە شێوەیەکی گشتگیر بۆتە پێشاهەنگی بزووتنەوەی میللی کوردەکان. بابەتی دێموکراسی لە بەرنامەی کاری حیزبی دێموکراتدا خواستی پێشکەوتووی زەینییەتێکی کراوەی ڕوانگەی ئەم حیزبەیە بە لەبەرچاوگرتنی دوو لایەنی زۆرینە و کەمینە و پێناسەکردنی ئەرکی زۆرینە لەهەمبەر کەمینە و تێگەیشتن لە ڕاڤەکردنێکی گەشەپەسەند و جێگیر لەسەر دوو کۆڵەکەی ئازادی ڕادەربڕین و تەرخانکردنی دۆخێک کە تێیدا بەشداری کەمینە لەلایەن زۆرینەوە بە لەناوبردنی هەموو جۆرە حاشالێکردنێک سەقامگیر بکرێت. ڕەنگە گەیشتن بە دێموکراسی و دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە ئارمانێکی ئایدیاڵ بێت و گومان لەوەی کە خودی وڵاتانی دێموکراتیک بە گیروگرفتەکانی دێموکراسییەوە گلاون کرابێتە دارەدەستی ڕەخنەگران، بەڵام ڕەخنەگرانی نێو وڵاتێکی وەکوو ئێران مافی ئەو ڕەخنەگرتنەیان پێ نادرێ چونکوو لە وڵاتێکدا دژین کە دێموکراسی بە ڕواڵەتیش تێیدا تاقی نەکراوەتەوە! باوەڕی دێموکراتیک و دێموکراسیخوازی پێویستی بە پێکهێنانی فەزایەکی کراوە و بەستێنێکی گونجاوی دامەزراندنی سیستەمی دێموکراتیک هەیە. ئەو شتەی لە وڵاتانی دێموکراتیکدا دەیبینین لە ئەنجامی پڕۆڤە و ڕاهێناندا هاتۆتە دی، کەوابوو دەبێ سیستەمێکی دێموکراتیک بێتە ئاراوە کە توانای بەڕێوەبردنی ئەقڵانییەتێکی دێموکراسیخوازانەی هەبێت بۆ گەیشتن بە فەزایەکی ڕەخنەگرانە، نە ئەوەی کە لە بەستێنی ئایدۆلۆژیایەکی سەرپەرەشتیارانەی ویلایەتی فەقیهـ دێموکراسی بدرێتە بەر تۆپ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئاوەها فەزایەکی گونجاو، باوەڕی بە پلۆرالیزمی سیاسی هەیە، ئەم دێموکرات بوونەش لە حیزبدا دەتوانرێ بەم شێوە پێناسە بکرێت: حیزبی دێموکرات هەر شتێکی لە چوارچێوەی خواستی سیاسی نەتەوەی کورددا ویستبێت هەر ئەو شتەشی بۆ باقی ئێتنیک و نەتەوە و تەنانەت گرووپە سیاسییەکان وەکوو بنەمایەکی دێموکراتیک و نەگۆڕ قەبووڵ کردوە.

# حیزبی دێموکرات، داینەمۆی خەبات و گۆڕانکارییەکانی داهاتووی کوردستان



مستەفا شەڵماشی

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەمساڵ حەفتاوحەوتەمین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێ. لە و ٧٧ ساڵەدا لە زۆر بواردا ڕۆڵی پێشەنگی گێڕاوە و شانازیی بۆ نەتەوەکەی خولقاندوە. ئەم حیزبە ساڵی ١٩٤٥ وەک یەکەمین حیزبی پێشکەوتوو لە کوردستاندا بە شێوەیەکی مودێرن دامەزرا و لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا بەرنامەیەکی بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتوو، و ڕێبەرییەکی بەکۆ و ڕێبەرێکی لێهاتووی هەڵبژارد. ڕێبەرێک کە تا ئێستاش پێشەوا و جێگای ڕێزی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری یەکەمین دەسەڵاتی مۆدێرنی کوردی بوو کە نیزیکەی ساڵێک دوای دروستبوونی خۆی، بە سەرۆکایەتیی پێشەوای ڕووناکبیر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبەری حیزب، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و لە مێژوودا یەکەمین کۆماری کوردستانی بۆ تۆمارکردین. هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەباتکاری سەرەکی بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان بۆ یەکەمجار لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دامەزرا. ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوەیی گەلی کورد بە جۆرێک کە تا ئێستاش بوونە هێمای نەتەوەییمان لە سەرانسەری کوردستان هەر دەسکەوتی ئەم حیزبە بوون.

جار بە هەڵەیەکی سیاسیی بچووک ئەوەندەیان لێ دەوەرێ کە بەتەواوی لاواز دەبن و کەمتر حیزبیش هەن لە ماوەی پەنجا ساڵدا بە تەواوی نەتوابنەوە. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای حەفتاوحەوت ساڵ تەمەنیش، هێشتا جێگای هیوای ئەندامان، لایەنگران وکۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا خاوەن پێگە و خۆشەویستە. ئەو خۆشەویستییەی حیزب لەبەر ئەوە نییە کە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هیچ هەڵەیەکی نەکردوە، بەڵێ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت لەنێو ڕیزەکانی خۆیدا چەند جارێک هەڵەی کوشندەشی کردوە کە ترازان و لێکدابڕانی ڕیزەکانی لێ کەوتۆتەوە. هەروەها لە مێژووی خۆیدا تووشی ڕکەبەریی ناسالم و کێشەی لاوەکی و نەخوازراو لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوی دیکەش بووە. یان لە بەرامبەر دوژمنانی گەلەکەماندا تووشی کەمتەرخەمی و بێموبالاتی بووە کە زیانی قەرەبوونەکراوی پێ گەیاندوە، بەتایبەت بە لە دەستدانی ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا، قاسملوو و شەڕەفکەندی. بەڵام مێژووی حیزب لەژێر ڕێبەری و گیانبازیی سەردەمی کۆماردا، لە جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ و سەرهەڵدانەوەی حیزب بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی و هەزاران کادر، پێشمەرگە و ئەندام و دەیان




هەزار لایەنگر بەدەست هاتووە. حیزب لە مەیدانی کردەوەدا سەلماندوویەتی کە هیچ کاتێک دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرێ و هیچ کاتێک پشت لە قازانجەکانی نەتەوەکەی ناکا، نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری کوردستانی دابەشکراودا تەنانەت بە قوربانیکردنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانیشی، هەر پارێزەری دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو قۆناغی مێژووییدا گەورەترین حیزبی کوردستانی و دەسەڵاتداری ناوچەی خۆی بووە. هەم لە سەردەمی کۆماردا و هەم بۆ ماوەی شەش ساڵ لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران. لە هەردووک ئەو قۆناغانەدا ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ، یارمەتی بە خەباتکارانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردوە. هەرچەند لە هەردووک قۆناغەکەدا لەژێر فشاری شەڕێکی خوێناوی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی ئێراندا بووە، بەڵام بە هێچ شێوەیەک ئامادە نەبووە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ساتوسەودا بە مەسەلە نەتەوەییەکەوە بکا و بچووکترین زیان بە بەشەکانی دیکەی کوردستان بگەیەنێ. بەپێچەوانەوە زۆر جار لە مێژووی خۆیدا، قازانجەکانی کاتیی خۆی فیدای پاراستنی پرەنسیپە نەتەوەییەکان کردوە. تەنانەت لە مێژووی تازەشیدا کە ڕێبەرایەتییەکەی بەناچاری لە باشووری کوردستان جێگیر بووە، هەمیشە هەوڵی داوە تەنانەت ئەگەر بۆخۆی زیانیشی پێ گەیبێ، دەسکەوتەکانی هەرێمی باشووری کوردستان بپارێزێ و ئەوەندەی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ گەشەپێدانی ئەو دەسکەوتانە و یارمەتیدەر بێ بۆ ئاشتی و تەبایی نێو هێزە کوردستانییەکان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەمو ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە هاتوونە سەر ڕێگای و زۆرجار تا سنووری کەوتن چووە، بەڵام هەموو جارێ هەستاوەتەوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسان خۆی گرتۆتەوە و بۆتەوە چاکەسواری مەیدان و جڵەوی خەباتی وەدەست گرتوە. هەرچەندە لە قۆناغی جۆراوجۆردا تووشی لێکدابڕان و پەرەوازەیی بووە، بەڵام بە هیممەتی کادرە وردبینەکانی، جارێکی دی ڕیزەکانی خۆی پتەو کردۆتەوە و نەمامەکانی دواڕۆژی خۆی بە ئاوی یەکیەتی پاراو کردۆتەوە و دوژمنانی ناکام هێشتۆتەوە.

بێگومان حیزبی دێموکرات لەو ماوە دوور و درێژەدا و لەنێو تۆفانی ئەو هەمووە دژواری و نەهامەتییانەی بەسەر خۆی و گەلی کورددا هاتوە، ڕەنگە لە هێندێک قۆناغدا تووشی هەڵەی تاکتیکیش بووبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شانازییەکی گەورە بۆ ئەو حیزبە خوشەویستەی گەلی کورد ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز و لە هیچ قۆناغێکدا نەبووەتە داردەستی دوژمنان و هیچ کاتێک سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەداوە. تەنانەت ئەگەر هەڵەشی کردبێ، لەسۆنگەی کارتێکەریی هیچ لایەنێکدا نەبووە و لە خانەی هەڵەی سیاسی و تاکتیکیدا خۆی دیوەتەوە، یا لەلایەن هێز و لایەنی دیکەڕا و بە هۆی هەلومەرجی نالەبارەوە بەسەریدا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرچەند لە تەمەندا ساڵانێکی تێپەڕاندوە، بەڵام لە بۆچوون و گوتاردا هەمیشە ڕوحێکی زیندووی بووە. ئەو حیزبە هەرچەند لەنێو گیر و گرفتی جۆراوجۆردا ماندوو دیارە، بەڵام ئیمکانات و ئێنێرژیی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کە بنەماڵەکەی لێکترازانی پێوە دیار بووە، بەڵام ویست و پتانسێلی کۆکردنەوەی نێوماڵی خۆی و بەرهەمهێنانی یەکیەتی و پتەوکردنی ڕیزەکانی خۆی و نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەمیشە هەبووە. خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو جەماوەری خۆیدا دەتوانم بڵێم بێوێنەیە. لە سەرانسەری جیهاندا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە ڕۆژ و بە مانگ و ساڵ لەژێر تاقیکردنەوەی بەدەنە ولایەنگران و کۆمەڵانی خەڵکدان و زۆر

کەواتە لە باری مێژووییەوە دەتوانین شانازی بە حیزبەکەمانەوە بکەین. مێژووی خاوێن بناغەیەکی باشە بۆ ئەوەی داهاتووی لەسەر بنیات بنێی. بەڵام بەس نییە بۆ ئەوەی کە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەدوا نەکەوی. بەس نییە بۆ ئەوەی خەباتەکەت بە جەماوەری بکەی و مافەکانت بەدەست بێنی. گرفتی ئێمە ئەوەیە کە لەنێو ئەو مێژووە جوانەدا گیرمان کردوە و زۆرتر بە مێژووەکەمانەوە خۆ ڕادەنێین. شانازی بە ڕابردوومان و پشتبەستنی لە ڕادەبەدەر بە ئەنجامی خەبات و گیانبازیی ڕێبەرانی شەهیدمان، نابێ ئەوەندە غافڵمان بکا کە بۆ داهاتوو لە بیری پلان و بەرنامەدا نەبین. پێویستە بەپێی هەلومەرج بەرنامەمان بۆ داهاتوو هەبێ، چونکی چەقی خەباتی ئێمە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسیدایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا دێ زیاتر لە زەلکاوی پاشماوەی جینایەتەکانیدا نوقم دەبێ. بەرهەمی چلوسێ ساڵ سەرکوت و ئیعدام، ئاژاوەگێڕی لە ناوچەدا و دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، میلیتاریزەکردنی کوردستان و برەوپێدانی تیرۆریزم لە ناوچەدا، کۆمەڵکوژیی زیندانییان و تیرۆری ڕێبەرانی سیاسیی کوردستان و ئێران و چەکدارکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، بەرنامەی مووشەکی و پەهپادی و هەوڵدان بۆ نائەمنکردنی شارێی گواستنەوەی وزە و پەترۆڵ لە کەنداو، وەلانانی ئابووریی سەردەم و دەستبەسەرداگرتنی سوپای پاسداران بەسەر هەموو ڕەگەکانی ئابووری ئێراندا و لە کۆتاییدا برسیکردنی زیاتر لە شێست لە سەدی دانیشتووانی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێران، کارێکیان کردوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆی ئێراندا و چ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چ لە ڕاددەی دنیادا، ببێتە ڕێژیمێکی قێزەون، مەحکووم و ئیزۆلە بوو. گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیم لە نێوخۆیدا بە ڕادەیەک لە داڕمان نیزیک بۆتەوە کە تازە زۆر دژوارە بتوانێ خۆی کۆ کاتەوە و چارەسەری ئێزۆلەبوون، ناکارابوون و دواکەوتوویی خۆی بکا و ڕووخانی ڕژیم تەنیا بەستراوەتەوە بەوەی کە ئاڵتەرناتیڤێکی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێران و شوێنی ژیئۆپۆلیتیکی ئێران درووست ببێ.

لە هەلو مەرجێکی ئاوادا پێویستە ئێمە خۆمان بەرۆژەڤ بکەینەوە، بەرنامەمان بۆ داهاتوو هەبێ و پێش ئەوەی ڕێژیم بڕووخێ، بنچینەکانی دەسەڵاتی خۆییمان لە کوردستان دیاری کردبێ. ئەوەش تەنیا بە بەرنامەی هەر حیزبەی کە ئامانجەکانی دواڕۆژی خۆی تێدا دیاری کردوون و زۆرجاریش ناتەبایی لەنێوان بەرنامەی حیزبەکاندا هەیە، جێبەجێ نابێ. ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بەرنامەی هاوبەشمان بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. لە کاتی پێکهاتنی هەر ئاڵوگۆڕێکدا پێویستە دەستبەجێ بە هاوکاریی یەکتر بەرنامە گشتییەکە بۆ کوردستان پیادە بکەین و بۆ دەوڵەتی ناوەندیی خۆمان بکەینە ئەمری واقیع. نابێ مەسەلەکەمان بسپێرین، بە دێموکڕاسی، وادە و بەڵێنی دەستووری و ڕەئی خەڵکی سەرانسەری ئێران. نابێ بەدیار ئەوەوە دانیشین دیسان زنجیرەیەک لە وتووێژ و کاتکوشتن دەست پێ بکاتەوە تا دەوڵەتی ناوەندی خۆی دەگرێتەوە و دیسان هێرشمان بۆ دێنێتەوە. ئێمە دەبێ دەست بکەین بە نیشاندانی دەسەڵاتێکی کوردیی پێشکەوتوو و ڕاست و زەحمەتکیش بۆ نەتەوەکەمان. پێویستە بەر لە هەموو شتێک یەک بگرین و هەموومان پێکەوە تەنیا بە ئامانجی خزمەتکردن ڕێک بکەوین و نیشانی کۆمەڵانی خەڵکی خۆمانی بدەین کە هەموو زەحمەت و خەباتی چەند ساڵەمان تەنیا و تەنیا بۆ خزمەت بە ئەوان بووە و دادپەروەری لە دابەشکردنی ئیمکاناتی وڵاتدا لە سەرووی هەموو شتێک دەبێت.

پێویستە لە ئێستاوە هەوڵ بدەین کە پێشمەرگە بە گشتی ببێتە هێزێکی نیشتمانیی یەکگرتوو. بەرەو درووستکردنی هێز و دەسەڵاتی حیزبی نەڕۆین، بەڵکو هەوڵ بدەین دامەزراوەی نیشتمانی لە هەموو بوارەکاندا بەرهەم بێنین. پێویستە گیروگرفتەکانی خۆمان بە ڕێگای جێگیرکردنی دێموکڕاسی ڕاستەقینەدا، کە تێیدا هێزی قانووندانان و ئیجرایی بە ئیرادەی گەل هەڵدەبژێردرێن و هێزی قەزایی بەتەواوی سەربەخۆیە، چارەسەر بکەین و لە دژی یەکتر سەنگەر نەگرینپ نە سەنگەری چەکدارانەو نە سەنگەری سیاسی.

بۆ وەدیهاتنی هەموو ئەو ئامانجانە بوونی حیزبێکی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. بۆیەشە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و یەکخستنەوەی وزەی خەباتگێڕیی دێموکراتەکان گوڕوتینێکی باش بە خەباتی حیزبە خۆشەویستەکەمان دەدا و دەشبێتە کۆڵەکەیەکی بەهێزی بەرەی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە دڵنیاییەوە حیزبی دێموکرات دەبێتە داینەمۆی یەکگرتوویی بۆ هێزە سیاسیەکانی دیکەش.

# فێمینیزم و خەباتی نەتەوەیی هاوشان و هاوتەریب

## (فێمینیزمی ئێرانی و پرسی ژنی کورد لەم فێمینیزمەدا)

## (٣-٢)



د. ئازاد محەممەدیانی

کورد لە ڕۆژهەڵات بەپێی ئەوەیکە لە چوارچێوەی سیاسی ئێران دایە، وێڕای ئەم کۆمەڵگەیە دەستەویەخەی گەلێک قەیران و کێشەیە کە هەر کام بنەمای جۆرێک ناتەواوی و لە ئاکامدا ستەمیان پێکهێناوە، کەلێنی ئایینی ستەمی ئایینی، کەلێنی نەتەوەیی ستەمی نەتەوەیی، کەلێنی چینایەتی ستەمی چینایەتی، کەلێنی ڕەگەزایەتی ستەمی ڕەگەزایەتی،... و لە کۆتاییدا قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی گەشەنەسەندوو کە دەستەویەخەی چەندایەتیی پێکهاتەییە (تعدد ساختاری)؛ بە شێوەیەک کە هاوکات دامەزراوە مۆدێرنەکان بوونیان هەیە پاشماوەکانی پێکهاتە نەریتیەکانیش جێگیرن و بوونەتە هۆی ئەو دۆخەی ئێستا کۆمەڵگەی ئێرانی تێدایە و واتایەکی جیاواز لە هەموو کۆمەڵگەکانیان داوە بە کەلێنی سونەت و مۆدێرنیتە. کۆمەڵگەیەک کە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکانی نوێ هاوڕێ بکات و کاریگەری مۆدێرنیتە لە سەر دەزگای حقووقی، کولتووری و سیاسیشدا مانادار نییە بەڵام مۆدێرنیسم تەنانەت لە ژووری نووستنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا لە جموجۆڵدایە و ئەم کۆمەڵگەیەی تووشی مۆدێرنیسمی (کژدیسە) کردوە، جۆرێک لە گۆڕان کە نەتەنیا نەبۆتە هۆی لێک گرێ دانەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و حقووقی ئەم کۆمەڵگەیە لە سەر بنەمای عەقڵیەتێکی سەردەمیانە و گونجاو، بەڵکوو چین و جیاوازییەکانی سەرجەم پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بەرداوەتە گیانی یەکتر و دەربازبوون لە هەر کام لەو کێشە و ناتەباییانە پێویستی بە خەباتێکی جیاواز و لێک گرێ دراو هەیە، خەباتێک کە بە شێوەیەکی هاوشێوە پێویستە هەموو جومگە و جیاوازییەکانی ئەم قەوارە جوغرافیاییە بگرێتەوە. کۆمەڵگەیەک کە لە پتر لە سەد ساڵ لەوەپێشەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری خەبات دەکا و بە نوێبوونەوەی بنەما هزری و بەپێی گەشەی ئابووری و گۆڕانی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە هێندێک قۆناغدا خەباتی چینی ناوینش لە ئارادا بووە، خەباتێک کە دەتوانێ هاندەری ژنان وەک چینی تازە وەئاگاهاتووی ئەم کۆمەڵگەیە بێ.

سەرەڕای ئەم ناتەواوی و کێشانەی کۆمەڵگەی ئێران، ئاستەنگەکانی بەردەم فێمینیزمی ئێرانی و جۆری پێکهاتنەکەی دەتوانن ئەم سێ خاڵە بن:

یەکەم؛ ئیستبدادی سیاسی کە بۆتە سازکردنی بەربەست لە بەردەم چالاکیی فێمینیزمی ئێرانی و ئیزن نەدان بۆ کارکردن بە شێوەیەکی ئازاد و بەربڵاو.

دووهەم؛ جەهلی گشتی و پێکهاتەی باوکسالاریی کۆمەڵگە کە ئیزن بە سازبوونی بەستێنێکی گونجاو بۆ چالاکی فێمینیستی نادات.

سێهەم؛ کۆچی گشتی بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی چالاک بۆ دەرەوەی وڵات و سازبوونی دوو ژینگەی جیاوازی چالاکی ژنان کە ئاکامەکەی لێک تێنەگەیشتنی ئەو دوو بەشە و سازنەبوونی یەکانگیری بە هۆی دووری و جیاوازیی بەستێنی چالاکیەوە. (درویش‌پوور، ١٣٩١)

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خەسارانە فێمینیزمی ئێرانی لە بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئێراندا ژیاوە و توانیویەتی لە هێندێک قۆناغدا دەستکەوتی گشتی لە پێناو وشیارکردنەوەی ژنی ئێرانیدا بەدەست بێنێ، بەڵام هەروەک لە درێژەدا دەبینین هیچ یەک لە قۆناغەکانی ئەم فێمینیزمە نەیتوانیوە پێوەندی لەگەڵ ژنی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێراندا هەبێ یا کەڵکەڵەی ئەم بەشە لە ئافرەتان ببێتە بابەتی ئەم فێینیزمە. وەک گرینگترین خەساری فێمینیزمی ئێرانی، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە فێمینیزم لە ئێراندا قەت نەیتوانیوە قەوارەیەکی نەزەری و تیئۆریک بۆخۆی دەستەبەر بکات و حەولی فێمینیستی تەنیا لە چوارچێوەی بزووتنەوەکان، بەبێ تیئۆری ماوەتەوە. دیارە هێندێک نووسراوە و وتار لە پێوەندی لەگەڵ فێمینیزمی ئیسلامی و جۆرەکانی فێمینیزم بڵاو بوونەتەوە بەڵام ئەم حەولانە نەیانتوانیوە چوارچێوەیەکی نەزەری باوەڕپێکراو و بەهێز بن بۆ فێمینیزمی ئێرانی.

پێنج بەرە لە پێنج قۆناغی جیاوازدا بۆ فێمینیزمی ئێرانی باس دەکرێ کە هاوکات لەگەڵ باسکردنی ئەم پێنج دەورەیە پێوەندییەکانی لەگەڵ بابەتی فێمینیزمی کورد دەخەینە بەر باس.

بەرەی یەکەم؛ یەکەم بەرەی فیمینیستەکان ئافرەتانی بەشدار لە بزووتنەوەی مەشرووتە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بوون کە بێجگە لە ویستی سەربەخۆیی، داواکارییە سەرەکییەکانیان بریتی بوو لە؛ داواکاریی مافی دەنگدان و گرفتەکانی ژنان لە نێو بنەماڵە و بەفەرمی‌ناسینی مافی خوێندنی ئافرەتان لەنێو نیزامی پەروەدەدا. ئەم بەرەیە لە سەرەتاکانی ورووژاندنی باسی مەشرووتەخوازیەوە سەریان هەڵدا و تا بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شا بۆ ماوەی سێ دەیە حەولیان دا. لەم قۆناغەدا چالاکیی ئافرەتان، بۆ گەیشتن بە هێندێک ویست و داواکاری دیار و تایبەت بوو، بۆیە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ئەم نەوەیە بزووتنەوەیەکی "داواتەوەر" بووە.(ئەحمەدی خوراسانی، ١٣٨٦) لەم قۆناغەدا وەک لە خوێندنەوە و سەرنجدان بە جۆری تێکۆشانەکانیاندا دەر دەکەوێ لە بنەمادا هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئەم بەرەیەی فێمینیزمی ئێرانی و ژنی کورد و باقی پێکهاتەکان لە ئارادا نییە، دیارە لەو سەردەمەدا کورد لە دوو سەنگەردا خۆی دەدیتەوە، تاقمێک کە سەر بە سەرۆک عەشیرەتەکانی باکوور و نێوەڕاستی کوردستان بوون بەهۆی ئەوەیکە مەشرووتە دەتوانێ ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی ئەوان تێک بدات و بە زیانیان دەبێ دژایەتی مەشرووتەیان دەکرد، بەڵام لەلایەکی دیکەوە چینی شاری و مام ناوەندیی کوردستان و بەشێک لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات هاوڕێ و هاوپەیمانی مەشرووتە بوون، کە بە لە بەر چاو گرتنی ئەم هاوڕێیەتیە، چاوەڕوان دەکرێ پردێک لەنێوان ئەم بەرەیەی فێمینیستەکانی ئێرانی و کوردەکان بکرێتەوە یا بابەتی ژنی کورد وەک بەشێک لە ژنانی ئەسیری نەریتی پیاوسالارانەی ئەم بەشەی ئێران لە بەرنامەکانیان دا بگونجێ، کە ئەو شتە لەو قۆناغەدا نابیندرێ.




بەرەی دووهەم: ئەم بەرەیە لە سەردەمی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ڕەزاشادا سەریان هەڵدا. لەو کاتەدا "نوێخوازی" ببووە ئیدئۆلۆژیی حکوومەتی دەسەڵاتی ڕەزاشا و بەشێک لە ویستەکانی ژنان لەم چوارچێوەیەدا جێی دەبۆوە. لە ڕاستیدا "مۆدێرنیزم" و "نوێخوازی" پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزاشا وەک شێوە و ستایلێک لە ژیان لەلایەن ژنانەوە چاوی لێ دەکرا، بەڵام کە ئەم واتایانە بوونە ئیدئۆلۆژیی حکوومەتیی ئەم نیزامە نوێیە، لە نێوان فێمینیستەکاندا کە لە قۆناغی پێشتردا یەکگرتوویی بوونی هەبوو، لێک ترازان ڕووی دا. بەشێکیان پەسیو بوون و لە مەیدان چوونە دەرێ، بەشێکیان لە چوارچێوەی گوتاری دەسەڵاتدا درێژەیان بە چالاکی دا و بەشێکی دیکە وەک ڕەخنەگرانی ئەم جۆرە لە مۆدێرنیزمی داسەپێندراو تێکەڵ بە جەریانە سیاسیەکانی ئەو سەردەم بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٣٢٠تا ١٣٣٢ بوون. لەم سەردەمەدا مۆدێرنیسم و گوتاری ناسیۆنالیستی ڕەزا شا نە تەنیا نەیدەتوانی هیچ بەهرەیەک بە کورد بگەیەنێ بەڵکوو حەول بۆ هاوشێوە سازی ئێران و ئاسیمیلەکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیسمی قەومی کەوناراخوازی ڕەزاشا، ستەمێکی سازمان دراو و نوێی بە سەر کورد و ژنی کورددا سەپاند کە ئەوە دەیتوانی بۆخۆی بەردی بناغەی پێوەندی فێمینیزمی فارس بەتایبەت ڕەخنەگرانی باڵە حکوومەتییەکە لەگەڵ ژنی کورد ساز بکات، کەچی هیچ نیشانەیەک بۆ هاوکاری یا کەڵکەڵەی فێمینیزمی فارس یا جەریانە سیاسییەکان بە نیسبەت ژنانی کوردەوە نابیندرێ. ئەگەرچی هەر لەم سەردەمەدایە کە کۆماری کوردستان و یەکەمین ڕێکخراوەی ژنانی کورد دادەمەزرێ و پاشانیش لەنێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودەدا پێوەندییەکی باشی هاوکاری شکڵ دەگرێ. بەڵام هەرگیز ئەوەش نابێتە دەلاقەیەک بۆ هاتنەژوورێی پرسی ژنی کورد بۆ نێو بەرنامەی توودە، وەک نیوەی کوردستانی ژێردەستە، کە ئێستا بە بۆنەی ڕوانگەی نوێخوازانەی دەسەڵاتی پەهلەوییەوە تووشی ستەمێکی دیکەش بووە. ئەم سەردەمە کە سەرەتای ژیانی سیاسیی کورد لە چوارچێوەی گوتارێکی مۆدێڕن و لەسەر بنەمای حیزبایەتیدا بوو توانی هەنگاوی یەکەم بۆ باسکردن لە پرسی ئافرەتان هەڵبهێندرێتەوە، بەڵام ئەوە بە مانای شکڵگرتنی گوتاری فێمینیزمی کورد بۆ سڕینەوەی ستەمی ڕەگەزایەتی نەبوو بەڵکوو ئەو حەولە لە قەوارەی بزووتنەوی نەتەوایەتی و دژ بەو ستەمە بوو.

بەرەی سێهەم؛ بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی محەمەدڕەزاشا، لە دەیەی ٤٠ی هەتاوییەوە بزووتنەوەی ژنان بە ناچاری بە دوو ڕەوتی گشتیدا دابەش بوو. بەشێکیان پێداگرییان لەسەر گۆڕینی هێندێک یاسای دژی ژن لە ڕێی پێکهاتە حکوومەتیەکان و لە ئاستی نێو نەتەوەییەوە کرد. بەشەکەی دیکە بە مەبەستی گەیشتن بە ژیانێکی عادڵانەتر بۆ خۆیان (خۆیەک کە زۆر جەختی لەسەر شوناسە ژنانەکەی نەکرابوو بەڵام دیارە هێندێک نیگەرانی لە ئارادابوو) تێکەڵ بە ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەو سەردەم بوون بۆ ڕووخاندنی سەرجەم ئەو دەسەڵاتە سیاسیە. شێوەی چالاکی بزووتنەوەی ئەم بەرەیە "ئیدئۆلۆژی‌تەوەر" بوو. لە بری ویست و داواکاریە جیاوازەکانی خۆیان ئیدۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان بووە ناوەندی چالاکیی ئەم ژنانە. هەر بەم هۆکارە بەربەرەکانێ و تەنانەت دژایەتیش کەوتە نێو ژنانی چالاکەوە و بزووتنەوەی ئافرەتان لەم سەردەمەدا تووشی دابڕان لە ویستە سەرەکییەکانی خۆی بەبۆنەی تێکەڵبوون بە ئیدئۆلۆژییە سیاسیەکانەوە بوو. دیارە وەک دەبینین ئەم قۆناغە سەردەمی شکڵگرتنی بزووتنەوە سیاسیەکانی ئێرانە بەدژی حکوومەتی پەهلەوی و بەپێی جیاوازیی حیزب و لایەنەکان جیاوازی لە نێوان گوتاری فێمینیستی ئافرەتانی ئێران پێک دێ و لە لایەکی دیکەشەوە فێمینیزمی حکوومەتیش درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. لەو سەردەمەدا کوردستانیش تووشی گۆڕانکاریەکی پتر بە نیسبەت دەورەی ڕەزاشا دەبێ و جیلێکی نوێ لە خوێندکارانی ژنی کورد دێنە ساحەی کۆمەڵایەتییەوە و دەبنە ئەو هێزەی کە دواتر تێکەڵ بە شۆڕشی ساڵی ٥٧ دەبن.

لەو سەردەمەشدا هیچ نیشانەیەک لە کەڵکەڵەی فێمینیزمی ئێرانی بە هەر دوو باڵی حکوومەتی و دژی حکوومەتیەوە نابیندرێ، بەڵام بەرنامەی نوێی پەروەردەی دەسەڵات توانیویەتی گۆڕانکارییەک لە قەوارەی کۆمەڵایەتی کوردستان و ژنانی کورددا پێک بێنێ کە ئەوە هەم لە باری فیکریەوە ڕووی دا و هەم لە باری ڕواڵەت و ستایلی ژیانی ژنی کوردەوە، بە تایبەت چینی مام ناوەندی شار. بەڵام ئەوە نەیتوانی ببێتە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنانی کورد پێک بێ یا ببێتە هۆی پێوەندیەکی ئۆرگانیک لەگەڵ ڕەوتی ئافرەتانی ناوەند. دیارە ڕەنگە تاک و تەرا هەبووبێ ژنی کورد خۆی لەو بازنەیەدا وەک تاکێک دیبێتەوە بەڵام کێشەی ستەمی چەند قاتی ژنانە لە ژنی کوردی ژێر هێژموونی دەسەڵاتی پیاوسالارانە و حکوومەتی پاشایەتی لەلایەک و مەودای زۆری چینایەتی نێوان ژنی مام ناوەندی شاری و لادێی نەبووە هەوێنی بزووتنەوەیەکی تایبەت بە ئافرەتان و تەنانەت بزووتنەوەی نەتەوەییش نەیتوانی پرسی ژن وەک یەک لە دالە گرینگەکانی گوتاری سیاسی خۆی بخاتە بەرنامەوە.

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە



حەبیبوڵڵا لەتیفی

ئا: دیاکۆ دانا

تێچووی چالاکیی سیاسی لە کوردستان بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران وەک یەک نییە. زۆرترین ئێعدامەکان، زۆرترین گرتن و دەسبەسەرکردنەکان، زۆرترین ئێعدام و زۆرترین کەشی سەرکوت و زەبروزەنگ لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ڕێژیمەوە لە کوردستان و لە دژی جووڵانەوەی سیاسیی کورد کراون. هەموو ئەو زەبروزەنگ و بردنەسەرێی تێچووی چالاکیی سیاسی بۆ ئەوە بووە کە پێشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی پێ بگیردرێ. بەڵام مێژووی قوربانیدانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و هەروەها خۆڕاگریی بەندییە سیاسییەکانی کورد پێمان دەڵێ ئەوەی چۆکی لەبەردەم ویست و ئیرادەی ئەویدی داداوە، ڕێژیم و دەزگای سەرکوت و داپڵۆسینی بووە.

لە ستوونی "زیندانبەزێنەکان"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا باسێک لە پەروەندەی حقووقیی حەبیبوڵڵا لەتیفی، بەندییەکی دیکەی سیاسیی کورد دەکەین کە بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و لەسۆنگەی چالاکیی سیاسی دژی ئەو ڕێژیمەوە سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە و ئێستا ماوەی ١٥ ساڵە لە زیندانی ناوەندیی شاری سنەدا بەند کراوە.

حەبیبوڵڵا لەتیفی کە ئێستا تەمەن ٤٢ ساڵە لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا خوێندکاری زانکۆ بوو. بنەماڵەی "حەبیبوڵا لەتیفی" بنەماڵەیەکی ناودار و ناسراوی شاری سنەن و، باوکی حەبیبوڵڵا ڕێز و حورمەتی تایبەتیی لەنێو هەموو چین و توێژەکانی ئەو شارەدا هەیە.

حەبیبوڵڵا ڕۆژی ١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی لە کاتێکدا کە خوێندکاری کۆتا ساڵی خوێندنی بەشی ئەندازیاریی پیشەسازی لە زانکۆی ئیلام بوو، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر کرا. پاش سێ مانگ بەندکرانی لە سللوولی تاکەکەسیی گرتنگە ئەمنییەتییەکانی شاری سنەدا، لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری سنەدا تۆمەتی ئەندامەتیی پارتی ژیانی کوردستان (پژاک)ی درایە پاڵ و بە تاوانی "محارب" و "فەساد لەسەر عەرز"ی بەسەردا ساغ کرایەوە و لەو سۆنگەیەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا. بەپێی ئەو پەروەندەیەی لە دژی حەبیبوڵڵا دروست کرابوو، ناوبراو لە تەقینەوە دەنگییەکانی مەیدانی ئازادیی سنە لە ساڵی ٨٦ و بۆمبڕێژکردنی ئۆتومبیلی دادستانی سنەدا دەستی بووە و لە پەلامار بۆ بنکەیەکی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەو شارەدا بەشداریی کردوە. بەڵام هادی قائیمی، وتەبێژی کەمپینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤی ئێران بە پشتبەستن بە قسەکانی پارێزەری حەبیبوڵڵا (نیکبەخت) بە مێدیا جیهانییەکانی ڕاگەیاند کە هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو تۆمەتانە لە پەروەندەکەدا نەبووە و ئەوە تەنیا ئیدیعای ناوەندە ئەمنییەتییەکانە و دادوەری پەروەندەکەش ناچار بووە ئەو سزایەی لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەستنیشان کراوە، وەک خۆی بەسەر ناوبراودا بسەپێنێ.

حوکمی ئێعدامی حەبیبوڵڵا لە هاوینی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا بە ناوبراو ڕاگەیەندرا و پاش تانەلێدانی پارێزەری حەبیبوڵڵا لەو بڕیارە پەروەندەکەی نێردرایە دادگای پێداچوونەی پارێزگا و، هەر لە زستانی ئەو ساڵەدا سزای لەسێدارەدانی بەسەرداسەپاوی ئەو وەک خۆی پشتڕاست کرایەوە.

سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر حەبیبوڵڵا لەلایەن دەستگای دادی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدایە کە ئیلهام لەتیفی، خوشکی حەبیبوڵڵا لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەری و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا ڕایگەیاندبوو، کە براکەی تەنیا چالاکی فەرهەنگی و مافی مرۆڤی بووە و، کەسێک کە لەم بوارانەدا هەڵسووڕانی بێت، ناتوانێ بۆمب دانێتەوە یان لەدژی خودا ڕابێت. سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر حەبیبوڵڵا لەتیفی لە کاتی خۆیدا شەپۆلێکی بەرین لە ناڕەزایەتییەکانی چالاکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بەرەوڕوو بۆوە. ئەو ڕێکخراوانە کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییش یەک لەوان بوو، لە چەند ڕاگەیەندراوی ڕەسمیدا تانەیان لە داگای نادادپەروەرانەی حەبیبوڵڵا دا و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی ناوبراو بوون. هەر ئەوکات خوالێخۆشبوو مام جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری ئەوکاتی عێراق لە سەردانێکیدا بۆ ئێران کە بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی کردبووی، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی دەستگای دادی کۆماری ئیسلامیدا پرسی سزای ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفیی هێنایە بەرباس و خوازیاری ئازادکردنی بوو. بەمجۆرە بە نێوبژیوانیی مام جەلال و پاش هەڵمەتێکی بەرین و بەردوامی گوشار و ناڕەزایەتییەکان بەو حوکمە، سزای سێدارەی حەبیبوڵڵا پاش ١٠ ساڵ لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەز ١٣٩٦ی دوای پێداچوونەوەی سەرلەنوێ بە پەروەندەکەی بە پلەیەک داشکان بۆ زیندانی هەتا هەتایی گۆڕدرا.

حەبیبوڵڵا لەتیفی لەگەڵ ئەوەی ساڵانێک لە مافی سەردان و چاپێکەوتنی بنەماڵەکەی بێبەش کرابوو، لە نێو زیندانیشدا ڕێگەی پێ نەدەدرا کەلک لە ئیمکاناتی وەرزشیی نێو زیندان وەرگرێ. ئەوە بوو کە دوای داشکانی حوکمی ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو (١٤٠٠ هەتاوی) ناوبراو پاش ١٤ ساڵە مانەوەی بەردەوام لە زیندان و بێبەش‌بوون لە مافی مەرەخسی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی بەهۆی توشبوونی بە چەند نەخۆشییەکی قورس کە چارەسەرکردنیان لە نەخۆشخانەی زیندان ئیمکانی نەبوو؛ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئەویش بە دانانی بارمتەی قورسی نێردرایە مەرەخەسی.

زیندانیی سیاسی بەتایبەت بەندیی سیاسیی کورد لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا خاوەنی کەمترین ماف نین. کۆماری ئیسلامی وەک نەیار و دوژمنی قەستەسەر چاو لە زیندانیی سیاسی دەکا و هەوڵ دەدا بە هەموو جۆرێک لەگەڵ دنیای دەرەوە دایانبڕێ. لەو نێوەدا ئەرکی کۆمەڵگە و بەگشتی ڕووناکبیر و چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کۆمەڵگەیە کە خاوەندارەتیی لە پرسی بەندکراوانی سیاسی و ئەو مرۆڤە لەخۆبووردووانە بکەن کە ژیانیان لەپێناو پرسەکانی کۆمەڵ داناوە. زیندانییانی سیاسی نابێ هەست بە تەنیامانەوە بکەن. ئەوان دەبێ ئەو دڵنیاییان هەبێ کە گەلێک و خەڵکێکیان بەتەواوی لەپشتە.

هەگبەی شاخ و شۆڕش



## مەلا سمایل کوردنژاد
## ڕۆڵەیەک کە نەیهێشت چەکی برا شەهیدەکەی بکەوێتە عەرزی


برایم چووکەڵی

لەو کوردستانە پان و بەرینەدا زۆر بنەماڵەی فیداکار بەرچاو دەکەون کە لە هەموو تەمەنیان ساتێک خۆشییان نەدی. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتداری بەسەر وڵاتەکەماندا. چونکی نەتەوەتەکەمان لە ڕۆژی یەکەمەوە بە ناخۆشی و دوور لە خۆشییەکانی ژیان فرچکی گرتووە و زۆردارانی دەسەڵاتدار هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە نەیانهێشتوە سەری بەرز کاتەوە. کەوابوو زۆر ئازایانە بەدرێژای مێژوو بەربەرەکانێی لەگەڵ ملهوڕان و زۆرداران کردوە. چونکی تا ناعەدالەتی لە نێو کۆمەڵگەدا هەبێ خەبات بۆ بەختەوەریی ژیان و سەربەستیی مرۆڤەکان درێژەی هەیە. مەلاسمایل کوردنژاد یەکێک لەو قارەمانانەیە کە بەردەوام دژی زۆرداری وەستاوەتەوە و لە گۆشەی هەگبەی "شۆڕش و شاخ"ی ئەمجارەماندا یادێک لە ناوی دەکەینەوە.

تازە دەربەگایەتی بارگەوبنەی پێچابۆوە کە لە ئاوایی "زمێ" لە ناوچەی شنۆ سمایل چاوی بە دنیا هەڵێنا و، پاشان بە ڕەوڕەوەی دار بەڵالووکەکانی شنۆی دڵسۆز پێی هەڵگرت و ڕەوانەی قوتابخانە کرا. لەو هەلومەرجەی ئەوکات توانی تا پۆلی ٦ی سەرەتایی بخوێنێ و پاشان ڕەوانەی قوتابخانەی ئایینی کرا. هەلومەرجی ژیان وای کرد کە مەلاسمایل کوردنژاد ڕوو لە کاری وەرزێڕی بکا. بەڵام وەک بەژان لەدایک بوو، بەژانیش گەورە بوو، و تامی تاڵی ژیانی ناخۆش لە دەرگای دەسەلاتدارانەوە دەردەکەوت؛ بۆیە ژاندارمەکان بەربینگیان پێ گرتن و بە ناچاری وێڕای بنەماڵەکەی ڕوویان لە کوردستانی باشووڕ کرد. مەلا سمایل و بنەماڵەکەی تا نسکۆی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٣٥٤ مانەوە و دوایە گەڕانەوە گوندی زمێ و خەریکی ژیانی خۆیان بوونەوە.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی گەندەڵ و بێزراوی پاشایەتی بوو، ئەویش وێڕای خۆپێشاندەران بێزاریی خۆی لە ڕێژیمی حەمەڕەزا شای پەهلەوی دەربڕی. دوای ئەوە کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و هێزە سیاسییەکان تێکۆشانی ئاشکرای خۆیان دەست پێ کرد. ملا سمایل بە گوێرەی ناسیاوییەک کە لەسەر حیزبی دێموکڕات هەیبوو وەک کوڕە کوردێکی بەهەست و نیشتمانپەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدیهێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی پەسەند کرد و، بوو بە پێشمەرگەی وەفاداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. لە ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بە بیستنی هەواڵی شەهید بوونی براکەی (محەممەدی عەلی پیرێژنێ)، سمایلی برای چەکی پڕ لەشانازی برا شەهیدەکەی لەشان کرد و، وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار ڕێگای محەممەدی برای گرتە بەر. ئەو زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هەڤاڵەکانی لە هێزی شەهید سمکۆی ئەوکات و قایم وەک قەڵایەکی پۆڵایین لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا دژی داگیرکەرانی کوردستان خەباتی دەکرد. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا توانی پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێ و وەک سەرپەڵ و سەردەستە و پاشان فەرماندەری لکی محەممەد عەلی پیرێژنێ پێ سپێردرا.

ملاسمایل دوای کۆنگرەی ٤ی حیزب سەرەتا لەگەڵ تاقمی ٧ کەسی کەوت. بەڵام پاش تێگەیشتن لە نیاز و مەبەستە سەرەکییەکانی ڕێبەرانی ئەو تاقمە نەیتوانێ دەست لەسەر دەست دانێ و بۆیە پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتەوە. ناوبراو لەنێو شاری شنۆ هەرچی حیزب پێی دەسپارد زۆر ئازایانە بەڕێوەی دەبرد. تازە ٣ مانگ بوو شاری شنۆی دڵسۆز لەلایەن داگیرکەرانەوە داگیر کرابوو کە ئەو لە زستانی ساڵی ١٣٦٠ هاتەوە دەر و لە هێزی ئاگری چەکی قارەمانانی ئەو مەڵبەندەی لە حیزبی دێموکڕاتدا کردەوە شان.

ملاسمایل زۆر زوو توانی جارێکی دیکە ئازایەتیی خۆی نیشان داتەوە و ڕوحێکی تازە لەو ناوچەیە بە هاوسەنگەرانی ببەخشی. بۆیە بە هۆی لەخۆبووردوویی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. لەو مەسئوولییەتەدا زۆر زەبری قورس و بەژانی لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە دا و بوو بە فەرماندەیەک کە ئێستاش داستانەکانی پشتاوپشت بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

ملاسمایل قارەمانیک بوو وەک محەممەدی برای، هیچ هێزیکی دوژمن خۆی لەبەر نەدەگرت، ناوچەی شنۆ و نەغەدەی لە دوژمن کردبوە گوڕستانێک، بە تایبەتی لە شەڕەکانی ناوچەی نەغدە و قەڵاتان و نێوشاری شنۆ ئازایەتیی مەلاسمایل بوو بەوێری سەرزمانان. ئەو زۆر شەڕی قارەمانانەی دیکە فەرماندەهی کرد لە دزەوبەرازان، لە دۆبرە و کەلوڕ کە وەک لاپەڕەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندەدا دەدرۆشێنەوە.

ئەو قارەمانە نەبەزەی کورد گەڵاڵەدارێژێکی کارامەی نیزامی بوو، ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو، فەرماندەیەکی بەوەجۆ لێوەشاوەی ناوچەی ورمێ بوو. دەستوبردی، کۆڵنەدانی، ورەی بەرزی بەتەواوی مەلاسمایلی کردبووە خۆشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی. ناوبراو ببووە بە فەرماندەیەکی ئازاو بوێر، بە جەرگ کە خۆی تەنیا هێزێکو لە هێزدا ورە بەخش‌و لە شەڕدا یەک پارچە ئاگر و قارەمان بوو.

ڕۆژی ٢ی ڕەزبەری ساڵی١٣٦٣ لە شوێنێک بە ناوی دەشتەکان وێڕای ٥ هاوسەنگەری دیکەی سەر بە کۆمیتەی شارستانی ورمێ دەمێننەوە، کە لەلایەن هێزیکی زۆری ڕێژیم پەلامار دەدرێن. ئەوان وەک هەمیشە کە لە سەنگەری خۆڕاگریدا بار هاتبوون، بەرپرچی دوژمنیان داوە و ئامادە نەبوون سەر بۆ دوژمن نەوی بکەن؛ بەڵکوو تا دوا فیشەک و دڵۆپی خوێن مقاومەتیان کرد و بە داخەوە پاش ٥ سەعات بەربەرەکانی وێڕای ٥ هاوسەنگەری گیانیان پێشکەش بۆ ئازادی نەتەوە زوڵملێکراوکەیان کرد.

# ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ٢-٢)


شاڕوخ حەسەنزادە

دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم ٩ی خەرمانانی ١٣١٨، یەکی سێپتامبری ١٩٣٩ وڵاتی ئێران بێلایەنیی خۆی لەو شەڕەدا ڕاگەیاند، بەڵام بە دوو هۆکاری بەربڵاویی سنوورەکانی ئێران دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت و دەرگیربوونی شووڕەوی دەگەڵ ئاڵمان ئەم بێلایەنییە سست بوو. سپای "هاوپەیمانان" بە پاساوی بوونی سیخوڕانی نیزامیی ئاڵمانی لە ئێران ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. دوابەدوای یەکگرتنی ئینگلیس و شوورەوی لەپاش هێرشی ئاڵمانی نازی بۆسەر سۆڤیەت و پێویستی ئەم وڵاتە بە یارمەتییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس بۆ بەرەکانی شەڕ لە شوورەوی، هاوپەیمانان بڕیاریان دا لە کۆلیدۆڕی ئێران کەڵک وەرگرن، هەربۆیە ئەو هێزانە لە ٢٥ی ئۆتی ١٩٤٥ هێرشیان کردە سەر ئێران و ئەم وڵاتەیان گرت. لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی١٣٢٠، سەرەتا هێزەکانی شوورەوی لە باکوور و ڕۆژهەڵات بە ئاسمان و زەویدا هێرشیان کردە سەر ئێران، دواتر هێزەکانی بریتانیا لە باشوور و ڕۆژئاوا داگەڕان و هەموو شارەکانی ئێرانیان بەهاسانی دەستبەسەر دادەگرت و هەردووک وڵات بەرەو تاران ملی ڕێگایان گرتەبەر. ئەرتەشی ئێران خێرا داڕما. ڕەزاخان بە زەختی وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بریتانیا وازی لە دەسەڵات هێنا و دوای گرژی و چەقەیەکی زۆر بەو ئاکامە گەیشتن کوڕەکەی ڕەزاخان واتە حەمەڕەزا کە جێگرەوەی پێشووشی بوو، بکەنە خونکاری ئێران.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی ١٩٤٥دا سپای بریتانیا بەپێی ڕێکەوتنێک دەگەڵ ئێران، ئەو وڵاتەی چۆل کرد، بەڵام هێزەکانی سپای سووری شوورەوی ئەو ڕێکەوتنەیان لا پەسەند نەبوو و لەو وڵاتە مانەوە هەتا دوو ناوچەی جوغرافیای ئازەربایجان و کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لێ ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٢١دا پاش کودتایەکی نیزامی کە بە یارمەتیی ئینگلیس هاتە دی، ڕەزاخان هاتە سەر کار و ساڵی ١٩٢٣ لە تاران تانجی خونکاری لەسەر نا و زنجیرەی پاڵەوی ڕاگەیاند.

ڕووکاری ئاوەڵایی سیاسی لە تەواوی وڵاتی ئێراندا کاتی بەسەر چوو. دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە تاران هێزی گرت و پشووی لە هەمووان بڕی. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و شۆڤینیزمی فارسی ئێرانی و "یەک وڵات" – "یەک نەتەوە" بوو بە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە فارسی نیشتەجێ لە بانووی ئێران ئەو ناوە دەستکردەی تازە داتاشرابوو، خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

سرووشتیە لەهەمبەر ئەو هەمووە زوڵم و غەدرە دژکردەوە هەبێ، ڕەخسانی هەلی شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند کە لە نەبوونی دەسەڵاتی پتەوی شا لە ناوچەکە بەتایبەت ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئینگلیس لە باشوورەوە هەتا لای لۆرستان و ئیلامی گرتبوو و لە باکووریشەوە هەتا نزیک ورمێ دەدەست هێزەکانی شوورەوی دابوو بزاڤی مافخوازانەی کورد سەرهەڵدەنەوە.

"دەوڵەتی ئێران بەرنامەی ئەوەی هەبوو کە کوردەکان لە ناوچەی ورمێ چەک بکا، زەختێکی زۆریان بۆ دێنێ، ئینجا ژاندارمی ئازەری شیعەمەزەب بە کرێ دەگرێ، لە ئاوریلی ١٩٤٢ ڕەوشی ئەو ناوچانە زۆر ئاڵۆز دەبێ و سەرهەڵدان و پشێوی درووست دەبێ. لەو نێوەدا بەرەنگاری و تێکهەڵچوون ڕوو دەدا، لە ڕۆژی ٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٢دا (هەشتی بانەمەڕی ١٣٢١) عێل و عەشیرەتەکانی کوردی نیشتەجێی دەڤەر و ناوشاری ورمێ خۆپێشاندانێک لە شەقامەکانی ورمێ بەڕێوە دەبەن کۆچیرا، ١٣٦٩کوردەکانی باژێری ورمێ چەند داخوازییەکی تەواو مەدەنیانەیان لە کاربەدەستان و کونسولی شووڕەوی لەو ناوچەیە هەیە کە بریتین لە:

١- زمانی کوردی لە مەدرەسەکان‌دا بخوێندرێ.

٢- تەواوی ژاندارمی بەینی شارەکانی خۆیە و مهاباد دەبێ لەو ناوچەیە بچنە دەرێ.

٣- کوردەکان دەبێ لە کاروباری نەتەوایەتیدا ئازاد بن.

٤- دەبێ نوێنەری کوردان لە هەموو ئیدارە و ئۆرگانەکانی دەوڵەتیدا هەبن و لە مەدرەسەکانیش جێگیر بن.

٥- کوردەکان دەبێ لە هەڵگرتنی چەک ئازاد بن.

٦- هەروەها داوای ئازادکردنی ٢٠ کەس لە گیراوانی خۆیان دەکەن کە لە بەندیخانە دان.

دوای ئەو داواکاریانەی کوردانی ورمێ لە هێزی شووڕەوی، لە سێپتامبری ١٩٤٢ واتە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ کۆنفرانسێک لە شاری شنۆ بە بەشداریی ئاغا و سەرۆکە کوردەکانی لای خواروی ڕۆژئاوای ورمێ و باکووری کوردستانی ئێران بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەڕێوە دەچێ، لەم کۆبوونەوەیەدا کە دوور لە چاوی ئینگلیسەکان و بە پاساوی زەماوەندی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش گیرابوو، بەرپرسە کوردەکان بە هیچ ئاکامێک و یەکیەتییەکی ئەوتۆ ناگەن.

"سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە، یەکێ لە ئەفسەرانی باڵای لەشکری ٤ی ڕەزائییە لە ژێر سەردێری "لەهەمبەر بارودۆخی ڕەزائییە لە ساڵی ١٣٢٠دا" نووسیویەتی: دوای هەڵوەشانی لەشکر لە شەهریوەری ١٣٢٠، ڕەزائییەش وەکوو زۆر ناوچەی تری وڵات ئارامی و ئاساییشی بیست ساڵە بۆ نائەمنی و شێوان گۆڕا، بەشێک لە ئاژاوەخوازانی ناوچەی ڕەزائییە وەکوو، عومەر شەریفی عومەرخانی شکاک لە ناوچەی سۆما و برادۆست سەرووی ڕەزائییە، ڕەشید بەگی جەهانگیری لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ لە مەڵبەندی ڕۆژئاوای ڕەزائییە، زێرۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی بالانیش و ناوچەکانی خوارووی ڕەزائییە، تەها هەرکی لەناوچەی دۆڵی خوارووی ڕزائییە" کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بێگانە و ئەفسەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت"(مستەفا ئەمین، ١٩٩٣). ئەم بارودۆخە وا ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی تۆکمە، مۆدێرن و نەتەوەیی بەتەواو مانا بە ناوی "کومەڵەی ژیانەوەی کورد" ک.ژ.ک لەسەر داروپەردووی حیزبی ئازادی کوردستان پێک بێت. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١دا (بەرامبەر بە ١٦ی ئوتی ١٩٤٢) لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژێکاف‌یان دامەزراند. ئەو یازدە کەسە بریتی بوون لە: حوسێن فروهەر، عەبدوڵڕەحمان زەبیحی، عەبدوڵڕەحمان ئیمامی، عەبدوڵقادر مودەڕسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدوڵڕەحمان کیانی، سەدیق حەیدەری و قاسمی قادری(قاسملوو، ١٩٨٨). ئەم دامەزراوەیە وەک ڕیخراوێکی نهێنی چالاکیی دەکرد و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کوردانی باشوریش تێیدا بەشدار بوون."

ساڵی ١٩٤٢حیزبی هیوا کە ئەوسا بەهێزترین ڕێکخراوی چەپی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا بوو؛ دوو کەس لە ئەندامە شارەزاکانی خۆی؛ واتە "میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو"، کە هەردووکیان ئەفسەر بوون بۆ درووستکردنی پێوەندی و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ کوردەکانی خۆرهەڵات نادرە کوردستانی ئێران. دوای پێوەندیکردن دەگەڵ چەندین کەس لە ڕۆژی ٢٥ی شەهریوەر خەرمانانی ١٣٢١ دەستەیەک لاوی سابلاغی لە باخی حاجی داود لە نزیک چۆمی سابلاغ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی هیوا، میرحاج و مستەفا خۆشناو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کورد کۆبوونەوە.

لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە چیای "خوداپەرەست" گیرابوو ، نزیکەی سەد کەس بەشدار بوون؛ بڕیار درا کومەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو بکاتەوە. کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکخراوێکی ناسیۆنالسیتی و نیشتمانپەروەر بوو و خواستی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردی وەک بەیداخێک بەرز کردبۆوە بەڵام لەبەر نهێنیبوونی، نەیدەتوانی بەئاشکرا ئەوە ڕابگەیەنێت. هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاوەکانیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" کرد(قاسملوو، ١٣٦٧)

ئەو ئایدئۆلۆژییەی کە سەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بینای کارەکەیان لەسەر دامەزراندبوو، لە کۆنگرەی دووهەمیدا دانی پێدانرابوو. لە بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا دەڵێ: کۆمەڵەی ژێ-کاف لە سەر چوار کۆڵەکەی ئیسلام، کوردایەتی، مەدەنییەت ، سوڵح و ئاشتیخوازیدا ڕۆنراوە.

یەکێک لە ئەسڵ و ئەستوونە بەهێزەکانی دامەزراندن و فەلسەفەی وجودیی ژێکاف، باوەڕ بە ئاشتی و مەدەنییەت بووە، ڕەنگبێ دامەزرێنەرانی بەشێوەی ئاکادیمی و هەنووکە؛ زانیارییان لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و شێوازەکانی کاری سڤیلی نەبووبێ کە زۆر سرووشتییە، بەڵام باوەڕی قووڵی بەرپرسان و خەباتکارانی کورد بە چەمکی مەدەنییەت لە مێشک و نەستیاندا هێلانەی چنیبوو!

ئەوەی کە ڕوونە پێگەی چینایەتیی دامەزرێنەرانی (ک.ژ.ک)ە کە سەر بە کوردی شارنشینی وردە بورژوازی بوون(وەلی، ١٩٩٥). ئەوە یەکەم کۆمەڵەی نەتەوایەتیی کورد بوو کە دامەزرێنەرەکانی شێخ و ئاغاکان نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی ڕووناکبیر و بازرگان و زانایان بوون. ئەمانە چینی تێگەیشتووی کۆمەڵگەی کوردین کە تەنیا بۆ مافەکانی خۆیان هەوڵیان نەدەدا بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون(مەکداول، ٢٠٠٣)

کۆمەڵەی ژێکاف لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکراوەی بیری ئەم ڕێکخراوەدا سەبارەت بە ئامانجی ئەم ڕێکخراوەیە دەنووسێ: "ئەی برای کوردی خۆشەویست: کۆمەڵەی ژێکاف بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پوولپەرەستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستادا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی(نیشتمان، ١٣٢٢).

هێمنی موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی ژ-ک بووە و لە نووسەرانی نیشتمان بووە، دەڵێ: ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفییان هەبوو، ئەگەر چاوێک بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ. بەلام، بیروباوەڕی کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزرانییەوە تا هەڵوەشانەوەی لەسەر دەستی قازی محەممەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازی ڕاستڕەوانە بوو بە درێژایی ماوەی هەڵسووڕانی وەک ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندوە(ئەسەسەرد، ٢٠١٢). نێوەڕۆکی ئایدئۆلۆژیی کۆمەڵەی ژێکاف زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەڵایەتی-ئابووری پەیوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوو.

گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر خێرا بوون. جیهان بەرەو ئاڵوگۆڕێکی مەزن هەنگاوی دەنا، شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو، "کۆمەڵەی دەوڵەتەکان" هەم ژمارەیان زیاتر دەبوو هەمیش بەرەو ڕێکخراوێکی مەزنتر و ڕێکوپێکتر دەچوو کە دوایی بوو بە "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی". وڵاتی ئێران گۆڕانێکی نێوخۆیی بەسەردا هات و لەلایەکی دیکەوە لەو بارودۆخە گرینگەدا چالاکییەکانی کۆمەڵە بەرینتر بوونەوە. بەڕێوەبەرانی دەبوو بەڕێکوپێکی چالاکییەکان بەرنە پێش و پێویستیان بە سیاسەتێکی دیاریکراوتر و لاستیکی هەبوو. هەروەها دەبوو ڕێکخراو مەندتر،



# ناساندنی کتێبی "ئازادی لە هزر و ڕامانی قاسملوودا"

ئا: کاروان مێراوی




کتێبی "ئازادی لە هزر و ڕامانی قاسملوودا"، کە لە لێکۆڵینەوە و نووسینی عەلی مونەزەمی، نووسەر و لێکۆڵەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم هێنراوە، نێوەڕۆکی کتێبەکە بە وتەی دەستپێک و سپاس و پێزانینی لێکۆڵەر بۆ ئەو کەسانەی لەم بەرهەمەدا یارمەتیدەری بوون دەست پێ دەکا.

پێڕستی ئەم پەرتووکە لە ١٠ بەش پێک هاتووە کە بریتین لە: نووسینێکی کورتی د. مەجید حەقی، نووسەر و لێکۆڵەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ناساندنی هزری د. قاسملوو کە بووەتە دەروازەیەک بۆ نێوەڕۆکی کتێبەکە، پاشان پێشەکیی نووسەر و تەوەرەکانی وەک تیئۆریی ئازادیی نەرێنی و ئازادیی کۆماریخوازانە، ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێکی پێویست پێش باسە سەرەکییەکان، ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە وەک ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیست – پەرتووکی کوردستان و کورد وەک بەڵگەی سەرەکی، ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە وەک چەپێکی دێموکرات و پۆست – مۆدێرنیست، مانیفێستی ئازادیخوازی لەسەر بنەمای هزرەکانی قاسملوو، ئەنجام و ژێدەرەکان.

لەسەر ئەوەی کە بیرۆکەی نووسینی ئەو پەرتووکە چۆن و لە کوێیەوە سەرچاوەی گرتوە، پرسیارمان لە بەڕێز عەلی مونەزەمی، نووسەر و لێکۆڵەری کتێبەکە کردوە و بەڕێزیان لەم بارەیەوە بۆ "کوردستان" گوتی: "وەک هزر و ئیدە، هەر لە کاتی خوێندن لە زانکۆی ترۆمسودا بیرم لە نووسین لە بارەی ئازادی لەسەر بناغەی هزر و ڕامانی قاسملوو کردبووە. بەڵام پێم مژارێکی قورس بوو و بە جۆرێک خۆم لێی دوور ڕاگرتبوو. تاکوو لە هاوینی ساڵی ٢٧٢٠ی کوردیدا بڕیارم دا کە کاری لەسەر بکەم. ئەگەر پشتیوانی و هاوکاریی هاوڕێیان لە بواری زانستی و زمانەوانییەوە نەبوایە، بێگومان پەرتووکەکە بەم شێوەیە پۆخت و جوان دەرنەدەچوو، هەرچەند کە دیسانیش بێ کەموکۆڕی نییە."

پاش شەهیدبوونی د. قاسملووی ڕێبەر، سیمینار، وتار، لێدوان، وتووێژ، لێکۆڵینەوە و کتێبگەلێکی جۆراوجۆر لەسەر هەڵوێست، پراکتیک، ڕوانگە، هرز و ڕامانی د. قاسملوو بڵاو کراونەتەوە، لێرەدا ئەو پرسیارەی کە لە مێشکی خوێنەرانی ئەم پەرتووکەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە، گەلۆ جیاوازیی ئەم کتێبە لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی تر کە لەسەر ئەو ڕێبەرە نووسراوە، لە چیدایە؟ یان بە واتایەکی تر چ شتێگەلێک لەسەر د. قاسملوو لەو کتێبەدا نووسراوە کە پێشتر باس نەکرابێتن و نەنووسرابێتن؟ لەم پێوەندییەدا نووسەر ڕایگەیاند: "تا هەنووکە چەندین پەرتووک و بە سەدان وتار و لێکۆلینەوەی زانستی لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی د. قاسملوو لە گۆشەنیگای جۆراوجۆری مێژوو، زانستی مودیریەتی، زانستی مارکسیستی و بابەتەکانی پێوەندیدار بە کورد و ...هتد نووسراوە. مژارەکانی باسکراو لەم پەرتووکەدا، پێوەندییان بە فەلسەفەی سیاسییەوە هەیە. واتە لەم پەرتووکەدا هەوڵ دراوە بەشێک لە فەلسەفەی سیاسیی د. قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا شی بکرێتەوە. تا ئێستە زۆر کەس لە کاتی نووسین یان ئاخافتندا لە وتەکانی د. قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا وەک فاکت کەڵکی وەرگرتوە. بەڵام یەکەم جارە کە هزر و ڕامانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ زاراوەی ئازادیدا لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێ."

نووسەر دەڵێ: ئەم پەرتووکە چەندین ئامانجی سەرەکیی لە پشتە، بۆ نموونە ئێمەی کورد کە خەبات بۆ ئازادی دەکەین، پێویستە کە خۆمان بەباشی لە واتای ئەو ئازادییەی مەبەستمانە کە لە ئیرادەی نەتەوەکەمانەوە سەرچاوە دەگرێت، تێ بگەین. ئەم پەرتووکە دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ ئەوەی کە خوێنەران هان بدات کە بە دوای تێگەیشتن لە واتای ئازادیدا بڕۆن و لە ئیرادەی نەتەوەکەمان تێ بگەن. لەبەر ئەوەی کە هەوڵی دوژمنانمان تاکوو ئێستەش ئەوە بووە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا شیکردنەوەیەکی چرووک و چەوت دەرخواردی تاکی کورد بدەن و هزری ئەوان بە گوێرەی پرێفرانسەکانی خۆیان لە قاڵب بدەن. ئێمە دەبێت بزانین کە ئازادی چییە و کام بەشی ئەم ئازادییە گرینگە و قابڵی دەستلێهەڵگرتنەوە نییە و جیاوازیی ئازادیی تاکەکەسی و ئازادیی گرووپێکی تایبەتی (بۆ نموونە گرووپێکی نەتەوەیی) چییە و ...هتد. بەس ئامانجی سەرەکی، هاندانی تاکی کوردە بۆ خۆپێگەیاندن لە واتای ئەو ئازادییەی کە لە ئیرادەی نەتەوەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە. بە بڕوای من، قاسملوو یەکێک لەو دەگمەنە ڕێبەرانەی کوردە کە توانیویەتی لە ئاخافتن و نووسینەکانیدا ئەو ئیرادەیە زەق بکات و ئێلێمێنتەکانی بەرزەخوویی نەتەوەکەی بخاتە بەر چاو. واتە ئەم کتێبە هەوڵی داوە ئارگۆمێنت و بناغەی هزرەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا بە خوێنەرانی بناسێنێت و لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییانە، مانیفێستی ئازادی کە لەو هزرانەی د. قاسملوویەوە سەرچاوەی گرتووە، پێشکەشی تاکی کورد بکات کە لە پێناو و بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئازادییە تێ بکۆشن.

---

یەکگرتووتر، خاوەنپلان بۆ بەرەوپێش ڕۆشتنی ڕوونتر، سیاسەت و دوورەدیمەنی ستراتیژی خۆیان داڕێژنەوە. سەرکردایەتیی کۆمەڵە باش لەو ڕەوشە ئاگادار بوون، هەربۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ دامەزراندنی هێزێکی سیاسیی مۆدێرن و بەرفرەوان. دوای سێ ساڵ لە پێکهێنانی ڕێکخراوی ژێکاف، لە ڕێکەوتی ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە شاری مەهاباد حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا.

ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵک و دانانی یەکەمین مەرامنامەی و هەوڵی کۆنگرە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا بوو، کەچی حیزبی دێموکرات هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ جێژنی دامەزراندنی خۆی دەگێڕێ! هۆکارەکەشی ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە درێژەی ک.ژ.ک دەزانێ. بە قەولی هەژاری موکریانی حیزبی دێموکرات لەسەر داروپەردووی ژ.ک دادەمەزرێ(بازیار، ٢٠١٩). ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەردەگرت، بەڵام لە سیاسەت، ڕوانین و چالاکییەکانیدا زیاتر خۆی دەگەڵ ڕەوشی مەوجود هاوئاهەنگ دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا بەیاننامەیەکی بە زمانی کوردی و فارسی لە هەشت بەندا گەڵاڵە کرد و بڵاوی کردەوە کە زیاتر لایەنی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی لەنێو سنوورەکانی ئێرانی پێوەدیارە. دەگەڵ ئەوەیکە "حدک" لەسەر بناخەکانی "ک.ژ.ک" دامەزرابوو بەڵام بەرنامە هەشت خاڵییەکەی لەچەند لایەنەوە جیاوازیان دەگەڵ بەرنامەی "ک.ژک" هەبوو. ژێکاف باسی لە وەسەریەکخستنەوەی کوردستانی گەورە کردبوو، بەڵام "حدک" لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا خودموختارییەکی نیمچە سەربەخۆی لە خاکی ئێراندا دەویست. سەرکردەکانی "حدک" باش لە واقعی ڕەوشەکە تێگەیشتبوون و دەیانهەویست سەرەتا بناخەیەکی تۆکمە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی ژێکاف دابمەزرێنن بۆیە خۆیان لە درووشمی قەبە و بریقەدار دەپاراست. بۆ وێنە حیزب لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە ژیانی جووتیارانی کوردستانیشدا هەوڵ دەدا بۆ ڕۆژگاری ئەوسای کوردستان ڕێگەچارەسەرییەکی مامناوەندی بدۆزێتەوە، واتە نە لە ئاست ژیان و بەڕیوەچوونیان بێدەنگ بێ و نە خۆ لە خانەی درووشمێکی ڕادیکاڵی وادا دەبینێتەوە، هەربۆیە لە مادەی پێنج دا دەنووسێ: دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن موڵکدا ڕێکەوتنێک پێک بهێندرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ(ئەیووب زادە، ٢٠٠٨).

ئەو ڕووداوە خێرایانە بە جۆرێک بوون دوای پێنج مانگ لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەوڵەتی کوردی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ڕاگەیەندرا و قازی محەمەد کە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بوو بە یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان. لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کۆماردا زۆرێک لە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات وەدی هاتن؛ لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزراندنی سپای نەتەوەیی پێشمەرگە، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، دامودەزگای حکومەتی کوردی، هاتنی ژنان و لاوان بۆ نێو ژیانی سیاسی دامەزراندنی یەکێتییەکان ژنان و لاوان، پەروەردەی مۆدێرنی کوردی، بونیادنانی دامەزراوە کولتوورییەکان سینەما، شانۆ، ڕادیۆ، کتێبخانە.

خاڵی جێگای سەرنج لەم قۆناخەدا ئەوەیە لەنێوخۆی حیزبدا باڵی چەپ پەراوێز دەخرێ، بەڵام لە هەمبەر دەرەوەدا حیزبی دێموکرات لە حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران نزیک دەبێتەوە، لە ئاکامدا دەگەڵ ئەو حیزبانە حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و توودە بۆ هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی پەرلەمان دەچێتە یەک بەرە( بازیار، ٢٠١٩).

بە گشتی پێکهاتەی خێڵەکی و سیاسی–کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەی کوردەواری و نفووزی شێخ و مەلاکان و بوونی کەسایەتییەکانی سەر بەم چین و توێژانە بەشێوەیەکی بەرچاو و شوێندانەر لە ڕێکخراوی سیاسی و نیزامی ڕەوتی کوردی و کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەیکە بەرنامەیەکی ڕادیکاڵی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە سرووشتی بوو. سەرکردایەتیی حیزب لە شێوازێک گەڕاون بۆ پێکەوە گونجاندن و ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان چینە جۆربەجۆرەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەویکە بتوانێ هەموو لایەک لەژێر چەتری دەسەڵاتێکی نەتەوەییدا کۆ بکاتەوە.

***

### سەرچاوەکان:

١. خسروپناه، عبدالحسین، جریان شناسی فکری ایران معاصر، قم: موسسه حکمت ١٣٨٨

٢. خرم شاد، محمدباقر، سادات، سید ابراهیم، جریان شناسی به مثابه روش، فصلنامه علمی پژوهشی، دوره ٥ شماره ٢

٣. بازیار، سمایل، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نمونە ١٩٩١-١٩٤٥تێزی دوکتورا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠١٩

٤. سەردەشتی، د.یاسین، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩سلێمانی ٢٠١١

٥. باباخانی. ناصر، عبدالرحمن زبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان مهاباد ١٣٧٨

٦. حەسەنزادە، شاروخ، کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان بە تەکز کردن بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا چاپ نەکراوە.

٧. کۆچیرا، کریس وەرگێرانی ڕەیانی، محەمەد، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا چاپخانەی کاروون چاپی یەکەم

٨. مستەفا ئەمین، نەوشیروان، حکومەتی کوردستان... چاپی دووهەم ١٩٩٣، وزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان

٩. د.قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی چاپی دووهەم ١٩٨٨

١٠. وەلی، عەباس. پەیدابوون و بناغەی ناسیونالیزمی کوردی لە ئێران، و. حەسەن قازی، سوید ١٩٩٥

١١. مەکداول، دیڤید، مێژووی هاوچەرخی کوردی، ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی ٢٠٠٣

١٢. نیشتمان، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردییە ژ.١ ساڵی یەکەم ١٣٢٢

١٣. ئەسەسەرد، فەرید، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی ئاکادێمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢

١٤. ئەیووب زادە، ئەیووب، لە ژ-ک وە بۆ کۆمار هەولێر ٢٠٠٨

---

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

## نەقیزەی دەسەڵات و کۆڵمتی چاکسازیخوازان

بەشێکی زۆر سنوورداری خوێنەران ڕەنگە مانای زۆربەی وشەی نێو ئەم بابەتە بزانن، بەڵام ئەوانەی لە شاران ژیاون و خۆیان لە زمانی کوردییش بەدوور ڕاگرتووە، بە دوور نییە باش لەم وشانە نەگەن. لەبەر ئەمەیە لێرە زۆر بە پێویستی دەزانین دوو وشەی "نەقیزە" و "کۆڵمت"تان بۆ شی بکەینەوە.

لە سەر ئیزنی زمانزانانی چازان دەڵێم، "نەقیزە" پارچە بزمارێکی بچووکە هەردوو سەری تیژ کراون و هەتا نیوە دە داردەستێکی باریکیان بڕیوە و نیوەی دیکەی لە سەری داردەستەکە بەدەرەوەیە و بۆ تێکوتان و تێوەژەنین ئامادەیە.

"کۆڵمت"یش بە شوێنی پێکگەیشتنی لای سەرووی هەردوو لینگی مرۆڤ یان ئاژەڵ لە لای دواوە دەگوترێت.

بۆ ئەوەی گوێدرێژ یان دوور لە ڕووی ئێوە گوێکورت خۆ نەدەنە تەنەخی و لە ڕێکردنی بەبارەوە خۆ نەبوێرن یان لە قسەی خاوەنانیان دەرنچن، نەقیزە دەخێوێنرێتە کۆڵمتیان و ئەوانیش دەردەپەڕەن و خێراتر ڕێگە دەبڕن و هێندێک جار ڕاستەڕێش دەبنەوە. لێرەدا ڕەنگە پرسیارێک بۆ خوێنەری هێژا قوت بێتەوە و بڵێت باشە نەقیزە و کۆڵمت چ پێوەندییان بە سەردەم و سیاسەتەوە هەیە؟

بۆ وڵامی پرسیاری سەروو، ئەم پرسیارە دادەڕێژمەوە و هەرخۆشم وڵامی دەدەمەوە: ئەدی "نیر" چ پێوەندییەکی بە جیهانی ئەمڕۆوە هەیە؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێین "نیر" واتە ئەو دارەیە جووتیاران دەیانخستە سەر ملی دوو "کەڵ"، "کەر" یان "گا" و عارەبانەیان پێ ڕادەکێشا و زەوییان پێ دەکێڵا. بەڵام ئێستا لە زۆر ڕستەی نێو بابەتی سیاسیدا دەبیستین بۆ وێنە دەڵێن "خەڵک لەژێر نیری زۆرداریدایە". دەستەواژەی "نیری زۆرداری" لە ژیانی جووتیارییەوە پەڕیوەتە نێو جیهانی سیاسەت و میاسەت.

ئەمجارە دوای ئەوەی بەرچاوی خوێنەری بەڕێزمان سەبارەت بە "نەقیزە" و "کۆڵمت" ڕوون کردەوە، بە "نەقیزە"وە دەچینە خزمەت چاکسازیخوازانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

چاکسازیخوازان یان "ئیسلاحتەڵەبان" لەنێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەم لەلای شۆڕشگێڕان و هەم لەلای دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیەوە بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەرگیراوە. هەرچەند هەندێک جار شۆڕشگێڕان توانیویانە لە پەنا ئەو درووشم و مرووشمانەی چاکسازیخوازان جاروبار داویانە، دۆخەکە بە قازانجی بەرەی شۆڕشگێر بقۆزنەوە و هەندێ هەنگاوی زۆر ورد و سنووردار لەپێناو خەڵکدا بنرێت، بەڵام سوودیان بۆ دەستەڵاتی ئێران شتێکی دیکە بوو.

چاکسازیخوازی بۆ دەستەڵاتی ئێران دووشەش بووە. بۆیە دەڵێم دووشەش چونکە دووشەش زۆر جار مۆرەیەکی باشە، بەڵام لە هەندێک گەمەدا بە چەشنێک دەتوپێت، لە ملی خاوەنی دەبێتە بارێکی قورس.

چاکسازیخوازانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش هەتا ئەوکاتەی بزاڤی سەوز یان جونبیشی سەوزیان لێ کەوتەوە، نەک هەر لە خزمەت دەسەڵاتی ئاخوندیدا بوون، بەڵکوو ببوونە هۆی کپکردنی بەشێک لە دژبەرانی دەسەڵات و وایان دەنواند دەستەڵات بێ شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕووخاندن بەرەو چاکبوون هەنگاو دەنێت.

چاکسازیخوازان دوای ئەم بزاڤە سەوز و مەوزە وێڕای بەردەوامبوونیان لە خزمەتکردن بە دەسەڵات، هەندێک جار دەردیسەریشیان دەخوڵقاند. ڕێک لەو سەردەمەوە دەسەڵاتدارانی ئێران بە مەبەستی دەمکوتکردن و دەرپەڕاندنی ئەم تاقمەی خزمەتکارانیان دەستیان بۆ نەقیزە برد و بەم کارەیان "نەقیزە"شیان وەک "نیر" لە فەرهەنگی بەرەو فەرامۆشیی ژیانی گوندانەوە هێنایەوە ڕۆژگاری نوێ و ڕوحێکی دیکەیان وەبەر نا.

دوای ئەوەی چاکسایخوازان پاش سەرخستنی مەحموود ئەحمەدینەژاد و خۆپێشاندانی لایەنگرانی کەڕوبی و میرحوسێن مووسەوی، خۆیان چەمووش کرد و بەشێکیان بەئاشکرا لە دەسەڵاتیان بادایەوە، دەسەڵاتدارانی خاوەن هێز ناچار بوون میرزا حوسێن و سۆفی کەرووبی لە ژووری داخراوەدا بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

ئێستا لە کاتێکدا هەموو لایەک دەزانن چاکسازیخوازی لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا باوی نەما و بۆ هەموو لایەک یانی هەم بۆ لایەنگرانی دەسەڵات و هەم ئەوانەی دژایەتیی دەکەن و بە تەمای لەنێوبردنین و تەنانەت خودی چاکسازیخوازانیش دەزانن ئەم ڕیفۆرمخواز و میفۆرمخوازانە شتێکی زیادەن. جا ئێستا سەرانی نیزامی موقدەس لە هەموو لایەکەوە نەقیزەیان تیژ کردوون و خەریکن لە کۆڵمتی ڕیفۆرمخوازانی دەکوتن.

ئێستا چاکسازیخوازان بە مەبەستی پاراستنی کۆڵمتیان لە نەقیزەی دەسەڵاتدارانی ڕەها ناچارن بەسەر دوو تاقمدا دابەش بن. بەشێکی زۆریان واز لە چاکسازی و ماکسازی دێنن و بۆ خزمەتکردن بە دەستەڵات دەستەونەزەر ڕادەوەستن و بەشێکی کەمتریش ڕادەکەنە هەندەران و دەبن بە شارەزای لێکدانەوەی دۆخی نێوخۆی ئێران و کاتی بەنرخیان بە خولەک و سەعاتان بە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامان دەفرۆشن.

ئێستا لە کاتێکدا چەمکی چاکسازیخوازی دووشەشێکی تۆپیوە، نەقیزە خەریکە ئەم دوو بەشەی دوایی بە دوو ئاراستەی جوودادا بەتەواوی ڕاستەڕێ دەکات.

# بەرگریی ئوکراینی لە ناوچەکانی داگیرکراو لە لایەن ڕووسیەوە پەرە دەستێنێ

**ئەی پی نیوز – یوراس کراماناو و هاننا ئارهیرۆڤا**


و: کەمال حەسەنپوور

وەک ئالنگارییەکی پەرەئەستێن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئوکراین لەلایەن ڕووسیەوە، هێزە گەریلاکانی وەفادار بە کییەڤ کاربەدەستانی لایەنگری موسکۆ دەکوژن، پرد و شەمەندەفەران دەتەقێننەوە و بە دەستنیشانکردنی ئامانجەکان، یارمەتیی سوپای ئوکراین دەکەن.

پەرەئەستاندنی خۆڕاگری، کۆنترۆڵی کریملینی لەو ناوچانەدا لاواز کردوە و هەڕەشەیە بۆ سەر پلانەکانی بەڕێوەبردنی گشتپرسی لە چەند شاری جیاواز، وەک هەنگاوێک بۆ لکاندنی ئەوان بە ڕووسیەوە.

ئاندرەی، ڕێکخەرێکی تەمەن ٣٢ ساڵەی جووڵانەوەی گەریلا لە باشووری ناوچەی خەرسۆن گوتی: "ئامانجی ئێمە ئەوەیە ژیان لە داگیرکەرانی ڕووسیەیی تاڵ بکەین و لە هەموو ئامرازێک بۆ پەکخستنی پلانەکانیان کەڵک وەرگرین."

ئاندرەی وەک ئەندامێکی تاقمی بەرگریی ژۆڤتا ستریچکا، یان "قۆڵ زەرد"، بەو مەرجە دەگەڵ ئاسۆشیەیتدپرێس قسەی کرد کە بە تەواوی نهێنی بێ تا ڕووسیەییەکان نەتوانن شوێن پێی هەڵگرن. تاقمی ناوەکەی لە یەکێک لە ڕەنگەکانی ئاڵای ئوکراین وەرگرتووە و ئەندامەکانی لە کاتی دەستنیشانکردنی ئامانجەکان بۆ هێرش بۆ سەریان، پەڕۆیەکی زەرد لە قۆلیان دەبەستن.

هێزەکانی ئوکراین لەو دواییانەدا کەڵکیان لە سیستەمی فرە گەڕۆکی تۆپخانەی ئەمریکایی "هایمارس" بۆ کوتانی پردێکی ستراتێژیک لە سەر ڕووباری دنیپرۆ لە خەرسون وەرگرت، کە ئاڵقەی پەیوەندیی سەرەکیی هێزەکانی ڕووسیە بوو. شاری خەرسۆن کە ٥٠٠ هەزار دانیشتووی هەیە و لە سەرەتای جەنگدا لەلایەن هێزەکانی ڕووسیە داگیر کرا، بە لێشاو بڵاڤۆکی تێدا بڵاو کراوەتەوە کە لەواندا هەڕەشە لە کاربەدەستانی سەر بە ڕووسیە کراوە.

هەر بەر لە هێرش بۆ سەر پردەکە، بڵاڤۆک بڵاو کرابوونەوە کە تیایاندا نووسرابوو، "ئەگەر هایمارس نەتوانێ کارەکە بکات، پارتیزانێک یارمەتیی دەکات."

ئاندرەی بە ئەی پی گوت: "ئێمە زانیاریی وردمان لەمەڕ شوێنی ئامانجی جیاواز داوە بە سوپای ئوکراین و یارمەتیی گەریلاکان چەکە دوورهاوێژەکان، بە تایبەتی هایمارس، بەهێزتریش دەکات. ئێمە لە پشت هێڵەکانی ڕووسیە نادیارین و ئەوە خاڵی بەهێزی ئێمەیە."

لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ئوکراین لە ناوچەکەدا و گرتنەوەی هێندێک شوێن لە خۆراوای ڕووباری دنیپرۆ، چالاکییەکانی گەریلاش پەرە دەستێنێ. ئەوان لەگەڵ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکانی سوپای ئوکراین هاوئاهەنگی دەکەن، کە یارمەتییان دەکات ستراتێژیی و تاکتیکەکانیان گەشە پێ بدەن. ئەو هێزانە هەروەها ئامانجەکان هەڵدەبژێرن و ماڵپەڕێکیان وەڕێ خستوە بە پێشنیار لەبارەی چۆنیەتیی ڕێکخستنی بەرگری، نانەوەی کەمین و خۆبواردن لە دەستبەسەر کران. ڕاپەڵەیەک لە بنکەی چەکوچۆڵی شاراوە و شوێنی نهێنی بۆ خۆ حەشاردان لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دروست کراون.

لە نزیک بیناکانی بەڕێوەبەرایەتی، لە ماڵی کاربەدەستان و تەنانەت لە ڕێگای چوونە سەر کارەکانیان بۆمب داندراون. لە کاتی تێپەڕینی یەڤگێنی سۆبۆلەڤ، سەرۆکی بەندیخانەی خەرسۆن، بۆمبێک تەقیەوە کە لەسەر دارێک داندرابوو، بەڵام ئەو لەو هێرشە گیانی دەرباز کرد. ئوتۆمبێلێکی پۆلیس کەوتە بەر پەلاماری بۆمبی تەڵەزمدار، دوو ئەفسەر بەتوندی بریندار بوون، کە یەکیان مرد. جێگری سەرۆکی بەڕێوبەریی ناوچەیی لە نۆڤا کاخۆڤکا بە برینەکانی دوای هێرشێکی چەکداری لە کۆتایی حەوتوودا مرد.

بە گوێرەی ڕاپۆرت، گەریلا چەند جار هەوڵی کوشتنی ڤلادیمیر سالدۆ، سەرۆکی ناوچەی خەرسۆن، کە لایەنگرانی ڕووسیە بەڕێوەبەرایەتییەکی کاتییان لێ دامەزراندوە، داوە و دەستخۆشانەی ١ میلیۆن هەڕیڤنیا (نزیکەی ٢٥ هەزار دۆلار) بۆ کوشتنەکەی دیاری کراوە. یاریدەدەرەکەی، پاڤێل سلۆبۆدچیکۆڤ، لە ئوتومبێلێکدا تەقەی لێ کرا و کوژرا و کاربەدەستێکی دیکە، دیمیتری ساڤلوچەنکۆ، بە بۆمبی نێو ئوتومیێل کوژرا. سالدۆ گوتی، هێرشەکان وای کردوە موسکۆ یەکەی دژی تێرۆر بنێرێتە خەرسۆن.

سالدۆ لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکەیدا گوتی، "هەموو ڕۆژێ، یەکە ئەمنییەتییەکانی ڕووسیە دوو یان سێ کۆگای چەک بۆ چالاکیی تێرۆریستی دەدۆزنەوە. دەست بەسەرداگرتنی چەکوچۆڵ هەڕەشەی سابۆتاژ کەم دەکاتەوە." لە سەرەتای داگیرکارییەکەدا، هەزاران دانیشتوو نارەزایەتیی هێمنانەیان بەڕێوە برد. بەڵام سوپای ڕووسیە خێرا لێکی بڵاو کردنەوە و چالاکەکانی دەستبەسەر کرد، لە ئاکامدا بەرگریی توندوتیژانە دەستی پێ کرد.

وێنەگری زەماوەند، ئۆلێکساندەر خارچیکۆڤ، کە ئێستا بۆتە چالاک گوتی ئەو دوای دەستبەسەر کران لە ڕەشبگیرییەکی ڕووسیدا، لێی دراوە و ئەشکەنجە کراوە. خارچیکۆڤ لە وتووێژێکی تەلەفۆنیدا گوتی، "ڕووسییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ منیان ئەشکەنجە کرد. ئەوان بە کوتکێکی بەیسباڵ لێیان دەدام، بە پلایس پەنجەکانمیان دەگووشی و بە تەزووی کارەبا ئەشکەنجەیان دەدام. من مێشکم شڵەقا و پەراسوویەکم شکا، بەڵام هیچ زانیارییەکم نەدانێ و ئەوە ڕزگاریدەرم بوو." خارچیکۆڤ ١٥٥ ڕۆژ لە ژێر داگیرکاریی ڕووسیەدا بوو تا ڕای کرد. ئەو بە ئەی پی گوت، "سەرکوتی ڕووسیە چڕتر دەبێتەوە. ئەوان دۆخێکیان خولقاندووە کە بە ئوکراینییەکان تەحەممول ناکرێ و هەر دێتو درێژەدان بە ژیان لەژێر داگیرکاریی ڕووسیە دژوراتر دەبێ."

ئەو گوتی ڕووسیەییەکان ١٠ هەزار ڕوبڵ (١٦٥ دۆلار) دەدەن بە هەر کەس داوای شارۆمەندیی ڕووسیە بکات تا ئەوان بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بەهێز بکەن.

مۆسکۆ لەو ناوچانە ڕۆبڵی کردۆتە دراوی فەرمی، ڕایەڵەی تەلەفۆنی گەڕۆکی دامەزراندوە و تەلەفزیۆنی ئوکراینی نەهێشتووە. لە مەیدانە سەرکەییەکانی شارەکان، شاشەی زەبەلاحیان داناون کە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ڕووسیە بڵاو دەکەنەوە.

ئیڤان فێدۆرۆڤ، شارەداری مەلیتۆپۆل، کە ماوەیەکی زۆریش لە لایەن ڕووسیەییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو، بە ئەی پی گوت کە نزیکەی ٥٠٠ چالاکی ئوکراینی دەستبەسەر کران و زۆریان ئەشکەنجە کران. هێندێکیان دوای دەستبەسەرکران بۆ ماوەی چەند مانگ بێ سەروشوێن کران.

فێدۆرۆڤ گوتی، لە مانگەکانی مای و جوون، گەریلا دوو پردی ڕێگای ئاسنی لە مەلیتۆپۆل تەقاندەوە و دوو شەمدندەفەری سەربازیی ڕووسیەی وەرگێڕان. ئەو هەروەها گوتی، "جووڵانەوەی بەرگریی بە دوای سێ ئامانجەوەیە، لەناو بردنی چەکوچۆڵی ڕووسیە و ئامرازەکانی گەیاندنیان، بێ ئیعتیبار کردن و چاوترسێن کردنی داگیرکەران و بەکرێگیراوەکانیان و گەیاندنی زانیاریی لەمەڕ شوێنی دوژمن بە هێزە تایبەتییەکانی ئوکراین."

ڕووسیە گەشتەکانی پەرە پێداوە و بەردەوام هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانە کە گومانی هاوکاریی دەگەڵ گریلایان لی دەکرێ. لە هێرشی ئەوتۆدا، ئەوان تەلەفۆنەکان کۆنترۆڵ دەکەن و ئەو کەسانە دەستبەسەر دەکەن کە سیمبۆلی ئوکراینی یان وێنەی ئەو خزمانەیان پێیە کە یونیفۆرمی سەربازییان لەبەرە.

فێدۆرۆڤ گوتی، "لە هێرشی بەربڵاوی دەستبەسەرکردنی خەڵکدا، ڕووسیەییەکان تەواوی گەڕەکێک دادەخەن، هاتوچۆی ئوتۆمبێلان لە گەڕەکەکە ڕادەگرن و بە شێوەی مێتۆدیک لە ئاپارتمانێکەوە دەچن بۆ یەکی دیکە. بێتوو هەر سیمبۆلێکی ئوکراینی یان پەیوەندی بە سوپای ئوکراین بدۆزنەوە، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکە لە کامپی پاڵاوتندا ڕادەگرن." لە حەشیمەتی ١٥٠ هەزار کەسی مەلیتۆپۆل بەر لە جەنگ، پتر لە ٦٠ هەزار کەس شاری بەجێ هێشتوە.

بە گوتەی فێدرۆڤ، کاربەدەستانی لایەنگری ڕووسیە خەریکی ئامادەکاری بۆ بەڕیوە بردنی گشتپرسی لە مەلیتۆپۆل و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەدان بۆ لکاندنیان بە ڕووسیەوە، ئەوان هەروەها هێرش دەکەنە سەر خەڵک و پاسپۆرتی ڕووسیە بڵاو دەکەنەوە. ئەو گوتی، "ئێمە هەوڵی گشتپرسی ڕووسیەمان پووچەڵ کردەوە. ئێمە ڕێگا بە دەنگدان لەژێر لوولەی تفەنگی ڕووسیە نادەین." ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە ڕێژەی لایەنگرانی ڕووسیە لەنێو دانیشتواندا لە ١٠٪ تێناپەڕێ و نیوەیان ڕایان کردوە.

گەریلا پەڕۆی زەردی لەو خانووانە داوە کە قەرار بوو تێیاندا دەنگدان بەڕێوە بچێ، هەڕەشەی لە دانیشتووان کرد کە لەوانەیە لە کاتی دەنگداندا ببنە ئامانجی بۆمبان.

هێزی بەرگریی لە چالاکی ڕادیکاڵ تا مامۆستا و خانەنشینکراوەکانی تێدایە کە لە پارکەکان گۆرانی ئوکراینی دەڵێن و بە نهێنی باندی زرد و شین دەبەستن.

ئۆلێکسی ئالێکساندرۆڤ، کە خاوەنی ڕێستورانێک لە دەروازەی باشووریی ماریوپۆل بوو گوتی، "ڕووسیەییەکان چاوەڕوان بوون بە گوڵ پێشوازییان لێ بکرێ، بەڵام ئەوان تووشی ئەو ڕاستییە بوو کە زۆربەی خەڵک خۆیان بە ئوکراینی دەزانن و ئامادەن بە شێوەی جۆراجۆر بەرگریی بکەن، لە کۆکردنەوەی زانیاریی ڕا بگرە تا سووتاندن و تەقاندنەوەی داگیرکەران."

وەک نیشانەیەکی سەرپێچی کردن، لەو دواییانە لە ماریوپۆل، پیاوێکی لاو ئاڵای ئوکراینی لەخۆیەوە پێچا و لە شەقامی نزیک ئەو تیاترە وێستا کە بە بۆمبەکانی ڕووسیە وێران بوو. وێنەکە لە هەموو مێدیاکانی ئوکرایندا بڵاو بۆوە و سەرکۆمار ڤۆلۆدۆمیر زەلەنسکی لە وتارێکیدا بۆ گەل، دەستخۆشیی لێ کرد.

زەلەنسکی گوتی، "ئەوە کارێکی گەلێک بوێرانە بوو و من پێم خۆشە سوپاسی بکەم بۆ ئەو کارەی کردی. ئەو پیاوە یەکێک لە ژمارەیەکی زۆر خەڵکە کە چاوەڕوانن ئوکراین بگەڕێتەوە و لە هیچ بارودۆخێکدا داگیرکاریی قبووڵ ناکەن."

ئەگەرچی حەزی لایەنگری لە مۆسکۆ لە ناوچە پیشەسازییەکانی دۆنباس کە بە زمانی ڕووسی دەدوێن بەهێزە، بەڵام جووڵانەوەیەکی گەریلایی لەوێش سەری هەڵداوە.

فەرمانداری لوهانسک، سەرهی هایدای، گوتی شەش کەس لە هێزەکانی ڕووسیە لە مانگی ڕابردوودا، کاتێک ئوتومبێلەکەیان لە لایەن گەریلاوە لە شاری سیەڤیەرۆدۆنێتسک، ماوەیەکی کورت دوای داگیرکردنی ئەو شارە، بریندار بوون. ئەوان هەروەها ڕێگای ئاسنیان کردۆتە ئامانج و گەیاندنی چەکوچۆڵ و پێداویستی دیکەی ڕووسیەیان وەستاندوە.

هایدای بە ئەی پی گوت، "گەریلاکان زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەوان تەنیا بڵاڤۆکیان بڵاو نەکردوونەوە، بەڵکو ژێرخانی گواستنەوەشیان لەناو بردوون. ئەوە یارمەتییەکی زۆر بە کەم کردنەوەی هێرشەکانی ڕووسیە و بەرەوپێش چوونیان دەکات."

چاودێران دەڵێن جووڵانەوەی گەریلا لە ناوچەکاندا لێک جیاوازن و لەبەرژەوەندیی هەردوو لادایە لەبارەی گەورەیی ئەوان زێدەڕۆیی بکەن.

ڤادیم کاراسەڤ، سەرۆکی ئەنستیتۆی ستراتێژیە جیهانییەکان کە بنکەکەی لە کییەڤە، گوتی: "ڕووسیەییەکان بۆیە ئەوە دەکەن تا ڕەوایی بە سەرکوتی خۆیان لە ناوچە داگیرکراوەکان بدەن لە کاتێکدا لایەنی ئوکراینی لە هەوڵی دەبەزاندنی وورەی هێزە ڕووسیەییەکان و زیاتر نیشاندانی سەرکەوتنەکانیانن. بڕوا کردن بە هەواڵی دەرماناو کردنی سەربازانی ڕووسیە بە کیکی ژەهراوی شتێکی دژوارە، بەڵام هێندێک جار ئەفسانە لە ڕاستی کاریگەرترن."




## پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان هاتنە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، لە ڕێورەسمێکی پێشمەرگانەدا و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە بۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٤٨ی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، پۆلیکی دیکە لە لاوانی بەهەستی کورد بەرەسمی بەرگی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتیان کردە بەر و چەکی پڕشانازیی ئەم حیزبەیان کردە شان.

لەو ڕێورەسمەدا کە بە ڕێژەی پێشمەرگانە و خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد، پێشەوا عەلیپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتەیەکی بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، یادی ٧٧ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٤٨ی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە پێشکێش کرد.

پێشەوا عەلیپوور لە باسەکەیدا هاتە سەر پۆلێنکردنی قۆناغە مێژووییەکانی حیزبی دێموکرات و ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر بیر و هزری نەتەوەی کورد دایناوە و ئەو چەمک و پیرۆزیی و هێماگەلەی وەکوو ئاڵا، سروودی ئەی ڕەقیب، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و ئەو خۆباوەڕییەی کە حیزبی ٧٧ ساڵەی دێموکرات بە کۆمەڵگەی کوردستان و تاک بە تاکی کوردی بەخشیوە و ئەرک و بەرپرسیارەتیی پیشمەرگەی بۆ بەشداربووان و پێشمەرگە تازەکان شی کردەوە.

بەڕێزیان لە نێوئاخنی باسەکەیدا باسی لە فەلسەفەی پیشمەرگایەتی و چەک و پێنووس و چۆنییەتیی بەرەنگاریی وشیارانە و سەردەمیانە لە بەرانبەر دوژمندا و ئەرکی پێشمەرگەکانی ئەم دەورە کە کۆتاییهاتنی دەورەکەیان هاوکاتە لە گەڵ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و ئەمەش ئەرکەکانیان قورستر دەکا کرد.

جێگای ئاماژەیە کە ڕێورەسمەکە بە شیعر و سروودی پێشمەرگەکانی دەورەکە ڕازێندرابۆوە و کۆتایی ڕێورەسمەکەش بە هەڵپەڕکێ و شایی بەشداربووان کۆتایی هات.

# پوورە فاتم و کەزیەی چەرمگ و پەنجەی کاڵی



ناسر سادقی



ژینگە ئیلهام بەخشی هەست و هزری مرۆڤە. هەرچەند ڕەنگە لە مەودای زەمان و بارودۆخ، گۆڕانی بەسەردا بێ و ڕوو لەکزی بکا، بەڵام لەو بەستێن و ژینگەیە وا گڕ و سۆزی خۆشەیستی بنەمای گوورانی ئەوینی نیشتمانە، وەک ژیلەمۆ بە شنەیەک سەر لەنوێ گیانی بەبەردا دێتەوە و دەبووژێتەوە.

سیوسێ ساڵ تەمەنێکی چەند بەلەز بوون و هات و چوون. هەمووان دەیانزانی چەند هۆگری بنەماڵەکەیەتی. لە بەیانی هەتا تاریکوڕوونی ئێوارێ بەگوێگرتن لە موسیقا وگێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکانی ڕادەبردن و لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەدا بوو.

ڕەنگی پەنجەکانی کەم وابوو کاڵ ببنەوە کە دیسان لەخەنەی دەگرتنەوە. کەزیە و بسکەکانی لاجانگی هەمیشە بۆنی گوڵ و ڕێحانەیان لێ دەهات. زۆر جار بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکان یادی ڕۆژانی ڕابردووی و دەستەخوشکەکانی و سەردەمی سەربەستی و دەنگی سروود و ڕێچکەی پێشمەرگەی داوێنی شاخەکان بۆ نێودێ لە زەینیدا دەڕوانەوە. لەگەڵ پۆلە کیژانی دەستەخوشکی کەزیەشۆڕ و بەژنشۆڕ، هەمیشە هیوایەتی سەیری خۆری ئاسۆ و بەرزاییەکان و توولەڕێی داوێنی شاخەکان بوو. ئەوکاتانەی پۆل پۆل شۆڕەلاوانی بەرەو ئاوەدانی دێناوە. جامانە بۆ ئەو هەم بەرماڵ بوو، هەم کۆڵوانە. ڕەمز بوو، یادگاری و سیمای لاوێکی بەهەیبەتی زەنگاڵ لەپێ، قەنناس لەشان کە بە دووربینەکەی لە دووڕڕا دۆست و نەیاری لێ دیار بوو، ئای ڕۆژگاری بێوەفا.

ئەو ڕۆژە درەنگتر لە ڕۆژانی ڕابردوو سەری لە کۆڵان هەڵێنا. پێی سەیر بوو چۆنە ئەوڕۆ نەنەزێنەب و ئامینەشووشەی دەستەخوشکی هەواڵیان نییە هەتا پێکەوە پشوویەک بدەن و شەنوکەوی بیرەوەرییەکانیان بکەن، بەشکم ئەوندە بێتاقەت و وەڕەز نەبن و هێندێک خەمی دڵیان لادەن و سووکبارتر ببن. ئاخر ژن بێتوو بەردەوام لە ماڵەوە بێ ماڵی لێ دەبێتە قەفەز و نۆستالێژی و ڕابردووی دەبنە بەشێک لە باس و پرسیارەکانی ڕۆژانەیان. بۆیە ژن دەبێ هەمیشە لە مەیدان بێ، یا لانیکەم لە ماڵەوە جڵەوی هەموو شتێکی لەدەستدا بێت بۆ ئەوەی هەستی سەربەستیی لێ زەوت نەبێ.

دەمەوعەسرە. بڕیاری دا سەرێک لە هاوسێکانی هەڵێنێ. جامانەکەی بەسەردا دا. کوڕەکەی لە ئامێز گرت و پێی نایە کۆڵان. هەستی بە بێدەنگییەکی نائاسایی کرد، سەیرێکی کۆڵانەکەی کرد، ژنەکان لە دەووری یەک کۆزیلکەیان داوە. وادیارە لە مێژە چاوەڕێی دەکەن، بەڵام هیچیان دڵیان نەدەهات بابەتەکەی لەلا بدرکێنن. هیچی لێ ڕوون نەبوو. لێیان نزیک بۆوە و سڵاوی کرد. وەڵامیان داوە. نەنە زێنەب و پوورە مەحبووب و ئامینەشووشەی دەستەخوشکی کە چاویان پێکەوت بێدەنگ بوون. ڕووی خۆیان لێ وەرسووراند هەتا چاوەکانیان هیچ نەدرکێنێ. کوڕەکەی هەر لە ئامێز دابوو، دادە خەدیج بە ئاماژەی چاو جێی نیشان دا هەتا دانیشێ.

گوتی چی ڕووی داوە؟ داڵغەتان لەچی داوە وا بێدەنگن؟ ژنەکان هەستانە سەر پێ. تەمی خەم لە ڕووخساری هەمووان نیشتبوو، ڕەنگیان هەڵبزرکابوو، سارد و بێدەنگ. دادە خەجیج چاوێکی لە نیگا پڕ لە پرسیارەکانی کرد. زەینی دایە کەزیە و پەنجە ڕەنگ خورماییەکانی. دەستی بەسەر کوڕەکەیدا هێنا، بەڵام لە ناخەوە دەکوڵی. گریانێکی خەست ئەوکی گرتبوو. کوتی فاتمۆکێ هیچ دەزانی تازە کەزیە و پەنجەکانت ڕەنگی خەنە لەخۆ ناگرن و بەردەوام کاڵ دەبنەوە؟ ئیدی بۆنی گوڵ و ڕیحانە ومێخەک واز لە بەرۆک و کۆڵوانەت دێنن؟ فاتمۆکێ لەوڕۆ بەدوا کیژانی کورد جامانە دەکەن بە کۆڵوانە و لەچکەی سەریان... پوورە مەحبووب وەک هەمیشە ئەو شێعری گوت:

**"تۆ وەکوو سروەی بەیانانی بەهاری**
**تۆ لە لەشما گیانی سووکی نادیاری**
**بۆ شەوی خۆشی و نەخۆشیم یادگاری**
**ڕەمزی ئینتزاری"**

فاتم سەری سووڕمابوو. ڕاچەنی. گوتی بۆ وا دەکەن؟ بۆ بە نیگا و ئاماژەی چاوەکانتان شێتم دەکەن، چی ڕووی داوە و بۆ بێدەنگن؟ دەپێم بڵێن؟

نەنە زێنەب گوتی بڵێی خۆ لەبەر هەواڵی ئەم کۆستە بگری کچەکەم؟ ڕوح دەردەبەی؟ ئاخر هەموومان شارەزای هەستی تۆ هەین.

بێدەنگی باڵی بەسەر کێشابوون. ئەسرین لە چاوەکانیاندا شەپۆلی دەدا، لێوەکانیان دەلەرزین. پوورە مەحبووب ئاخێکی هەڵکێشا و بە دڵپڕییەوە گوتی هەواڵی کۆستێکی گەورەتر لە پیری داسنیان و مەرگی لاس و فەرهادە. هەتیو کەوتین. چارەنووسمان گۆڕا. ڕێی هەورازمان لێ هەورازتر دوور کەوتەوە. دیسان کۆچی سوورە چەمەرایە.

فاتم گوتی ناوا مەڵێن، تۆخوا با هەر قاسملوو نەبێ. هەرکەسی دی دەبێ لەم دونیایە دەستبەرداری بۆنی گوڵ و ڕێحانە و مۆسیقا نابم، ناهێڵم پەنجەکانم کاڵ ببنەوە. هەموو لە بانگیان دا. فاتم لەوە زیاتر خۆی لەسەرپێ ڕانەگرت. ئەژنۆکانی کەوتە لەرزین ونوشتانەوە. کورەکەی لە ئامێز کەوتە زەوی.

مخابن دیسان خەیانەت، خوێن هەر خوێن. مێژوو ئەوەی سەلماندوە. ژنەکان کوڕەکەیان لەسەر زەوی هەڵگرتەوە. خوینی سەروچاویان شووشتەوە. بەڵام لەو ساڵەوە، لەو پووشپەڕە شوومەوە ئاهێکی وەک گڕکان لە ناخیدا هەر دایسێ.

هەتا دێ کەزیەکانی بەفریان لێ دەبارێ و پەنجەکانی کاڵ و کاڵتر دەبنەوە، بەڵام ئەوەی لەبیر ناچی و خامۆش نابێ کە گڕی تۆڵە، چێژی سەربەستی و توولەڕێی گردەکەی ئاوایی و کاروانی پێشمەرگە و سروود وجامانە و وتەکانی قاسملووە، کە دەیفەرموو گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا... خەبات بەبێ بەختکردنی ڕۆڵە بەنرخەکانی سەر ناکەوێ... .

# خەسارناسی

ئەحمەد قادری

لە قۆناغێکی هەستیارا
لە ژێر بەرداشی ڕۆژگارا
لەنێو تەوژمی ئاستەنگا
لە گۆمێکی قووڵ و مەنگا
لە چارەنووسی نادیارا
لە قوڕگی هەژدیها و مارا
ئەو کاتەی دوژمنی بەدفەڕ
خافڵ نەبوو لە فێڵ و گەڕ
پەتای کۆنی لێکدابڕان
بێباوەڕی و لێکترازان
قینەبەری و لێکتووڕەبوون
لە یەک سووربوونەوە و هەڵچوون
وەکوو زیڵووی تینوو بە خوێن
دژی سوڵح و ئاشتی تەڕێن
دیسان سەری هەڵدایەوە
کۆنە ناسۆر کولایەوە
شەوەی شەوی ئەنگوستەچاو
گرتی قورگی کۆرپەی هەتاو
کەوتینەوە ڕۆژێکی ڕەش
حیزبەکەمان بوو بە دوو بەش
ئەو ڕووداوە زیانبارە
ئەو ڕەوتە چەوت و لاسارە
ئەو لەتبوون و ترازانە
ئەو پێکەوە نەسازانە
تیر بوو درا لە جەرگی کورد
جەستەی حیزبی بریندار کرد
بێمتمانەیی و لاساری
دڕدۆنگیی هێنا بەدیاری
کاسەی سەبری کرد سەرەوبن
ئاوی کردە ئاشی دژمن
ناسۆری کۆنی دەردە کورد
ڕێگای ڕاستی بۆ هەڵدێر برد
نەیاری کوردی کرد خەنی
بەکرەشۆفار پێی پێکەنی

کەمی مابوو خەباتی گەل
نسکۆ بەرێ و نەگاتە کەل
***
بەڵام ئەزموونی ڕابردوو
تێپەڕینی خولی مێژوو
چەندین بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون
خەسارناسی و لێکحاڵیبوون
دەرسێکی لە نوێی فێر کردین
بەرەو هەموارە ڕێی بردین
ئەو ئەزموون و دەرس و وانە
پێی گوتین: ڕۆژی تەنگانە
کورد هەر یەکە و نابێ بە دوو
نابێ بە خۆی خۆش کا عەدوو
ئەو پەندەم هاتەوە بەرچاو
خوێن هەر خوێنە و نابێ بە ئاو
وتەی بەرزی پێشینانە
برا نابێ بە بێگانە
سەرکەوتن هەر بە یەکبوونە
دوژمن لە ئاستی زەبوونە
ڕێ چارە هەر یەکگرتنە
یەکیەتی هۆی سەرکەوتنە
ئەگەر یەک بین و یەک گرین
وەک یەک بژین، وێکرا بمرین
قەت نابەزین و نانەوین
دڵنیا بن سەردەکەوین
***
ئێستا جێگای شانازییە
سەربەرزی و سەرفیرازییە
بە هەوڵی دڵسۆزانی گەل
تریفەی دا ئەستێرەی کەل
دووبەرەکی لە گۆڕ نرا
هەموومان بووینەوە برا
بەختی کوردان هەستایەوە
مێژووی لە نوێ نووسرایەوە

بۆ یەک ئامانج و یەک هەدەف
هەموو ڕاوەستاوین بە سەف
بە تێڕوانین لە ڕابردوو
بەوەی فێری کردین مێژوو
ئەوەی بۆ کورد بە پەرۆشە
ئەوەی هاودەنگیی پێخۆشە
بەپێی پەیمان و یەک بەڵێن
بە یەک زار و زمان دەڵێن:
بژی سەر لە حاندا یەکی
بە نەحلەت بێ دووبەرەکی
***
بەو هەڵوێستە دڵسۆزانە
بەو ڕەوتە ئاشتیخوازانە
کەژ و کێو دەنگی دایەوە
هیوای گەلم بووژایەوە
دڵسۆزی کورد پێی بوو خەنی
دوژمن لە ئاستی ڕاچەنی
ئەژنۆی شکا و نێوکی کەوت
هومێد بڕا و، بەختی خەوت
بەهرەی نەدا تەون و کری
"ڕیسەکەی بۆوە بە خوری"
***
منیش بە تاسە و سۆزەوە
بە هەستێکی پیرۆزەوە
دەڵێم ئۆخەی گەیمە ئاوات
دوو باڵی حیزبی دێموکرات
بەرانبەر دوژمنی بەدکار
بوونەوە یەک بە یەک وتار
هاتەوە بیرم پەندی پیر
گەیشتە ئەنجام بیری ژیر
"زستان ڕۆیی و گوڕەی برا
ڕووڕەشی بە خەڵووز برا"

کۆیە_قەڵای دێموکرات
ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:829 21 August 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


# بەڕێوەچوونی سمیناری هاوبەشی یادی ٧٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات









هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا و لە دواقۆناغەکانی یەکگرتنەوەدا، سمینارێکی هاوبەشیان بۆ بەڕێزان حەسەن شەرەفی و عومەر باڵەکی پێکهێنا.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری (لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و بەڕێز خالید عەزیزی (سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان) و سەدان کادر و پێشمەرگەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و لە دواقۆناغەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا و بەبۆنەی ٧٧هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبە، سمینارێکی هاوبەش بۆ بەڕیزان کاک حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

سمینارەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دەسپێکی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە بەڕێوەچوونی ئەم سمینارە هاوکاتە لەگەڵ دواقۆناغی یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنی دێموکرات و ئەوەش مزگێنییەکی خۆشە بۆ خەڵکی بەئەمەگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بیری هێنایەوە کە ٢٥ی گەلاوێژ هاوکاتە لەگەڵ دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «ژێکاف» کە سێ ساڵ دواتر حیزبی دێموکراتیش لەو ڕێکەوتەدا دامەزرا و دامەزرێنەرانی ژێکاف هەمان دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات بوون.

ڕێزدار شەرەفی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: «دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئاوات و ویستی خەڵکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەدیهێنا و دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە کە پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی پاشایەتی کە ئەمەش شانازییەکی مەزنە بۆ حیزبی دێموکرات کە لە هیچ کات و سەردەمێکدا سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێکی پاوانخواز نەوی نەکردوە و هەمیشە بە شانازییەوە بەرگری لە مافی ڕەوای گەلەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، وێڕای ئەوەی کە وەکوو ئێستا ڕاگەیاندن بەو شێوەیە بەرفراوان و ئاسان نەبووە بەڵام سەرنجی تەواوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و دوای کۆماری کوردستانیش هەمیشە خاوەنی زۆرترین جەماوەر و لایەنگر بووە، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.»

ناوبراو لە کۆتایی وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی دێموکرات باوەڕی تەواوی بە یەکسانیی ژن و پیاو هەیە و لەو بوارەدا لەسەر هەموو پرەنسیپەکانمان پێداگرین.

دواتر بەڕیز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە بە ئەنجام گەیشتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات، بە ئاماژە بە کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەسەر گەشەی هەست و بیری نەتەوەیی، بابەتێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و گوتی: «گەشەی بیری نەتەوەیی بە پاڵپشتی حیزبی دێموکرات نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە هەر چوارپارچەی کوردستان ڕەنگدانەوەی هەبووە و دامەزراندنی حیزبی دێموکرات پێویستییەکی مێژوویی بوو کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد و لەسەردەمی خۆیدا دامەزراوە و لەو هەلومەرجە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە».

هەروەها بەڕێز باڵەکی لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا باسی لەوە کرد کە: «دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا، بەرپەرچدانەوەیەکی بەهێز بوو بەدژی ئەو ڕێژیمە و حیزبی دێموکرات بۆ پەرەپێدانی بیری شوناسخوازی نەتەوەیی کەوتە دروستکردنی هیما نەتەوایەتییەکانی وەک ئاڵا، سروودی نیشتمانی، سپای میللی، بەڕەسمیدانانی زمانی کوردی، جێژنی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا دروستکردنی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە هەر چوارپارچەی کوردستان و دروست کردنی بەستێنی ئاشتەوایی نێوان عەشیرە کوردەکاندا».

ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستاش دوای ٧٧ساڵ، گوتاری حیزبی دێموکرات پێداگری لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەڕمەند بوون بە چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی کورد، پاریزگاری لە سەروەرییە نیشتمانییەکان و هاندانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کلتور وفەرهەنگی نەتەوەیی دەکا.

شایانی باسە کە سمینارەکە بە شادی و خۆشحاڵیی بەشداربووان بەبۆنەی گەیشتن بە دواقۆناغەکانی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتەوە کۆتایی پێهات.

## بەر لە ماڵاوایی

# گەلاوێژێک بە تامی بەهار!



ناسر باباخانی

هیچ شتێک لە «خەمۆکیی سیاسی» بۆ نەتەوەیەکی بندەست کوشندەتر نییە، چون خەمۆکی سیاسی کە بەرهەمی نەبوونی هیوا بە دواڕۆژە، خەونکوژە. کە خەون و خولیاش نەما، ئیتر وردەوردە و بەئەسپایی، نەتەوەش دەمرێ!

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشتر لە چەند قۆناغێکدا بە جۆرێ تووشی ئەم خەمۆکییە بووە، بەڵام بە هۆی خاڵگۆڕانێک لەم قۆناغانەدا، ئاماڵڕۆنێسانسێکی ناسنامەخوازانەی لە ژیانی سیاسی خۆیدا بەخۆوە بینیوە کە دواجار لەم ئازارە کوشندەیە ڕزگاری کردوە.

لە ڕاستیدا خەمۆکی سیاسی جۆرێ لە ئەتۆمیزاسیۆنی لێ دەکەوێتەوە کە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەتۆمیزاسیۆن بریتییە لە شکاندن و وردکردنەوەی هەر چەشنە ماددەیەک بۆ پاژە پێکهێنەرەکانی واتە ئەتۆم، وەک بچووکترین یەکەی پێکهێنەری ماددە کە بە شێوەیەکی جیا و ڕەها دێ و دەچێ. جین شارپ دەستەواژەی ئەتۆمیزە دەگوازێتەوە بۆ واقیعی هەندێ کۆمەڵگەی جیهانی سێهەم. بە تەعبیری شارپ خەڵکی ئەم وڵاتانە، چەشنێ ئەتۆمیزەیان پێوەدیارە، واتە لەتوپەت کراون، بە جۆرێ کە توانایی هاریکارییەکی ئەوتۆیان بۆ مەبەستێکی هاوبەش نییە. ئاکامی ئەم ئەتۆمیزاسیۆنە دەبێتە هۆی لاوازیی خەڵک و دواجار هیوا و هەستی متمانەبەخۆبوون و هێز و وزەی خۆڕاگرییان لەنێو دەچێ. ڕێک دەکرێ ئەم ئەتۆمیزەبوونە لەنێو حیزبە سیاسییەکانیشدا بەدی بکەین.

ڕەنگە سازبوونی کۆماری کوردستان تەنانەت بەر لەویش واتە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، خەباتی چەکداری ساڵانی ٤٧-٤٦ی هەتاوی و سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە گرینگترین قۆناغەکانی ئەم ئاماڵڕۆنێسانسانە بن، کە بوون بە هۆی ڕەوینەوەی خەمۆکی سیاسی و ئەتۆمیزەبوون لە قۆناغێکی زەمەنی تایبەتدا! بۆیە دەڵێم ڕۆنێسانس چون کارتێکەری و شوێندانەری ئەم ڕووداوانە جگە لە سەردەمی خۆیان تا هەنووکە بە شێوەیەکی بەربڵاو، لە ئاستی تیۆریک و فکری و تەنانەت مەیدانیش‌دا هەر بەردەوامە. نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە پارچەکانی تریش! دیارە بێ هیچ شک و گومانێک شانازی ئەم دەسکەوتانەش تەنیاوتەنیا بە بەژنی حیزبی دێموکرات دەبڕدرێ.

حەفتاوحەوت ساڵ کە ئەگەر سێ ساڵەکەی ژێکافیشی - بەحەق - لێ زیاد کەین، هەشتا ساڵ بە سەر تەمەنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، حیزبێک کە تا ئێستاش هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسییتر لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی دووپات کاتەوە، کە بێگومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان (وەک سەرەتای قۆناغی دەوڵەت – نەتەوە) بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی نەتەوەیی کە سەرجەم کلیل‌وشەکانی پێناسەیەک بوون بۆ ئەو ناسنامەیەی کە تا ئاستی لەبیرچوونەوە لایکەم لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا ون ببوو. کلیل‌وشەکانی ئەم گوتارە بریتی بوون لە: پێشمەرگە، پێشەوا، شەهید، ئاڵا، سەربەخۆیی، ئیستقلال، کۆمار و... ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری بەشەکانی تردا زاڵ و دیارە.

جگە لەم دەسکەوتانەی کە وەک ڕۆنێسانس باسم لێوەکردن، بە دڵنیاییشەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە. لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە، تا سەرکوتی بێبەزەییانەی جووڵانەوەی ساڵانی ٤٧-٤٦ و دابڕان و لەتبوون و شەهیدبوونی سەرکردە کاریزماکانی و هەروەها دۆخی خەمۆکی سیاسی داسەپاوی ئێستا.

بەڵام بەدەر لەم کارەساتانەی بەسەری هاتووە و بەدەر لەم دەسکەوتانەی وە چنگی خستوە، حیزبی دێموکرات «بەرپرس‌ترین» حیزبی مێژووی نەتەوەی کوردە. ئەم هەست بە بەرپرسیارییەت و مەسئوولییەتە بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین «سەرمایەی کۆمەڵایەتی» لەلای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ساز کردوە. خۆ ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بێوێنەیەی لەلای خەڵکی ڕۆژهەڵات نەبوایە و پاڵپشتیی ئەم گەلە نەبوایە، دەمێک ساڵ بوو تێداچووبوو. پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا جگە لە ڕەهەندە ڕزگاریخوازییەکەی وەک بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک، سۆز و عاتیفەیەکی کەموێنەی پێوەدیارە کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی چیرۆک و ئەفسانە دەدا و ئەمە بۆتە ڕەمزی هەرمانی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵ و زەینی خەڵکی کوردستاندا.

بەڵام کە بێینە حاڵی حازر، لە ڕاستیدا ئەم حیزبە ئێستا لە هەر دوو ڕەهەندی فکری و ڕێکخراوەییدا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. هەم لە ڕوانگەی گوتارییەوە هەم لە سۆنگەی دامەزراوەییەوە، بەتایبەتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە دەیەی ٨٠ی زایینی، ئەم قەیرانانە زیاتر خۆیان دەرخستوە. بەڵام ئەوەی هیوابەخشە دوو پتانسییەلی گەورەی نێوخۆی حیزب و نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕزگار بوونی لەم قەیرانانە.

یەکەمیان بریتییە لە توانایی و پتانسییەلی نێوخۆی حیزب بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تایبەتی بۆ چارەگەسەدەی ڕابردوو. وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: «پێشەنگیی و ئاوەڵناوی شۆڕشگێڕیی حیزبێکی سیاسی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە چۆناوچۆن بۆ هەڵەکانی ڕابردووی دەڕوانێ، حیزبێکی شۆڕشگێڕ نابێ ترسی ئەوەی هەبێ کە بە کوتنی هەڵەکانی دوژمن پێی شاد دەبێ یان لە ڕادەی باوەڕپێکراوییەکەی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانە دان بە هەڵەنان و ڕاست کردنەوەیان باوەڕپێکراوی حیزب لەنێو خەڵکدا دەباتە سەر و «جیددی» بوون و «بەرپرس» بوونی حیزب نیشان دەدا. ئەمە ڕێک ئەو پنتەیە کە دەبێ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات زیاترین نرخ و بەهای پێ بدا کە ئەگەر بێتوو ڕەخنە وەک دیاردەیەکی ئاسایی سەیر نەکرێ و چەمکی وێکهەڵکردن بەتەواوی نەچسپێ، ئەگەری چەندپات بوونەوەی ئەزموونە تاڵەکان هەر هەیە.

دووەم وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ئەم پێگە قورس و قایمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی حیزبی دێموکراتە کە لە نێوخۆی کوردستاندا هەیەتی. بۆ نموونە لە دوایین دابڕانی ئەم حیزبەدا، خەڵکی کوردستان نە سەلماندی و نە پێمل بوو بەم لێکترازانە، هەربۆیە بەڕاشکاوی جۆرێ لە خەمۆکی سیاسی و ئەتۆمیزەبوونی خەڵک وەبەر چاو دەهات چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە. هەرچەند سەرەڕای ئەم دۆخەش گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات لە زۆر بواراندا چالاک و پێشەنگ بوو و تەنانەت بۆ پشتگیری لە حیزب، حەماسەی ٢١ی خەرمانان دەخولقێنن، بەڵام گوشارەکانی خەڵک بۆ سەر هەر دوو باڵی حیزب سەلمێنەری ئەم ڕاستییە بوو کە ڕۆژهەڵات دوو دێموکراتی نەدەویست و ناوێ!

حیزبی دێموکرات بە هۆی ئەم پتانسییەلە ناخداهەڵگرانەی کە هەیەتی و بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەی ئەم جارەیان بە مەرەدی یەکگرتنەوەکانی پێشوو نەچێ، دەبێ ڕەخنەگرتن و تەنانەت دەربڕینی ڕای دژواز بکا بە میکانیزمی بەڕێوەبردنی حیزب. دێموکرات تەنیا حیزبی سکرتێر، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە نییە... دێموکرات وەک چۆن لە سەرەتای دامەزرانی، حیزبی تەواوی گەلی کورستان بوو، ئێستاش دەبێ دوکتورینە سەرەکییەکەی ئەوە بێ کە ببێ بە چەترێک بۆ هەمووان و گەورەتر لە حیزبێک خۆی بنوێنێ!

لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە سەرەتای باسەکەم و هیوای ئەوە دەخوازم کە یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات ببێتە سەرەتایەک بۆ کۆتایی و ببێتە ئاماڵڕۆنێسانسێک بۆ سڕینەوەی تەمی خەمۆکی سیاسی و لەنێوبردنی ئەتۆمیزەبوونی کۆمەڵگەی کوردی و بزووتنەوەی نەتەوەیی.